# گوڵان

ڕۆژانی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٤٠٣)- (٣٦)ی شوباتی ٢٠٢٤

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان

# ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکان هەموو پیرۆزییەکانی کوردستان و بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی پێشێل کردووە

لەبری ئەوەی حزبەکان کەلێنەکانی کۆمەڵگە پڕ بکەنەوە، کەلێنی زۆر گەورەیان لە کۆمەڵگەدا دروست کردووە

ململانێی حزبە سیاسییەکان خەریکە سیمای جوانی پێکەوە ژیان لە کوردستان ناشیرین دەکات







# سەردانەکەمان بۆ بەغدا بۆ پێکهێنانی حکوومەت
# ۲۹ی کانوونی دووەمی ۲۰۰٦

۱۰٤

لەسەر داوای هەموو لایەنە عێراقییەکان و پێداگریی ئەمەریکییەکان، ڕۆژی ۲۹ی کانوونی دووەمی ۲۰۰٦ سەردانی بەغدامان کرد و تا ۱٥ی ئازاری ۲۰۰٦ لە بەغدا ماینەوە.
لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژدا زنجیرەیەک کۆبوونەوە و دیداری چڕوپڕ و فراوانی دووقۆڵی و چەندقۆڵیمان لەگەڵ کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان ساز دا سەبارەت بە هەنگاوەکانی چۆنیەتیی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق. دانوستان و گفتوگۆی ورد لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی بە گشتی و دامەزراندنی حکوومەتی عێراق بەتایبەتی بەڕێوە چوون. دیدار و کۆبوونەوەکان پشووبڕ و پڕ لە کێشمەکێش بوون. چونکە هەموو لایەنەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە سەیری بابەت و پۆستەکانیان دەکرد. هەر لایەنێک هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین پلە و پۆست و دەسکەوتی دەدا. بۆیە متمانە لەنێوان لایەنەکاندا زۆر کەم و لاواز بوو. بەڵام لەژێر گوشاری واقیعی بارودۆخی عێراق و ئەمەریکادا هەموو لایەنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە جگە لە پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئتیلافی هیچ ڕێگەچارەیەکیان لە بەردەمدا نییە.
هەروەها سەردانی بەڕێز سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیستانیمان کرد، لە دیدارەکەدا باس لە بارودۆخی گشتی عێراق کرا، لە بەشێکی تری دیدارەکەدا داکۆکی لە پێگیری و پابەندبوون بە دەستوور و لەدەست نەدانی ئەو دەرفەتەکرا کە بۆ عێراقییەکان هاتۆتە پێش.
سەردانەکەمان بۆ بەغدا دەرفەتێکی باش و گونجاوی لە بەردەم ئەو لایەنانەدا ڕەخساند کە ماوەیەکی درێژ بوو لێک دابڕابوون و یەکتریان نەبینیبوو. دوای زنجیرە کۆبوونەوەیەکی زۆر هەموو لایەنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە پێویستە حکوومەتی ئیئتیلافی لەم لایەنانە پێک بهێنرێت: ئیئتیلاف و هاوپەیمانیی کوردستانی و تەوافوق و ئەلعێراقییە.




کتێبی (هەژار کاکۆ هەژاری هەژاران) لە نووسینی (سیروان عوسمان) بە (٢١٦) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە باس لە کەسایەتییەك و ڕۆشنبیرێك و کادیرێکی پێشکەوتووی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە خوالێی خۆشبێت (هەژار کاکۆ)یە.

نووسەری ئەم کتێبە ڕاستگۆیانە هاتووە باس لە ژیاننامە و ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە دەکات، هەوڵی داوە جۆری مێژوو و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کە نووسەر تێیدا ژیاوە، بە تاڵ و شیرین، خۆشی و ناخۆشی، بە هەبوونی و نەبوونییەوە، بەپێی توانای خۆی و دەستنووسەکانی (هەژار کاکۆ) وەك خۆیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازێتەوە، چونکە بە گوتەی خۆی، وا هەست دەکات ئەو سەردەمەی کە ئەوان تێیدا ژیاون کە لە خەباتێکی نەپساوەدا بوون، وەك پێویست گرنگی پێ نەدراوە، نە لەلایەن هاوخەباتگێڕان و نە لەلایەن ڕێکخراوی قوتابیان و حزبیشەوە.

نووسەر باس لە ژیاننامەی هەژار کاکۆ ئەحمەد دەکات کە لە ساڵی **١٩٧٦** لە شاری هەولێر لە دایك بووە، ئەو لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە، لە **١٩٩٣** دوای کۆنگرەی هەشت بۆتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دەشتی هەولێری (ی.ق.ك)، دواتر لە خەباتی ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەردەوام بووە، ئینجا دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، جگە لە پلەبەندییەکانی لە ڕیزی ئەم ڕێکخراوە تێکۆشەرەی قوتابیان، لە خەباتی سیاسیشدا، لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کادیرێکی لەخۆبردوو و لێهاتوو و چالاك بووە، بە جۆرێك کە لە ساڵی **٢٠٠٤** بووەتە کارگێڕی لقی **٢**ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەردەوام بووە لە خەباتی سیاسی تا لە **٢٠٠٩/٥/٢٣** لە تەمەنێکی زۆر کورتدا کۆچی دوایی کرد، سڵاو لە گیانی کادیری پێشکەوتووی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان (هەژار کاکۆ)، دەستی نووسەری ئەم کتێبە (سیروان عوسمان)یش خۆش بێت، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

ڕەواج حاجی:

## ئەولەوییەتمان بە خزمەتکردنی منداڵانی ئازیز داوە کە بە هۆی بوومەلەرزەکانەوە باوکیان لەدەست داوە





## تەون هونەر پیشەیەکی ناوازە



## درۆنێک بۆ هەموو ئەرکێک






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*



سۆلین ئیحسان زاخۆیی :

**بەشێکی زۆری یانەکان پشتگیری کچان ناکەن**

**چۆن جانتاکان بۆ وەرزی زستان ڕێک دەخەیت؟**



**سوودەکانی چای سەوز بۆ دەمو چاو پێش خەوتن**



**بۆچی لە زستاندا زیاتر دەخەوین؟**





ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان

# چواردەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ



رۆژی ٨ی شوباتی ٢٠٢٤ بازنەی گفتوگۆ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، چواردەمین کۆبوونەوەی خۆی بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی بازنەیەکی گفتوگۆ لەسەر یەکێك لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئامادەبوون، چەندین پرس و بابەتی گرینگی ڕۆژ و پرسە هەستیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پرسەکانی تایبەت بە کێشەی خەڵك و خزمەتگوزاری باس کران، کە یەکێك لەو پرسانە دواتر کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، پرسی (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بکرێتە ناونیشانی چواردەمین بازنەی گفتوگۆ.

هۆکاری سەرەکی بۆ بڕیاردانمان لەسەر ئەم پرسە ئەوە بوو، کە لە نێو ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکاندا، هیچ هێڵێکی سوور نابینرێت کە ناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بێت، هیچ هێڵێکی سوور نابینرێت، کە پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت، هیچ هێڵێکی سوور نابینرێت، کە ناوی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان بێت، ئەم ئاراستەیەی حزبە سیاسییەکان کاری حزبیی پێ دەکەن، دەرهاویشتەی زۆر خراپی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەوانە بە ئاشکرا هەوڵی حزبە سیاسییەکان دەبینین بۆ بە ئامانجگرتنی ئەو پێکەوە ژیانە ئاشتییانەی لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ئەم وڵاتەدا هەیە، کە سیمایەکی هێندە جوانە نەك خۆمان وەك گەلی کوردستان، جیهانیش شانازی پێوە دەکات، بەڵام ململانێی حزبە سیاسییەکان وای کردووە، ئەم سیما جوانە نابینن، پەرلەمانیان پەك خستووە و کوردستان لە ناو بۆشاییەکی سیاسیدایە و، لە ناو پەرلەمانی عێراقیشدا ئەم ململانێ حزبییە وای کردووە، کە هەرێم سەنگ و شۆکی نەمێنێت و شۆڤێنییەتی پەرلەمانتارانی عەرەب بە شیعە و سوننەوە، یاری بە قووتی خەڵکی کوردستان دەکەن و حزبەکانی کوردستانیش بێباکانە چاویان نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان نابینێت و، بێجگە لە بەرژەوەندیی تەسکی حزبیی خۆیان، چاویان بەرژەوەندیی باڵای کوردستان و بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان نابینن.

بۆ ئەم گفتوگۆیە کۆبوونەوەکە بڕیاریدا:

١- بۆ ئەم گفتوگۆیە کە ڕۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠٢٤ بەڕێوە دەچێت، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ڤیدیۆیی ئامادە بکات، کە ڕای تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستان و دەستەبژێری کوردستان لە خۆ بگرێت، بۆ ئەوەی پێش ئەنجامدانی گفتۆگەکە بۆ ئامادەبووان نمایش بکرێت و ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و گفتوگۆکە پێکەوە گرێ بدرێتەوە.

٢- کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بۆ ئەم کۆبوونەوەیە نوێنەرانی حزبە سیاسییە جیاوازەکان و دەستەبژێری ڕۆشنبیر بانگهێشت بکرێن.

بۆ ئەم گفتوگۆیە ئەم بەڕێزانە بانگهێشت کران:

- د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
- د.سەباح سوبحی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- د.عومەر نورەدینی، مامۆستای زانکۆ و ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.
- ڕێبوار سیوەیلی مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆشنبیر .
- د.سیروان کەرکووکی، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- هەندرێن ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعیی کوردستان.
- عادل مەلا ساڵح، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی سۆشیال دیموکراتی کوردستان.
- محەمەد سەعدەدین میرخان، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی.
- فەهمی سەلمان، ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار.

- **ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ**

- شڤان حەمدی.
- پ.د.نەزاکەت حسێن.
- مەحفوز مایی.
- د.جەلال ئەحمەد.
- فەرهاد محەمەد.



ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# ململانێی حزبە سیاسییەکان بووەتە نەهامەتی و کارەسات بۆ خەڵک و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان



بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای سیاسەتمەدارانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و دەستەبژێری ئەکادیمیست و ڕووناکبیرانی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ بە هاوکاریی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (قەڵات-هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان) لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان، ڕاپۆرتێکی مەیدانییان ئامادە کردبوو، کە تیایدا چەندین سیاسەتمەدار و دەستەبژێری ئەکادیمیست و ڕووناکیر لەسەر ئەم پرسە هەستیارە (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) لێدوانیان بۆ ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ دابوو.

ئەوەی لەم ڕاپۆرتە مەیدانییەدا بووەتە خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی تەواوی بۆچوونە جیاوازەکان، بە بۆچوونی حزبە سیاسییە جیاوازەکانەوە، ئەوەیە چیتر هەستیاریی ئێستای بارودۆخی هەرێمی کوردستان و باری شڵەژاوی شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بەرگەی ئەم ململانێ ناتەندروستە بێباکانەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ناگرێت و، هەمووان بەتایبەتی حزبە سیاسییەکان، ئەوە ناشارنەوە کە خەڵکی کوردستان بەوانەشی کە ئەندامی حزبە سیاسییەکانن، بە ڕادەیەك تووڕە و بێزارن لەم ململانێیە، کە ڕایەکی گشتی هاتووەتە ئاراوە و دەبێت حزبە سیاسییەکان بەخۆداچوونەوە بکەن و دەستبەرداری ئەم ململانێ سیاسییە ناشیرین و ناتەندروستە ببن.



**زیرەک کەماڵ سیاسەتمەدار و ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان:**

# حزب لە وڵاتی ئێمەدا سەرەتا وەک ئۆپۆزسیۆن دژی حکومەتەکانی عێراق دروست بووە، بۆیە ئێستەش کاتێک لە میدیا قسە دەکەن وەک ئۆپۆزسیۆن قسە دەکەن



**زیرەك کەماڵ، سیاسەتمەداری حزبی شیوعیی کوردستانە و ماوەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەم حزبە بووە، بێجگە لەوەی کوڕی شەهیدێکی قارەمانی کوردستانە، خۆیشی یەکێکە لە تێکۆشەرە دێرینەکان و لە ساڵە سەختەکانی هەشتاکاندا پێشمەرگە بووە و، لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩٢ـەوە هەتا ئێستا یەکێك بووە لەو تێکۆشەرانەی وەك چەپێکی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ واقیع و پێشهاتە سیاسییەکاندا کردووە، لە ڕاپۆرتی مەیدانیی (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە ڕاو بۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

ئێمە باس لە مێژووی دامەزراندنی حزب لە باشووری کوردستان دەکەین، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم حزبی سیاسیی دروست دەبێت و شێوازی خەبات و تێکۆشان لە چوارچێوەی بەرنامە و پەیڕەوی حزبدا کۆ دەکاتەوە و، دواتریش حزب بەردەوام دەبێت لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

حزبی سیاسی وەك چوارچێوەیەك بۆ خەبات و کاری سیاسی، دەبێت بە دیدێکی ڕەخنەییانەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی وەك خۆی دەستنیشان بکەین و قسەی لەسەر بکەین، هەر بۆیە حزب لە ڕووە ئەرێنییەکەیەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە مقاوەمەت و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا هەبووە و شۆڕشی هەڵگیرساندووە و شەڕی لەگەڵ هەموو ڕژێمە یەك لە دواییەکانی عێراق کردووە، هەر لەسەردەمی پادشایەتییەوە تا دەگاتە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بێگومان ئەمە ڕووە ئەرێنییەکەتی، هەموو نیشتمانپەروەرێکیش شانازی بەو مقاوەمەت و بەرخۆدانەوە دەکات، بەڵام حزب لەسەر ئاستی قۆناغەکانی خەباتی شاخ و دواتریش لە قۆناغی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنی زۆر نەرێنیی هەبووە و ناکرێت چاویان لێ بپۆشین.

بەداخەوە لە سەردەمی قۆناغی خەباتی شاخدا حزب نەیتوانی بە شێوەیەکی مەدەنی و نیشتمانییانە مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکانی دەرەوەی خۆیدا بکات، ئاشکرایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تەنیا یەك حزب ڕابەرایەتیی نەکردووە، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە، بزووتنەوەیەك بووە فرەباڵ بووە و چەندین حزبی سیاسیی تێدا بووە، ئەم حزبانە نەیانتوانی بە شێوازێکی مەدەنی و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستاندا مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن، لە هەندێك لە قۆناغە زۆر هەستیارەکانی ئەم نەتەوەیەدا تووشی پێکدادان و شەڕی شوومی ناوخۆ بوون و بە ڕێگەی توندوتیژی و یەکترکوشتن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتری کردووە و، ململانێکان هێندە سەخت بوون، زۆر جار تەقیونەتەوە و کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژیی لێ کەوتووەتەوە.

دووبارە بەداخەوە لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەمانی

بەرەی کوردستان، دیسان حزبە سیاسییەکان نەیانتوانی بە شێوازێکی مەدەنی و دیموکراتی و نیشتمانییانە لەگەڵ یەك مامەڵە بکەن، جیا لەو دەستتێوەردانانەی حزب لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگە و کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، بە شێوەیەکی زۆر خراپتر لە سەردەمی شاخ جارێکی دیکە ململانێکان زۆر بە سەختی تەقینەوە و چەندین شەڕی ناوخۆی دیکەی بەدوای خۆیدا هینا، کە خوێناویتریان شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کە بێجگەلە هەزاران گەنج و هاووڵاتی ئەم نیشتمانە بە دەستی یەکتری کوژران، بە سەدان هەزار خێزانیش لە هەردوولا ئاوارە بوون و تا ئێستاش ئاسەوارەکەی هەر بەردەوامە.

لە دوای نەمانی شەڕی شوومی ناوخۆش، حزب جارێکی دیکە نەیتوانی بە شێوەیەکی مەدەنی و دیموکراتییانە وەك کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی پیادەی ئەرك و ڕۆڵی گرنگی حزب بکات، بە جارێك دەستی خستە ناو ورد و درشتی کۆمەڵگە و کۆی کایەی حوکمڕانی، کە ڕووە جوانەکانی هەموو شتێکی شاردووەتەوە، کە من لێرەدا ئاماژە بەو دوو بەربەستە گرنگە دەکەم، کە حزبی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانیی ئەم وڵاتە دروستی کردووە:

١- دامەزراندنی خەڵك و پڕکردنەوەی پۆستەکانی حوکمڕانی بە ڕێگەی تەزکیە و پشتگیریی حزب، کە ئەمە کۆی کایەکانی پرۆسەی حوکمڕانیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیش گرتووەتەوە.

حزب پلە و پۆستەکانی حوکمڕانیی کردووەتە پاداشت بۆ کادر و ئەندامەکانی و لە دەرەوەی حزب چاوی هیچ کەفائەت و پسپۆڕییەك نابینێت، کە دەتوانن خزمەتێکی زۆر گەورە بە بەرژەوەندیی گشتی و پەرەپێدانی پرۆسەی حوکمڕانی بکەن، هەربۆیە بە ڕێگەی پشتگیریکردن و تەزکیەی حزبی ئەو پلە و پۆستانە هەر لە وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکان و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، تا دەگاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك حزبەکان پڕی دەکەنەوە، سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان و تەنانەت هەتا دەگاتە دادگاکانیش حزب دەستتێوەردانی تێدا دەکات و حزب ئەندامەکانیان دیاری دەکات. ئەم تەزکیەی حزبییە بووەتە مۆرانەیەکی زۆر خراپ لەناو پرۆسەی حوکمڕانی داخوڕانی تێدا دروست کردووە و تووشی سڕبوونێکی ئەوتۆی کردووە، کە ناتوانیت بە باشی بجوولێت و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکەن.

٢- ئەو ململانێ خراپەی ئێستا لە کوردستان هەیە، حزبی خستووەتە ناو قەیرانێکی سیاسی و فیکریی ئەوتۆ کە ئێستا کەوتووەتە ناو قەیرانی کاری ڕێکخراوەیی حزبی.

حزب لە کوردستاندا مودیلی حزبۆکراتی هێناوەتە ئاراوە، بەشێکی ئەم حزبۆکراتییە پەیوەندیی بە هۆشیاریی کۆمەڵگەوە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرکردە و کادر و ئەندامانی ئەو حزبانەش لەو کۆمەڵگەیەوە هاتوون و پەروەردەی ئەو کۆمەڵگەیەن، بەشێکی دیکەی ئەم قەیرانە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە حزب لە وڵاتی ئێمەدا سەرەتا وەك ئۆپۆزسیون دژی ڕەفتاری حکومەتەکانی عێراق دروست بووە، بۆیە ئەو حزبە سیاسییانەشی لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەماندا بەشدارن، هەر لە پەرلەمانتارێك و وەزیرێکەوە تا دەگاتە بەڕێوەبەری ناحییەك کاتێك لە میدیا قسە دەکەن، وەك ئۆپۆزسیون قسە دەکەن، بەشێکی دیکەش پەیوەندی بە سیستمی حزبی وڵاتی ئێمەوە هەیە، هیچ حزبێکی سیاسی پابەندە نییە بەو (پەیڕەو و پرۆگرامەی) کە خۆی بۆ حزبەکەی خۆی دایڕشتووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەوتی حزبایەتی لە کوردستان دروست بکات.

لە دوماهیدا دەمەوێت بە چەند خاڵێك ئاماژە بە چەند پێشنیارێك بکەم:

١- حزبی سیاسی دەبێت پابەندی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە بێت کە مۆڵەتی حزبایەتی پێ وەرگرتووە، نەك بە میزاجی ئەم و ئەو.

٢- دەبێت حزبە سیاسییەکان لەسەر بەرنامەیەك ڕێك بکەون، بەتایبەتی لەو کاتانەی هاوپەیمانی دەکەن بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی تازەی حکومەت، کە دوای پێکهینانی حکومەت چیتر دەستتێوەردان لە کاروباری حکومەت نەکەن، واز لە حکومەت بهێنن، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات کە هەر حزبەکان خۆیان لەسەری ڕێك کەوتوون.

**حزب لەسەر ئاستی قۆناغەکانی خەباتی شاخ و دواتریش لە قۆناغی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنی زۆر نەرێنیی هەبووە و ناکرێت چاویان لێ بپۆشین**

**بەداخەوە لە سەردەمی قۆناغی خەباتی شاخدا حزب نەیتوانی بە شێوەیەکی مەدەنی و نیشتمانییانە مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکانی دەرووەی خۆیدا بکات**

**لە دوای نەمانی شەڕی شوومی ناوخۆش، حزب جارێکی دیکە نەیتوانی بە شێوەیەکی مەدەنی و دیموکراتییانە وەك کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی پیادەی ئەرك و ڕۆڵی گرنگی حزب بکات**

**هیچ حزبێکی سیاسی پابەندە نییە بەو (پەیڕەو و پرۆگرامەی) کە خۆی بۆ حزبەکەی خۆی دایڕشتووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەوتی حزبایەتی لە کوردستان دروست بکات**



پ.د.عوسمان عەلی سەرۆکی ڕێکخراوی تاسک بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی:

# لەم هەرێمەی ئێمەدا تێنەگەیشتن لە سیستمی حزبی و سیستمی دیموکراتی دوو هۆکاری کوشندەن



**پ.د.عوسمان عەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی تاسك بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و پسپۆڕ لە پەیوەندییەکانی دەرەوە، بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی پێ ڕاگەیاندین.**

سیستمی تەسکی حزبایەتی و تێنەگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردن لە ناو سیستمی دیموکراتی و فرەحزبیدا، زەرەرێکی گەورەی بە پرسی نەتەوەیی کورد گەیاندووە، دەتوانم بڵێم: لەم هەرێمەی ئێمەدا چەند هۆکارێکی کوشندە هەن، کە من تێنەگەیشتن لە سیستمی حزبی و تێنەگەیشتن لە سیستمی دیموکراتی بە دوو هۆکاری کوشندە دەزانم.

لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمە سەرەتای ئەزموونێکی دیموکراتی بوو لە هەرێمی کوردستان، هیوای ئێمە و خەڵکی کوردستانیش ئەوە بوو، کە حزبەکان ببنە ئامێرێك بۆ بەڕێوەبردنی جیاوازییەکان لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، لایەنە ئەرێنییەکەی خەباتی شاخ دووبارە بکەنەوە کە خەبات و مقاوەمەت بوو دژی ڕژێمی بەعس، نەك لایەنە نەرێنییەکە دووبارە بکەنەوە کە چەندین شەڕی شوومی ناوخۆی لێ کەوتەوە و زیانێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دا.

حزبەکانی کوردستان وەك زۆربەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هزری فرەحزبی تێنەگەیشتوون، بەشێك لەو حزبانە بیروباوەڕیان بیروباوەڕێکی تۆتالیتارییانە بوو، بەرانبەری ڕەت دەکردەوە و قبووڵی نەدەکرد، زیاتر پەیڕەوی فیکری مارکسیی لینینیان دەکرد و، لە ناو ئەم فیکرەشدا پێیان وابوو فرەحزبی فیکرێکی بۆرجوازییانەیە و ڕەت دەکرایەوە، بۆیە بواری یەکتر قبووڵکردن نەبوو. مارکسییەکان بڕوایان بەوجۆرە بوو کە یەك حزب هەیە، ئەویش حزبی دایکە، هەروەها یەك سەرکردە هەیە ئەو یش سەرۆکی حزبە.

هۆکارێکی دیکەی نەخۆشیی سیستمی حزبی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە عێراقدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یەك حزب هەبووە، ئەویش حزبی بەعس بووە و یەك سەرکردە هەبووە، خەڵکیش دەیانگوت دەبێت هەر وابێت، ئەمەش ئەو ئەزموونە تاڵەی بەسەر هەموو عێراقییەکاندا هێنا، کە تا ئێستاش بەدەست دەرهاویشتە خراپەکانیەوە دەناڵێنین.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠ی عێراقدا ئەوە هاتووە کە دەبێت حزبی سیاسی هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تێگەیشتن بۆ سیستمی حزبی و فرەحزبی نییە، ئەوا چۆن سیستمە حزبییەکەی هەرێمی کوردستان نەخۆشە لە عێراقیش بە هەمان شێوەیە.

لێرەوە با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: دەرهاویشتە خراپەکانی تێنەگەیشتن لە سیستمی حزبی و دیموکراسی لەسەر کۆمەڵگە چی

دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستانە، دەرەنجامی بیرکردنەوەی تەسکی حزبی ئەوەیە ئێستا لەکوردستان چەند زۆنێکمان هەیە، ئەوە زۆنی زەرد و سەوز کە بە حیساب حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێك هێناوە، بەڵام زۆنێکی دیکەیشمان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمە، کە ئەویش زۆنی قەندیلە زیاتر لە ٥٠٠ گوندی لەخۆی گرتووە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، وڵات پێویستی بە مەرجەعێکە وەك لە هەندێك وڵاتدا مەرجەعێکی نیشتمانی هەیە، کە ئەویش دەستوورە، یان لە هەندێك وڵاتانی هاوشێوەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی سەرکردەیەك هەبووە لەلایەن هەموو حزبە سیاسییەکانەوە پەسەند کراوە و پابەندبوون پێوەی، دوای ڕزگاربوون و دامەزراندنی دامەزراوەی نیشتمانی هەندێك جار پەرلەمان بووەتە مەرجەع و گرینگیشە پەرلەمان مەرجەع بێت و سەرچاوەی چارەسەری کێشەکان بێت و هەموولایەك بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، لەسەر ئاستی بەشێکی ناوچە جیاجیاکانی جیهان، زۆر جار بنەماڵەیەك بووەتە مەرجەعی نەتەوە و ئەو بنەماڵەیە ڕۆڵێکی ئەرێنیی گێڕاوە، هەر بۆ نموونە بنەماڵەی جەواهیر لال نەهرۆ ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە پێشکەوتنی دیموکراتی گێڕاوە، بە تایبەتی کە دوای کچەکەی (ئەندیرا گاندی) ڕۆڵێکی زۆر باشیان گێڕاوە، لە بەشێك لە دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەورووپاش، سیستمی حزبی و فرەحزبی هەیە، بەڵام بنەماڵەی پادشایەتیش هەیە کە هەموو حزبەکان لە ژێرچەتری پاشایەتیی ئەو بنەماڵەیەدا حزبایەتی و دەوڵەتداریی خۆیان دەکەن. بۆیە بۆ هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە مەرجەعییەتێك هەیە، ئەوجا ئەو مەرجەعییەتە یاسای پارتە سیاسییەکان بێت، کە پەرلەمانی کوردستان یان حزبەکانی کوردستان کۆببنەوە و کۆنتراکتێکی نیشتمانی گرێ بدەن و، لەسەر کەسایەتییەك وەك مەرجەع ڕێك بکەون، لە غیابی ئەم مەرجەعییەتەدا، لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا سیستمی حزبی و فرەحزبی بووەتە کارەساتێکی گەورە.



د.یاسین ئاشوور مامۆستای زانکۆی گەرمیان:

# ململانێی حزبی گورزێکی گەورەی لە دۆزی نەتەوەیی ئێمە داوە و دەستێکی گەورەی دەرەکی لەپشت ئەو ململانێ حزبییەوە هەیە



**د.یاسین ئاشوور، مامۆستای زانکۆیە لە دەڤەری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە زانستە سیاسییەکان، بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و تێڕوانیەکانی لەسەر سیستمی حزبی و فرەحزبی لە کوردستان خستە ڕوو، چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەشی پێ ڕاگەیاندین.**

لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٣ـەوە یاسای حزبە سیاسییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و، ئەم یاسایە وەك چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کاری ڕێکخراوەیی حزبە سیاسییەکان دانراوە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ململانێی حزبە سیاسییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری پیادەیان کردووە، کە سەرەنجام شەڕی شوومی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی لێ کەوتەوە، گورزێکی گەورەی لە سیستمی حزبی و پرۆسەی دیموکراتی و ژیانی خەڵکی کوردستاندا.

کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت (سیستمی حزبی سیاسی و فرەیی حزبی) دەرهاویشتەی کۆمەڵێك دامەزراوەی شەرعیی دەوڵەت نین، بە پێچەوانەوە پەرلەمان و حکومەتەکەمان دەرهاویشتەی



**دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ئێمە پێویستمان بە هەموارکردنەوەی یاسای پارتە سیاسییەکانی کوردستان هەیە**

**ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دووبارە کاراکردنەوەی پەرلەمان پرسێکە کە نابێت حزبە سیاسییەکان چیتر ململانێی لەسەر بکەن**

**گرینگە لە دوای ئەم هەڵبژاردنە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئەوە ڕێک بکەون، کە لە ناو پەرلەماندا کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکەن و پەرلەمان مەرجەعی هەمووان بێت**

ئەو سیستمە حزبییەن کە لە کوردستاندا هەیە.

کاتێك ئێمە حزبی سیاسیمان هەبووە، پەرلەمان و حکومەت نەبووە، ئەم حزبانە لەبەر ڕۆشنایی یاسایەکی دیاریکراو، یان پێدراوی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دروست نەبوون، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە کە حزب دروست بووە، کۆمەڵێك کێشە و ئەشکالییەتی هەبووە و نەیتوانیوە بە شێوەی مەدەنی ڕکەبارییەکی تەندروست لە پرۆسە سیاسییەکەدا بکات، هەر بۆیە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەم کێشە و ئیشکالییەت و دابەشبوونەیان گواستەوە ناو پەرلەمان و حکومەت و لەسەریشی بەردەوام بوون، نەیانهێشت سیستمێکی حزبیی وا دروست بکەن، کە حزب وەك ڕێکخراوێکی مەدەنی جیا بکرێتەوە لە پایەکانی حوکمرانی و، بە شێوەیەك حزب لە ڕێگەی هەڵبژاردن و ناردنی نوێنەرەکانیەوە هاوکاریی حکومەت و کۆی پرۆسەی حوکمرانی بکات.

ئەم ململانێ حزبییە گورزێکی گەورەی لە دۆزی نەتەوەیی ئێمە داوە، لەمەش خراپتر کاتێك وردی دەکەینەوە، دەبینین دەستێکی گەورەی دەرەکیی لە پشت ئەو ململانێ حزبیەوە هەیە، ئەم فورمە حزبییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە و، هەروەها لایەنێکی دیکەی ئەم ململانێیە پەیوەندیی بە ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاووڵاتیانی کوردستانیشەوە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرکردە و کادر و ئەندام و جەماوەری ئەم حزبانە سەرەنجام ئەندامی کۆمەڵگەکەی خۆمانن، هەر بۆیە ئەو فۆرمە خراپەی ئێستای حزبی سیاسی بەرجەستەی واقیعی کۆمەڵایەتیی ئێمەیە.

ئێمە باس لە زیاتر لە سێ دەیە دەکەین، لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا گۆڕانکاریی زۆر گەورە لەسەر ئاستی سیستمی سیاسیی عێراق و کوردستان هاتووەتە ئاراوە، ئێمە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ ـەوە خۆمان حوکمرانیی خۆمان دەکەین، عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ـەوە لە سیستمی دیکتاتۆری و سەنتراڵیی بەعس گۆڕاوە بۆ سیستمێکی فیدراڵی، لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لەسەر هەموو ئاستەکان گۆڕاوە، بۆیە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییانەدا سیستمی حزبی بخوێنینەوە، ئەوا حەتمەن دەبێت سیستمی حزبیی ئێمەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت، بۆیە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ئێمە پێویستمان بە هەموارکردنەوەی یاسای پارتە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، دەبێت دووبارە یاسای حزبەکان بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە، کە توانای ئەوەی هەبێت جارێکی دیکە سەرلەنوێ حزبەکان ڕێك بخاتەوە، هەروەها دەبێت لە هەموارکردنەوەکەدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت و سنووری بۆ هەڵەی حزبە سیاسییەکان دیاری کردبێت، ئەگەر حزبێکی سیاسی هەڵەی کرد، بتوانرێت لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا هەڵەکەی پێ ڕاست بکرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا پێشنیاری من ئەوەیە:

١- ئێمە ئێستا لە ناو بۆشاییەکی یاساییداین، پەرلەمان هەڵوەشاوەتەوە و فەرز بووە کە دەبێت بە زووترین کات هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دووبارە کاراکردنەوەی پەرلەمان پرسێکە کە نابێت حزبە سیاسییەکان چیتر ململانێی لەسەر بکەن.

٢- گرینگە پەرلەمانی داهاتوو ئەولەوییەت بە هەموارکردنەوەی یاسای پارتە سیاسییەکان بدات.

٣- گرینگە لە دوای ئەم هەڵبژاردنە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئەوە ڕێك بکەون، کە لە ناو پەرلەماندا کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکەن و پەرلەمان مەرجەعی هەمووان بێت.

٤- دەبێت حزبەکان شێوازی کاری ڕێکخراوەیی حزبیی خۆیان بگۆڕن و لەکاتی خۆیدا کۆنگرە ببەستن، ئەگەر پێویست بوو مینی کۆنفرانس گرێ بدەن، بە بەردەوامی کۆمەڵێك سەرکردەی گەنج و تازە بێننە پێشەوە بۆ ئەوەی سوود لە توانای زۆرترین دەستەبژێر وەربگرین.

٥- زۆر گرینگە حزبە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، کار لەسەر ئەوە بکەن، کە جوگرافیای کاری حزبییان فراوانتر بکەن، نابێت تاکێك لە گەرمیان هەست بکات پارتی لە گەرمیان ڕۆڵی لاوازە و تاکێکی دیکە هەست بکات یەکێتی لە دهۆك ڕۆڵی لاوازە.

٦- ئەوەی زۆر لێی خەمسارد بووین و خستوومانەتە پشتگوێ پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، بەداخەوە نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان، ئەگەر دەستوورمان هەبوایە دەمانتوانی بەپێی ئەو دەستوورە ململانێی حزبییش ڕێك بخەینەوە.

ئیحسان دۆسکی
بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دهۆک:

# هەموو ئامانجی عێراق ئەوەیە
# کە دەستکەوتەکانی کوردستان لەبار بەرن،
# بەڵام پشتیوان بە خودا قەت ئەو ڕۆژە
# بە چاوی خۆیان نابینن

**ئیحسان دۆسکی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە لە پارێزگای دهۆك، لە ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆی پێ ڕاگەیاندین.**

خەونی میللەتی کورد هەر لە دێرزەمانەوە هەتا ئێستا ئەوە بووە یەکبوون و یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد ببینێت، لەم قۆناغەدا کە گەلی کوردستان توانیویەتی هەندێك دەستکەوت بەدەست بهێنێت و ئەوی دیکەشی ماوە لە داهاتوودا بەدەستی بێنێت، دیسان خەونی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە هەموو حزبەکان یەکدەنگ و یەکڕیز بین.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لەژێر گوشار و هەڕەشەیەکی هەمەلایەندایە بەگشتی و بەتایبەتیش لەژێر هەڕەشە و گوشاری عێراقدایە، کە هەموو ئامانجی بووەتە ئەوەی کە دەستکەوتانەی کوردستان بەدەستی هێناون لەباریان بەرێت، بەڵام پشتیوان بەخوا قەت ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆیان نابینن.

ئێستا دەبینین ڕۆژانە حەشدی شەعبی زیاتر خۆی لە سنوورەکانی کوردستان لای پارێزگای دهۆك نزیك دەکاتەوە، دەشزانین کە هێزەکانی حەشدی شەعبی نییەتی پاکیان لەم خۆنزیککردنەوەیە نییە و، ئامانجی ئەوەیە کورد هەرچی دەستکەوتی بەدەستهێناوە لێی بستێنێتەوە، بۆیە بەپەرۆشەوە دەڵێم: ئێمە لە ئێستا پێویستییەکی زۆرمان بەوە هەیە کە یەکڕەنگ و یەکدەنگ و یەکڕیز بین، لە ئێستا زۆر گرینگە حزبەکانی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان جارێکی دیکە پێکەوە کۆببنەوە و کۆبوونەوەکان بەردەوامیش بن و، دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی حزبەکان بەخۆدا بچنەوە و نەهێڵن ئەو کەموکورتییانەی هەمانە، جارێکی دیکە دووبارە ببنەوە و دەبێت میکانیزمێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی چارەسەری هەڵە و کەموکورتییەکانی پێ بکەن. کێشەی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە لە زۆر حاڵەتدا یەکتری قبووڵ ناکەین و ددان بە بەرانبەردا نانێین و برای خۆمان ڕەت دەکەینەوە، بۆیە کاتێك ئێمە برای خۆمانمان ڕەت کردەوە، ئەوا بێگومان لایەنی دەرەکی ئامادەیە هێرش بکاتە سەرمان و دەستکەوتەکانمان لێ بسەنێتەوە، بۆیە جارێکی دیکە ئەوە دووبارە دەکەمەوە، دەبێت چاو بە خۆماندا بخشێنینەوە، پێکەوە بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکڕەنگی حوکمڕانییەکی باش و ساغڵەمی ئەوتۆ پیادە بکەین، کە خزمەتی خەڵك و نیشتمانی خۆمان بکەین.






د. ماجید خەلیل فەتاح مامۆستای زانکۆی سلێمانی:

# لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە کۆمەڵێک هێزی ئایدیۆلۆژیی پەڕگیر هاتنە نێو مەیدانەکەوە، بەبێ ئەوەی یەک دێڕ خوێندنەوە بۆ سرووشتی کۆمەڵایەتیی کورد بکەن

**د.ماجید خەلیل فەتاح، مامۆستای زانکۆی سلێمانییە، بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دیدو تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی پێ ڕاگەیاندین.**



هەندێك هۆكار هەن كە وادەكەن فرەیی حزبی لە ناو پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابووریی وەكو هەرێمی كوردستاندا، كە ساڵەهای ساڵیشە هێزە داگیركەرەكانی دژی ئێمە بە پلان و بەرنامە كاری لەسەر دەكەن و دەیانەوێت هەموو بزاڤێكی جوانی دیموكراسی بمرێنن، پێكەوەژیان و فرەیی نەهێڵن و زەمینەی لێكتێگەیشتن بە ئاراستەیەكی تاك حزبیی ستالینیدا بەرن.

زانستی سیاسی پێمان دەڵێت: دوو فۆڕم لە فۆڕمی حزبایەتی هاتووەتە نێو نەریتی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتانی پێشكەوتوودا، فۆڕمێك پێمان دەڵێت: فرەیی حزبی لەپێناو كێبڕكێی دیموكراسیدا، وە حزبگەلێك هەن بۆ ئەوەی كێبڕكێ بكەن لە پێناو ڕەخساندنی زەمینەی هەڵبژاردن و زەمینەی دیموكراسی بۆ ئەوەی ببنە پردێك لە نێوان حكومەت و هاووڵاتیدا، بەڵام ئەم كێبڕكێ سیاسییە لە نێوان حزبە فرەكانی وڵاتی ئێمەدا بە ئاراستەیەكدا ڕۆیشتووە، كە لە چەند ڕەهەندێكەوە زیانی بە پرسی نەتەوەیی كورد گەیاندووە.

ئەوجا فۆڕمێكی فرەحزبی ئەوەیە فرەحزبین، یان دوو حزبن، وەكو لە ئەمریكادا كە فۆڕمی كێبڕكێی دوو حزبییە، یان ئەوەیە كە لە بەریتانیادا و لە وڵاتانی دیكەی ئەوروپاش وەكو لە فەرەنسا دەیبینین، زۆرێك لە حزب دەبینین بە ئاراستەی جیاواز و ئایدیۆلۆژیای جیاواز سیاسەت دەكەن، ئێمە ئەم نەریتە فەرەنساییە، یان ئەسكەندەناڤیاییەمان بە جۆرێك لە جۆرەكان وەرگرتووە، بۆ سیاسەتكردن لە وڵاتی خۆماندا، بەڵام ئەوان لە كەلتوورێكی سەدان ساڵەی هەنگاو بە هەنگاوی گەشەسەندنی دیموكراسییەوە گەیشتوون بەوە، بەڵام ئێمە ڕاستەوخۆ و لە دەستپێكی سەدەی بیستەمەوە لە سییەكانەوە دواتر لە چلەكان و پەنجاكان و شەستەكان بوو بە حزبی شۆڕشگێڕ و شۆڕشی هەڵگیرساندووە. ئێمە دەزانین شۆڕشی ئەیلوول كە پارتی دیموكراتی كوردستان ڕابەرایەتیی دەكرد، بە فەلسەفە و فكرێكی ڕاگرتنی هاوسەنگی باری سەرنجی سیاسەتی كۆمەڵگەی ئێمە، بۆ نموونە كۆمەڵگەی ئێمە كۆمەڵگەیەكی فیوداڵییە و میتۆدی ئەم حزبە دەبێت، چۆن ڕێك بخرێت، كە عەقڵییەتێكی یەكجار گەورەی دەوێت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزگەلە بكات، ئەمە بوو بە هۆكارێكی ڕەخنەی گەورە لەسەر ئەم هێزە سیاسییە، وەكو ئەوەی نەزانێت لە دنیای دەرەوە چی دەگوزەرێت. لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە كۆمەڵێك

هێزی ئایدیۆلۆژیی پەڕگیرهاتنە پێشەوە و هاتنە نێو مەیدانەکەوە، بەبێ ئەوەی یەك دێڕ خوێندنەوە بۆ سرووشتی کۆمەڵایەتیی کورد بکەن، ئەم هێزانە لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە هاتوونەتە سەر سفرەی سیاسەتکردن لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بۆیە ناتوانن مامەڵەیەکی تەندروست نە لەگەڵ دیموکراسیدا و نە لەگەڵ پاشخانە کەلتووری و توراسییەکەی وڵاتی ئێمەدا بکەن. ئەم حاڵەتە جێگەی پرسیارە و خەڵکی سیاسییش زۆر باش دەزانن، وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێوە بدەنەوە بۆچی فرەحزبی لە وڵاتی ئێمەدا زیانی هەیە؟

وەڵامە سادەکە ئەوەیە، حزبی کوردی کە دروست بوون، سرووشتی و خۆڕسك نەبوون، دووەم لە پڕێکدا فیکرەکانیان هاوردە کردووە، بۆ نموونە فکرە چەپڕەوییەکان و هێزە ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکان سەرلەبەریان ئیستراد دەکرێن بۆ وڵاتی ئێمە، یان دەبینین فکرە ئیسلامییەکان نازانن مامەڵە لەگەڵ ئایینێکی وەکو ئیسلام بکەن، کە پێش هەموو نەتەوەکان، وڵاتی کوردەواری پێشوازیی لەم ئایینە کردووە، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکان، یان چەپەکان هێزی هاوردە کراون، وەکو چۆن تووده لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا تووشی پەشۆکان و پەراوێزخستن هات، بەم جۆرە دەبینین هێزە چەپەکان نەیانتوانی یەك هەنگاوی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بێننە پێشەوە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وا دەکات کەموکوڕی هەبێت لە ژیانی سیاسیی ئەو فرە حزبییەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، پەیوەندیدارە بەوەی هۆشیاریی هێزە کۆمەڵایەتییەکە نەگەیشتووەتە ئاستێکی دیاریکراو، کە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ بابەتە سیکۆلارییەکاندا بکات. کەواتە لەبەر ئەوە دەرهاویشتەی هزری هاوپەیمانێکین کە باوەڕداری بە سیستمە سیکۆلارییەکان دەیانجوولێنن. ئێمە دەبێت سیستەمێکی سیکۆلاری بۆ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا شوێن پێ بکەینەوە. کاتێك کە دەمانەوێت هەنگاو بۆ ئەم سیکۆلاریشمە بنێین، هێزە ئایینداریەکانمان لێ تاو دەدەن و ناهێڵن هیچ بەند و باڵێك لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکەدا بێتە ئاراوە، دێن کۆمەڵگە کەلتوورییەکەت لێ هان دەدەن، بۆ ئەوەی هەنگاوە سرووشتییەکانت نەچێتە پێشەوە.

ئێمە نامانەوێت بابەتەکە ببەین بە ئاراستەی ئەو هێزە تاریکانەی کە ناهێڵن لە وڵاتی ئێمەدا پێشکەوتن ڕووبدات. دوو جۆر دواکەوتوویی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، یەکەم هێزگەلێك هەن کە لە سایەی دیموکراسیدا تاریکی دەبەخشنەوە، دووەم هێزگەلێك هەن



کە لە ڕووخساردا سۆشیال دیموکرات و پێشکەوتوون کەچی وابەستەن بەهێزە تاریکەکانەوە، هەردووکی ڕێك دەمەوێت لە چوارچێوەیەکدا شوێنی بکرێتەوە، دوو فۆڕمی تاریکی لە وڵاتی ئێمەدا بوونەتەوە تەگەرە لە بەردەم پێشکەوتندا، ئەوانەی کە دەسکەلان بەهێزە تاریکەکانەوە کە هێزە مۆدێرنەکان ناتوانن هەنگاوێك بەرەوپێشەوە بنێن، ئەوانەش کە هەر بۆ خۆیان تاریکن و لە زۆنی ئێمەدا مەلە دەکەن و دیموکراسییان کردووەتە چەترێك و ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیانتوانی یەك کورسی بە هۆی دیموکراسییەوە بهێننە پێشەوە، شەقێك لەو پەیژەیە هەڵدەدەن کە پێی هاتوونەتە سەرەوە، لەبەر ئەوە ئەم ئەلف و بایە تێگەیشتنێکی دەوێت کە دەبێت دەسەڵاتدارانی ئێمە ئاگایان لێی هەبێت.



عیسا سدیق بەرواری کارگێڕی مەڵبەندی کۆمەڵی دادگەری لە دهۆک:

# دەبێت پەند لە ڕابردوو وەربگرین و بزانین پەرتەوازەیی و نەبوونی یەکڕیزی چ کارەساتێکی بەسەر ئێمە هێناوە



عیسا سدیق بەرواری، کارگێڕی مەڵبەندی کۆمەڵی دادگەری لە پارێزگای دهۆك بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئاییندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دیدوتێڕوانینی خۆی و کۆمەڵی دادگەریی کوردستانی پێ ڕاگەیاندین.

پێش هەموو شت چەند خاڵێکی سەرەکی هەیە، پێویستە حزبی کوردی لە بەرچاوی بگرێت، یەکەم: یەکڕیزیی نێوماڵی کورد، کە ئەمە خاڵێکی گەوهەرییە، هەم پێگەی کورد لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات، هەمیش لە دەرەوەی هەرێم.

ڕێبەر ئیسماعیل ئامێدی بەرپرسی مەڵبەندی حزبی شیوعیی کوردستان لە دهۆک:

# داوا لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەین دەستپێشخەرییەکی جددی بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی سەرجەم حزبە سیاسییەکان بکات



ڕێبەر ئیسماعیل ئامێدی، بەرپرسی مەڵبەندنی حزبی شیوعیی کوردستان لە پارێزگای دهۆك، لە ڕاپۆرتی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی پێ ڕاگەیاندین.

لە ڕوانگەی ئێمەوە وەك حزبی شیوعیی کوردستان، پێشتریش دەستپێشخەریمان کردبوو، بەوەی ئێمە بتوانین هەموو حزبەکان دەست بە دیالۆگێکی نیشتمانی بکەین و گەشەی پێ بدەین، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانمان کرد، بە (پارتی

دووەم: پێویستە ئێمە هەموومان لە بەغدا یەکدەنگ بین، لە ئێستا بمانەوێت، یان نەماوێت، عێراق دەوڵەتە و ئێمەش هەتا ئێستا بەشێکین لەو دەوڵەتە و نەبووینە کیانێکی سەربەخۆ و لە عێراق جیا نەبووینەتەوە، بۆیە ئەمە فەرزی دەکات، حزبەکان لە بەغدا یەکدەنگ بن، بۆ ئەوەی بتوانین سەنگی خۆمان ڕابگرین، ناکرێت لەوێ حزبایەتی بکەین، هەر حزبێك بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی سیاسەت بکات، دەبێت پەند لە ڕابردوو وەربگرین و بزانین پەرتەوازەیی و نەبوونی یەکڕیزی چ کارەساتێکی بەسەر ئێمە هێناوە، هەر بۆ نموونە:

١- نەبوونی یەکڕیزی بووە هۆکاری ئەوەی ئێمە ٥١٪ی خاکی کوردستان لەدەست بدەین، بە کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی دیکەشەوە.

٢- هەموو حزبەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، نابێت بەتەنیا ئەو مافە بە خۆیان بدەن کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا نین و حزبی دیکەش هەیە و هەر حزبێکیش بە قەد قەبارە و کورسیی خۆی لە پەرلەماندا نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە هەرێم و لە پەرلەمانی عێراقدا، هەر بۆ نموونە ئێمە وەك کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کورسیمان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقیش هەیە، لەسەر کورسییەکانی خۆمان نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەین.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئێمە هەموومان پێکەوە بەهێزین و پێکەوەش جوانین، کوردستان ئەگەر باخچەیەك بێت بە ڕەنگاوڕەنگیی گوڵەکانی جوانتر دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو باخچەیە یەك ڕەنگ گوڵی تێدا بێت، ئەوە یەك ڕەنگ دەبێت، ئەوجا ڕەنگی ئەو گوڵە هەر ڕەنگ بێت ڕۆح و جوانیی باخچەکە دەکوژێت و یەك ڕەنگ باخچەیەکی جوان پیشان نادات.


و یەکێتی)شەوە. ئەم دەستپێخەرییەمان بە ناو حزبی شیوعی و سێ حزبی چەپی دیکەی کوردستانی پێشکەش کردن، بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە هەستێکی دژوارمان هەیە لەوەی ئەمڕۆ هەڕەشە لەسەر کوردستان هەیە و، مەترسیی هەیە ئەو دەستکەوتانەی بەدەستمان هێناون لە دەستی بدەین.

لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە، ململانێ و بەرژەوەندیی حزبیی تەسك و دەسەڵات، ڕێگر بوون لەوەی ئەم دەستپێشخەرییەی ئێمە سەرکەوتوو بێت، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی لە ئێستادا داوا لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەین، دەستپێشخەرییەکی جددی بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان هەموویان گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەو مەترسییانەی لەلایەن بەغدا و دەوڵەتانی دراوسێ و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بە جددی هەست دەکرێت کوردستان کەوتووەتە ژێر گوشارێکی گەورە، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ هەموو حزبە سیاسییەکان زۆر بە ڕاشکاوانە هەڵوەستە لەسەر ئەو هەڕەشە و مەترسییانە نەکەن و کۆنەبنەوە، ئەوا ناتوانن خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن و ئیرادەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو گوشار و مەترسییانە ببینەوە. بە مەزندەی ئێمە ئەمە بارودۆخەکەیە و بەرەو خراپتریش دەچێت. لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە ژینگەیەکی سیاسیی بەو جۆرە فەراهەم بکرێت کە حزبەکان بتوانن پێکەوە کار بکەن، ئەگەر گوتارێکی سیاسیی یەکگرتوو بونیاد نەنێین، یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان بەهێز نەکەین، ناتوانین بەرانبەر ئەو هێرش و مەترسییانە ڕابوەستین کە چاوەڕوانمان دەکەن.



**عەباس محەمەد عەلی بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی پەیام:**

# چۆن خەباتمان کرد بۆ ئازادی دەبێت خەبات بکەین بونیادنانی سیستمێکی دیموکراتی و دارشتنی یاسایەک کە کاری ڕێکخراوەیی و حزبیی تێدا بکەین



**عەباس محەمەد عەلی، بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی پەیام بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بە دیدێکی ڕەخنەییانەی هاوچەرخ، بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی پێ ڕاگەیاندین،**

بێگومان خاڵی جەوهەری ئەوەیە کە ئەم ململانێ حزبیە ناتەندروستە نەیهێشتووە حوکمڕانێتییەکی ئەرێنی لە هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنرێت، بەداخەوە فۆڕمی حزبی و ململانێی نامەدەنییانە بوونە هۆکاری ئەوەی ئێمە نەگەین بەو خەونەی کە ساڵانێکە خەونی پێوە دەبینین، ئەو خەونەش ئەوەیە کە هەموو ئومێدیان ئەوە بوو خۆمان حوکمڕانیی خۆمان بکەین، خۆمان خزمەتی خۆمان بکەین و دامەزراوەکانی خۆمان بونیاد بنێین و خۆمان لەگەڵ دەوروبەر و ناوچەکە و جیهانیش ڕێك بخەینەوە.

ئەو فۆڕمە حزبییەی ئێستای حزبە سیاسییەکان، هەمان فورمی ٥٠-٦٠ ساڵ پێش ئێستایە و هیچ گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیەکی بەخۆیەوە نەبینیوە، دەتوانم بڵێم ئەو ژینگە سیاسییەی ئێستا حزبایەتی تێدا دەکرێت،هەمان ئەو ژینگە سەربازییە کە ٥٠-٦٠ ساڵ پێش ئێستا حزبە سیاسییەکان لە شاخ هەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، ئەو گوتارەی شاخ گواستراوەتەوە بۆ حزبایەتی ئێستای شارەکان و دەیان ساڵە حزبایەتیی پێوە دەکرێت، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی بڵێین حزبەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو ژینگەیەکی دیموکراتی و بۆ بونیادنانی دیموکراسی و فرەیی حزبی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە دایك نەبوون، بەداخەوە لە ژینگەیەکی نامۆ بە دیموکراتی و مەدەنییەت لە دایك بوون، هەر بۆیە ئاکامەکەشی نامۆیە بە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، ئێمە ئەوا ٣٠ساڵە لە کوردستاندا خۆمان حوکمڕانی دەکەین، بەڵام هیچ سیمایەکی دیموکراتی لەم هەرێمەدا نادۆزینەوە، ئەوەی دەیبینین کارەسات و مەینەتی و بەدبەختییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا دەبوو ئێستا ئێمە ژینگەیەکی تۆکمە و دامەزراوەی مەدەنی و پێشکەوتووخوازیمان پێوە دیار بوایە، ئەم گەڕانەوەیەش بۆ دواوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی حزبەکانی ئێمەی تێدا دروست بوون، بۆ ئەو فۆڕمە دەگەڕێتەوە کە حزبەکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە، کە هەموویان گرفت و کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئەم یاسایەشی (یاسای حزبەکانی کوردستان) کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، ئەو سیستمەی کە ئێمە کاری پێدەکەین و تێکڕای حزبەکان حزبایەتیی تێدا پیادە دەکەن، پاشاگەردانییەکی ئەوتۆیان دروست کردووە کە خەڵك دێتە ناو ئەم حزبانە نازانێت چۆن کاری سیاسی و حزبیی تێدا بکات، هەر بۆیە دەبینین چۆن لە شوێنی پەیڕە و پڕۆگرامی حزب بۆشاییەکی یاسایی دروست بووە، نەك هەر دروست بووە لە ئێستا هەیە و بە دەستی ئەنقەستیش ئەو بۆشاییە دروست کراوە و ڕێگە نادەن چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کاری حزبی دروست ببێت، لەبەر ئەوەی زەرەری بۆ پەزەکان هەیە، زەرەری بۆ بەرژەوەندییە حزبییەکان هەیە کە حزبەکان هەیانە، هەر بۆیە حزبەکان دەیانەوێت



یاسایەك نەبێت، دەستیان بگرێت لەوەی گەندەڵی و قۆرخکاری و تەزویر نەکەن، چونکە ئەگەر ئەو یاسایە هەبوایە ئیدی نەیاندەتوانی هەتا ئێستا لەدەسەڵاتدا بن.

بەڕاستی کەلێن و بۆشاییەکی گەورە هەیە بۆ چۆنیەتیی پیادەکردنی پرۆسەی حوکمڕانی و پیادەکردنی حزبایەتییەکی دروست و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و وڵاتێکی پێشکەوتوو، هەر بۆیە چۆن خەباتمان کرد بۆ ئازادی، دەبێت خەبات بکەین بۆ بونیادنانی سیستمێکی دیموکراتی و داڕشتنی یاسایەك کە ئێمە بتوانین لەچوارچێوەی ئەو یاسایەدا پیادەی کاری ڕێکخراوەیی و حزبیی تێدا بکەین.

لە ئێستادا نازانین چۆن کاری ڕێکخراوەیی و حزبی بکەین، بەداخەوە ئێمە گرانیی ژیان وای لێ کردووین لەکوێ بڕێك پارە، یان مووچەیەك هەبێت و لە کوێ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانمان پارێزراو بێت، لە ناو ئەو حزبە خۆمان دەبینینەوە، ئیدی ئایدیۆلۆژیای ئەم حزبە هەرچییەك بێت و هەر ڕەنگێك بێت بەلاتەوە کێشە نابێت، ئەوەی گرنگە دەبێت بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆت بێت، هەر بۆیە ئەگەر لەم وڵاتەدا یاسایەك هەبێت، مافی تاك و ژیانی خەڵك بپارێزیت، حکومەتێك هەبێت خزمەتی خەڵکی بکات، ئەو کاتە خەڵك دەزانێت چۆن کاری ڕێکخراوەیی و حزبی بکات و شوێن ئەو پرۆژەیە دەکەوێت کە دەکرێت خزمەتی تاك و کۆمەڵگەی تێدا بدۆزێتەوە.

ئێمە پێویستمان بەوەیە کە خاوەنی دەستووری خۆمان و یاسایەك بین کە گەورە و بچووك، بەرز و نزم دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات لە بەردەمیدا وەك یەك و یەکسان بن، ئێمە پێویستمان بە جیاکردنەوەی ڕاستەقینەی دەسەڵاتەکان هەیە و پێویستمان بە دووبارە چاوخشاندنەوە بە دامەزراوەکانماندا هەیە، پێویستمان بە بوونی سیستمێکی سەربازی هەیە لە دەرەوەی حزبە سیاسییەکان و حزبەکان خاوەنی هێزی چەکدار نەبن و، دامەزراوەی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە سەربەخۆ بن.

گرینگە ئازادیی زیاتر بۆ خەڵك و کۆمەڵگە فەراهەم بکرێت و پیادەکردنی ئازادی کاری سیاسی فراوانتر بکرێت. پێویستمان بەوەیە پەیوەندیی ئەم حزبانە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و دراوسێ کە پەیوەندییەکی ناجۆرە لەسەر حیسابی خەڵك و خاکی کوردستان، کۆتایی پێ بهێنرێت.





## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت کێشەکانی خۆمان بە ئەقڵ و هۆشیاری و زانستی دەستەبژێر و پسپۆڕان و سیاسەتمەدارەکانی خۆمان چارەسەر بکرێت

**د.سالار عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی بازنەی گفتوگۆ دەکات کە لە ساڵی پارەوە (٢٠٢٣) تا ئێستا چواردە گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەسەر پرسە هەستیار و گرینگەکانی پەیوەست بە دۆزی نیشتمانی و نەتەوەییمان و هەروەها تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و پرۆسەی حوکمڕانی و ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان لەسەر ئاستی هەرێم و بەغدا ئەنجام داوە و، ١٢ گفتوگۆی ساڵی پار لە دوو کتێبی قەوارە گەورە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ کراون. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان» وێڕای بەخێرهێنانی میوانانی بەشداربووی ئەم بازنەیە، جەختی لەسەر گرینگیی گفتوگۆی ڕاشکاوانە کردەوە و بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی.**

«ئەگەر گفتوگۆی کوردستانییانەی ڕاشکاو و ڕاستگۆیانە لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و تەواوی کێشەی خەڵك و کۆمەڵگە بکەین و، جیاوازیی سیاسی و ئایینی و نەتەوەییمان بخەینە کار بۆ ئەوەی وەك خۆی (بێ خاترگرتنی هیچ لایەنێکی سیاسی) بیخەینەڕوو و پێکەوە بیر بکەینەوە و، پێکەوە پێشنیار و ڕاسپاردەی دروست و ئامانجدار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرهەم بهێنین و بیخەینە بەرچاوی خەڵك و سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتی خۆمان، ئەوا دەتوانین ڕێگەچارەی گونجا و مومکین بۆ سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆمان بدۆزینەوە. ئەزموونی ١٤ ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆش ئەو ڕاستیەی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا کردوون، کە ئامادەباشییەکی زۆر باشی نیشتمانییانە لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و ئەکادیمی و پسپۆڕ و زاناکانی خۆمانەوە، بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە بوونی هەیە و ئامادەن کاتی خۆیان تەرخان بکەن و گفتوگۆی جددی لەسەر کێشە هەستیارەکانی

خۆمان بکەن، هەروەها لە میانەی ئەو ڕاپرسی و ڕاپۆرتە مەیدانییانەی بازنەی گفتوگۆ بۆ هەر ئەڵقەیەکی گفتوگۆکان ئامادەی دەکەن، کە خەڵکی کوردستانیش خوازیاری ئەوەیە کە بەشدار بێت لە گفتوگۆ و ڕاپرسیی جددی و بەشدار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆی، ئەوەشی کە زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین کە دیسان ئەزموونی ئەم گفتوگۆیانە پێی گوتین: ئێمە هەموو مانگێك لەبەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیە و ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و ڕاپرسییەکان، ڕاپۆرتێکی زۆر ڕاستگۆیانە لەسەر پوختەی ئەو گفتوگۆیەی لێرە دەکرێت و ڕاوبۆچوون و ڕاپرسییانەی لەناو خەڵك دەکرێن، ڕاپۆرتێکی تایبەتمان بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی ئەم وڵاتە و حوکمڕانانی وڵاتی خۆمان بە ڕاستگۆیی بەرز کردووەتەوە، وەڵامدانەوەی ئەو لایەنانە بە ئەرێنی و ڕێزگرتن لەو هەموو بیروبۆچوون و پێشنیار و ئەو ڕاسپاردە بەرزانەی کە بەڕێزانی بەشداربووی ئەم بازنەیە و ڕاپۆرتە مەیدانییەکان دەیخەنەڕوو، لەمەش زیاتر هانیان داوین کە بازنەی گفتوگۆ نەك هەر بەردەوامی پێ بدەین، بەڵکو فراوانتری بکەین و نوێنەرانی تەواوی حزبە سیاسییەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان تیایدا ئامادە بن. وەك ئێوەی بەڕێزیش کە ئەمڕۆ لەم گفتوگۆیە بەشدارن، دەبینن نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانمان لەگەڵ بەشدارن کە ئامانجی سەرەکیی ئەو گفتوگۆ ساغڵەمەیە کە دەمانەوێت لە کوردستان بێتە ئاراوە».

د.سالار عوسمان، لە بەشێکی دیکەی پەیڤەکانیدا، جەختی لەوە کردەوە کە «ئێمە هەموومان بە جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیمانەوە دەبێت، پشتگیریی ئەو ئیرادە سیاسییە بکەین کە بەو ئاراستەیە هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم نیشتمان و کۆمەڵگەیە، بەوەی کێشەکانی خۆمان بە ئەقڵ و هۆشیاری و زانستی دەستەبژێر و پسپۆڕان و سیاسەتمەدارەکانی خۆمان چارەسەر بکرێت، هەر بۆیە ئێمە باوەڕمان بەوەیە زیاتر گوێ لە پەیڤە بەرزەکانی ئێوە بگرین و خۆمان کەمتر قسە بکەین، قسەکانیشمان لەبەر ڕۆشنایی و ئاراستەی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکە سەربار دەکەین بۆ ئەوەی پێکەوە کۆمەڵێك چارەسەر و پێشنیار و ڕاسپاردە وەك میکانیزم و چارەسەر بۆ کۆی کێشەکانمان بخەینە بەردەست».

گوتیشی: «ئەو ژینگە ناتەندروستەی ململانێی حزبە سیاسییەکان، ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیان بە جۆرێك شێواندووە، کە خەریکە دەگاتە ئەوەی هەموو جوانی و پیرۆزییەکانی ئەم نیشتمانە ناشیرین بکەن، بە سیمای جوانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردنی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، کە ئێستا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە دەستیان بۆ ئەم سیما جوان و پیرۆزەی (پێکەوەژیان) لە کوردستان بردووە و دەیانەوێت لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە مانایەك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە نەهێڵنەوە و کورسیی کۆتاکان نەهێڵن».

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشنیاری ئەوەشی کرد: «ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەبێت شێوازی دیالۆگ و قسەکردنمان لەگەڵ یەکتری بگۆڕین. گفتوگۆکانمان لەگەڵ یەکتری ئەوجا بەرانبەر هەر بیروبۆچوونێکی سیاسی، یان ئایین و نەتەوەییەکی جیاواز بێت، واقیع فەرزی دەکات لەسەرمان و دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت و دەبێت بگەینە ئەو قەناعەتە کە ئامانج لە جوانیی جیاوازییەکان ئەوەیە یەکتری تەواو بکەن و، ڤێژنی تازە بۆ چارەسەرەکان بدۆزێتەوە، جیاوازییەکانمان دەبێت سەرچاوەی هێزی نەتەوە و ئیرادەی نیشتمانپەروەریمان تەواو بکات، نەك جیاوازییەکان بە ئاراستەیەکی هێندە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، کە یەکتری پێ بسڕینەوە، یان یەکتری پێ لاواز بکەین، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە ڕاشکاوی بکەین دەبێت پانتایی بیرکردنەوەمان فراوان بکەین ، شێواز و ڕەهەندی ئاخافتنمان فراوانتر بکەین، بە دیدێکی کوردستانیانە واقیعە بخوێنینەوە و کاریگەری دەرو دراوسێکانمان ببینین و نەیار و دژ و دوژمنەکانیشمان ببینین ، کە بەم پانتاییە فراوانە بیرمان کردەوە ، نەتەوەو ئاینەکانی دیکە و لەگەڵیشدا دوژمن و نەیارەکانیشمان دەبینین، باشتر دەتوانین پرسەکان پۆلین بکەین و گفتوگۆ و ئاخاوتنەکانیشمان بەرهەمدارتر دەبن».

**ئامادەباشییەکی زۆر باشی نیشتمانییانە لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و ئەکادیمی و پسپۆڕ و زاناکانی خۆمانەوە، هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی جددی لەسەر کێشە هەستیارەکانی خۆمان بکەن**

**هانیان داوین کە بازنەی گفتوگۆ نەک هەر بەردەوامی پێ بدەین، بەڵکو فراوانتری بکەین و نوێنەرانی تەواوی حزبە سیاسییەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان تیایدا ئامادە بن**

**هەموومان بە جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیمانەوە دەبێت، پشتگیریی ئەو ئیرادە سیاسییە بکەین کە بەو ئاراستەیە هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم نیشتمان و کۆمەڵگەیە**

**ئەو ژینگە ناتەندروستەی ململانێی حزبە سیاسییەکان، ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیان بە جۆرێک شێواندووە، کە خەریکە دەگاتە ئەوەی هەموو جوانی و پیرۆزییەکانی ئەم نیشتمانە ناشیرین بکەن**






**د.عومەر نورەدینی**

مامۆستای زانکۆ و ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان:


# حزبی سیاسی لە کوردستان بۆشایی دەوڵەتی هەبووە و ناچار بووە بە دامەزراوەی حزبی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە

**د.عومەر نورەدینی، جیا لەوەی مامۆستای زانکۆ و ڕاوێژکارە لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا سیاسەتمەدارە و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، یەکێکە لەو ئەکادیمیستە دیارانەی کوردستان کە بە قەڵەمێکی بەبڕشت و توێژەرێکی کارامە ناسراوە و دەنگێکی دیارە لە ناو کۆڕ و کۆڕبەندەکانی کوردستان و، ڕاشکاوانە و واقیعبینانە هەڵوێستی خۆی لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەیی و یاساییەکان دەخاتە ڕوو. لە گفتوگۆی ئەمجارەی «بازنەی گفتوگۆ (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەمجۆرە بۆچوون و هەڵوێست و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.**

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان»، گرینگە و جێگەی دەستخۆشییە کە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم هەموو دەستەبژێرە نیشتمانپەروەرەی بانگهێشت کردووە، هەروەها ڕاپۆرتێکی مەیدانیشی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە کە دیسان لە ڕاپۆرتەکەش چەندین دەستەبژێر لە دیدوبۆچوونی جیاوازەوە ئەم پرسەیان هەڵسەنگاندووە.

بەڕاستی پێش هەر شتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم حەزم دەکرد لە بازنەی گفتوگۆ لەناو هۆڵەکە لەگەڵتان بەشدار بوومایە، بەڵام بە هۆی هاتنە پێشەوەی پابەندبوونێك نەمتوانی ئامادە بم، بۆیە بە ڕێگەی سکایب بەشداریتان لەگەڵ دەکەم.

بۆ ئەوەی لە سرووشتی ململانێی حزبی لە کوردستان تێبگەین، زۆر گرینگە هەندێك تایبەتمەندیی حزبی کوردی لەبەرچاو بگرین، یەکێك لە هەرە تایبەتمەندییە گرینگەکان، زەمەن و ساتی لەدایکبوونی حزبی سیاسییە لە کوردستان، حزبی سیاسی لە کوردستان پێش

دامەزراندنی قەوارە و دامەزراوەی دەوڵەتی لە دایك بووە، واتە پێش ئەوەی ئێمە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەبووبێت، «حب»ی سیاسیمان هەبووە، ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین بە ئەزموونی سەرهەڵدانی حزبی سیاسی لە ئەووروپا و تەنانەت لە ئەمریکاش دەبینین دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت و دامەزراندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەوجا حزبی سیاسی دروست بوون و فرەحزبی سەرهەڵدەدات. لێرەوە بەوە دەگەین کە لە وڵاتاندا حزب لە هەناوی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەتایبەتی پەرلەمان لەدایك بووە، بەڵام لای ئێمە ڕێك بەپێچەوانەوە ئەوە پەرلەمان و حکومەتی کوردستانن کە لە هەناوی حزبی سیاسیی کوردستانی لەدایك بوون. نموونە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دانراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، ڕاستە لە هەندێك وێستگەی گرینگدا حزبی سیاسی لە کوردستاندا لە هەلومەرجێکی ناوخۆیی و بابەتی لەباری بۆ دروست بووە، بۆ ئەوەی وەك پێداویستییەك بە سرووشتی لەدایك ببێت، وەك ئەو بارودۆخە لەبارەی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە ئاراوە، بەڵام ڕاستییەکی تاڵ هەیە ئەویش ئەوەیە کە دیاردەی فرەحزبیی ئێمە لەکوردستان زیاتر زادەی ئینشیقاق و لەبەریەکترازان و پەرتبوونی حزبەکانە، نەك زادەی هەلومەرجێکی «سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری» کە بە سرووشتی خۆی گەشەی کردبێت، لەمەش زیاتر ئەم لێکترازانانەی ناو حزبە سیاسییەکان زیاتر وابەستەی پرۆژەی سیاسیی دەستەبژێرە سیاسییەکان بووە کە نەیانتوانیوە یەکتری قبوڵ بکەن، نەك ئەم لێکترازانانە لە ناو کۆمەڵگە سەری هەڵدابێت و لە دایك بووبێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی حزبی سیاسیی ئێمە، بە بەراورد لەگەڵ حزبی سیاسیی وڵاتانی دیکە، یان ڕاستتر بڵێم کۆمەڵگە دیموکراتییەکان، ئەوەیە کە حزبی سیاسی لای ئێمە کە لەدایك دەبێت، ئامانج و ئەرکی سەرەکی بریتی بووە لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بۆ ڕەتکردنەوەی جەور و ستەمی داگیرکاران و گەیشتنی نەتەوەیەکی ستەمدیدە بە ئازادی و ڕزگاری و مافەکانی خۆی، واتا حزبی شۆڕشگێڕ بووە، بەڵام لای وڵاتانی دیموکراسی حزب لەدایك بووە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای هەڵبژاردن، واتە حزبی هەڵبژاردن بووە، ئەم تایبەتمەندییەش لێکەوتەی خۆی هەبووە، بەتایبەتی بووەتە هۆی گەلاڵەبوونی جۆرێك لە پەیوەندیی نێوان حزب وحکومەت کە لە وڵاتانی فرەحزبیی دیکە کەمتر بوونی هەیە. کاتێك لە هەرێمی کوردستان ڕاپەڕین ئەنجام دەدرێت لە بەهاری ١٩٩١ و پاشان هەڵبژاردن دەکرێت و دەبینە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی خۆمان و حزبە سیاسییەکانیش دەگەنە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی پەرلەمان و حکومەت، جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوان حزبی سیاسی و دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی پەرلەمان و حکومەت دروست دەبێت، کە جیاوازە لە پەیوەندیی حزب و حکومەت لە وڵاتانی دیکە، ئەم جیاوازییەش ئەوەیە کە حزبی سیاسی لە ڕۆژئاوا ئامانج و ئەرکی سەرەکیی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی نەبووە، تەنیا ئەرکی ئەوە بووە لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بگاتە دەسەڵاتی سیاسی، هیچ بۆشاییەکی دەوڵەت نەبووە هەتا حزب هەستێت بۆشاییەکانی دەوڵەت بە دامەزراوەی حزبی پڕبکاتەوە، بەڵام حزبی سیاسی لە کوردستان بۆشایی دەوڵەتی هەبووە و ناچار بووە بە دامەزراوەی حزبی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، دەبینین حزبی سیاسی کۆمەڵێك دامەزراوەی گرینگی وەك «دادگا، مەکتەبی عەسکەری، مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، مەکتەبی ئیدارە، مەکتەبی دارایی و .. هتد»، هەموو ئەو دامەزراوە گرینگانەی هەبووە، هەر بۆیە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ کاتێك لە هەناوی حزبە سیاسییەکانەوە پەرلەمان و حکومەت لەدایك دەبێت، بۆ حزبە سیاسییەکان ئاسان نەبوو هەموو ئەو دامەزراوانەی کە لە نەبوونی دامەزراوەی شەرعیی دەوڵەتی بۆ خۆیان دروست کردووە هەڵبوەشێننەوە و تێکەڵاوی

**لە وڵاتان حزب لە هەناوی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەتایبەتی پەرلەمان لەدایك بووە، بەڵام لای ئێمە ڕێك بەپێچەوانەوە ئەوە پەرلەمان و حکومەتی کوردستانن کە لە هەناوی حزبی سیاسیی کوردستانی لەدایک بوون**

**ئەم لێکترازانانەی ناو حزبە سیاسییەکان زیاتر وابەستەی پرۆژەی سیاسیی دەستەبژێرە سیاسییەکان بووە کە نەیانتوانیوە یەکتری قبوڵ بکەن**

**حزبی سیاسی لە ڕۆژئاوا ئامانج و ئەرکی سەرەکیی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی نەبووە، تەنیا ئەرکی ئەوە بووە لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بگاتە دەسەڵاتی سیاسی، هیچ بۆشایەکی دەوڵەت نەبووە هەتا حزب هەستێت بۆ شاییەکانی دەوڵەت بە دامەزراوەی حزبی پڕبکاتەوە**



دامـەزراوە دەوڵەتییەکانی بکەن و بە مانای وشە دامـەزراوەی دەوڵەتـی حوکمڕانـی بـکات. ڕاسـتە حکومـەت و پەرلەمانیـان دروسـت کـرد، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا حزبـەکان دەسـتیان بـە ژمارەیـەك لـە دامـەزراوەکانـی خۆیانـەوە گـرت و دەسـتبەرداریان نەبـوون. هـەر بۆیـە زۆر گرینگـە کار لەسـەر ئـەوە بکەیـن کـە ئـەم وەرچەرخانـە لەنێـوان حزب و حکومـەت بێتـە ئـاراوە و حزبـی سیاسـی زیاتـر حزبـی هەڵبـژاردن و گەیشـتن بـە دەسـەڵات بێـت لـە ڕێگـەی سـندوقەکانی دەنگدانـەوە و کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی پەیوەندیـی ئـەو دوو جـۆرە لـە دامـەزراوەی حزبـی و حکوومـی کـەم بکرێتـەوە، لـە ئێسـتاشـدا جێگـەی خۆشـحاڵییە کـە هەوڵـەکان لەگـەڵ ئـەوەی لەسـەرخۆش دەڕۆن، بـەڵام دەسـتی پێکـردووە و کار لەسـەر بەنیشـتمانیکردنی هەیکەلـی هێزەکانـی پێشـمەرگە بەردەوامـە، لەنـاو حزبەکانیشـدا هەسـت دەکرێـت جۆرێـك لـە وەرچەرخان دەسـتی پێکـردووە، هـەر بۆ نموونـە لـە سـەردەمی خەباتـی شـاخدا، گرینگتریـن ئـۆرگان کـە حزبـە سیاسـییەکان بایەخـی سـەرەکییان پـێ دەدا، ئـۆرگانی مەکتەبـی عەسـکەری بـوو، بـەڵام ئێسـتا دەبییـن بایەخـی گرینـگ و سـەرەکی بـۆ مەکتـەب و بەشـەکانی هەڵبـژاردنـە.

لایەنێکـی دیکـەی نەرێنـی کـە دیسـان دەرهاویشـتەی ئـەم خەسـڵەت و تایبەتمەندییانـەی حزبـی سیاسـی کوردییـە، ئەوەیـە کـە لـە هەندێـك وێسـتگەی مێژووییـدا، لەبـەر ئـەوەی ئـەم فرەحزبییـە زادەی لێکترازانـە حزبییـەکان بـوون، بەداخـەوە جۆرێـك لـە دابەشـبوونی کۆمەڵایەتـی، جوگرافـی تەنانـەت کەلتوورییشـی بـە دوای خۆیـدا هێنـاوە و لـە ئاکامـی شـەڕ و پێکدانانـی حزبەکانـدا هێنـدەی دیکـە ئـەم دابەشـبوونانەی قووڵتـر کردووەتـەوە.

لەناو واقیعی ئەم خەسـڵەت و تایبەتمەندییانەی حزبـە سیاسـییەکان لـە کوردسـتان دروسـتیان کـردووە، پرسـیارێك خـۆی دەخاتـەڕوو: ئایـا ئـەوەی پێوسـتە ئێمـە بیـری لـێ بکەینـەوە بـۆ ئـەوەی حزبـە سیاسـییەکان لەبـری ئـەوەی ببنـە ئامرازێـك بـۆ قووڵکردنـەوەی دابەشـبوونەکان، ببنـە ئامرازێـك بـۆ تەواوکاریـی کۆمەڵایەتـی، تەواوکاریـی نەتەوەیـی و تەواوکاریـی دەسـەڵاتی سیاسـی، دەبێـت چـی بکەیـن؟

بـە مەزنـدەی مـن و بـە لەبەرچاوگرتنـی واقیعـی خۆمـان، گرینگـە هـەوڵ بدەیـن لـە خولـی داهاتـووی پەرلەمانـی کوردسـتان یاسـایەك دەربکەیـن، کـە لەپـاڵ یاسـای پارتـە سیاسـییەکان پەیوەندیـی نێوان دەسـەڵاتی سیاسـی و حزبـە سیاسـییەکان ڕێـك بخاتـەوە، بـە شـێوەیەك کار و چالاکیـی حزبـە سیاسـییەکان نەبێتـە جێگـرەوەی ئـەرك و چالاکیـی دامەزراوەکانـی وەك سـەرۆکایەتیی هەرێـم و حکومـەت و پەرلەمـان. بـۆ نموونـە، بەپێـی یاسـا سـەرۆکی هەرێـم لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوە نوێنـەری گەلـی هەرێمـی کوردسـتانە، لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەمـان هەیـە، پرسـیارەکە ئەوەیـە بۆچـی حزبـە سیاسـییەکانیش مەکتەبـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەیـان هەبێـت؟ ئایـا مەکتەبـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە لەسـەر ئاسـتی حزبـەکان پێویسـتە؟ مـن وای دەبینـم کـە لەگـەڵ بوونـی قـەوارەی سیاسـی و دەسـتووری، کایـەی پەیوەندیـی دەرەکـی ئەرکـی سـەرەکیی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و پەرلەمانـە، نـەك حزبـی سیاسـی. دەکرێـت حزبـی سیاسـی بەپێـی ڕێبـازی فکـری و سیاسـیی خـۆی ببێتـە ئەندامـی کۆڕبەنـد و ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە حزبـە سیاسـییەکان، هەڵبـەت ئەمـەش بەپێـی یاسـا، بـەڵام پێویسـت نییـە مەکتەبـی پەیوەندیـی دەرەکـی هەبێـت.

خاڵێکـی دیکـەی گرینـگ ئەوەیـە هەوڵـەکان چڕبکەینـەوە بـۆ ئـەوەی دامەزراوەکانـی حکومـەت باشـتر یـەك بخەینـەوە، بەتایبەتـی ئـەوەی پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە هەیـە، کـە ئێسـتا کاری لەسـەر دەکرێـت و هەنـگاوی بـاش نـراون. دەبێـت ئـەم هەنگاوانـە بـەردەوام بـن، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی بەردەوامیـی ئـەم هەوڵانـە دەبنـە هـۆی ئـەوەی سـوپایەکی یەکگرتـووی نیشـتمانیمان هەبێـت و ببێتـە مایـەی دڵنیایـی بـۆ پاراسـتنی قـەوارەی سیاسـیی هەرێـم، ئەگـەر وابـوو چیتر حزبـە سیاسـییەکان پێویسـتیان بـەوە نابێـت کـە خۆیـان خاوەنـی هێـزی چەکـداری خۆیـان بـن.

دوایـین خاڵ کـە دەمەوێـت هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـەم، یاسـای حزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتانە کـە هـەر دوای دامەزراندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان ئـەم یاسـا گرینگـە دەرچـوو. ئەمـە

**لە سەردەمی خەباتی شاخدا، گرینگترین ئۆرگان کە حزبە سیاسییەکان بایەخی سەرەکییان پێ دەدا، ئۆرگانی مەکتەبی عەسکەری بوو، بەڵام ئێستا دەبینین بایەخی گرینگ و سەرەکی بۆ مەکتەب و بەشەکانی هەڵبژاردنە**

**لەبەر ئەوەی ئەم فرەحزبییە زادەی لێکترازانە حزبییەکان بوون، بەداخەوە جۆرێک لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، جوگرافی تەنانەت کەلتوورییشی بە دوای خۆیدا هێناوە**

**گرینگە هەوڵ بدەین لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەربکەین، کە لەپاڵ یاسای پارتە سیاسییەکان پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و حزبە سیاسییەکان ڕێک بخاتەوە**



هەنگاوێکی زۆر باش بوو، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە ڕێگەی یاسا سیستمی فرەحزبی لە وڵاتی خۆمان ڕێك بخەین، بەڵام چۆن هەموو هەنگاوێك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەم یاسایەش لەو حاڵەتە بەدەر نییە و پێویستی بەوەیە لایەنە ئەرێنییەکانی بەهێز بکەین و چارەسەریش بۆ لایەنە نەرێنییەکان بدۆزینەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پەرلەمانی کوردستان بە یاسا هەوڵی داوە ڕێکخستنی یاسایی بۆ فرەحزبی بکات، بەڵام بە بڕوای من هێشتا پێویستمان بەوەیە ڕێکخستنی یاسایی باشتری بۆ بکەین، هەروەها پێویستمان بە کاراکردنی یاسای پارەدارکردنی حزبە سیاسییەکان (قانون تمویل الاحزاب)، بەتایبەتی ئەم پارەدارکردنە لە قۆناغی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا زۆر گرینگە بۆ ئەوەی حزبەکان ناچار نەبن بۆ دابینکردنی خەرجی هەڵبژاردن، ڕوو لەلایەنی دەرەکی و ناوخۆیی دیکە بکەن. لەوەش زیاتر پێداچوونەوە بەیاسای حزبە سیاسییەکان پێویستە، لە هەموو دنیا یەکێك لە ئەرکەکانی حزبی سیاسی پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسییە، بۆ باشتر ڕێکخستنی ئەم پەروەردە و پێگەیاندنە ڕێکخستنی یاسایی پێویستە و شێوازی پەرەوەردەکردنی ئەندامانی حزبیش دەبێت لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی نیشتمانی بێت، بەڵام ئایا ئێستا وایە؟ زەحمەتە بە دڵنیاییەوە بڵێین بەڵێ. بەداخەوە لە ئێستادا هەر حزبێکی سیاسی بە کەیفی خۆی کادر و ئەندامانی خۆی پەروەردە دەکات، بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەو بەرنامەیە چییە و کۆمەڵگە بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات.

ئەم هەنگاوانە زۆر گرینگن، بەڵام پێویستی بە هەماهەنگی و هاریکاری هەموو لایەك هەیە. دەبێت هەموو لایەنەکان پابەندی یاسا بن تا بتوانرێت ئەو وەرچەرخانە کاریگەرەی لە ناو فرەحزبیی وڵاتی خۆمان دروست بووە، بە ئاراستەیەك بڕوات کە لەگەڵ دەستگرتن بە خەباتی ڕزگاریخوازییەوە سەرەنجام حزبی سیاسیی کوردستانی بکاتە حزبی دەنگدان و هەڵبژاردن.

**هەوڵەکان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی حکومەت باشتر یەک بخەینەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە هەیە، کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت و هەنگاوی باش نراون**





**د.سەباح سوبحی**

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

# نابێت ململانێی حزبی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتماندا پێچەوانە بێت

د.سەباح سوبحی، ئەندامی لیژنەی نەوت و گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و، پسپۆڕە لە زانستە سیاسییەکان و شارەزایە لە کاروباری حزبە سیاسییەکان و فرەیی سیاسی لە کۆمەڵگە و شێوازی ڕێکخستنی ئەو فرەییە. لە گفتوگۆی ئەم جارە (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستییانە کەموکورتییەکانی فرەیی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی دەستنیشان کرد و، وێرای ئەوەی چەندین پێشنیار و میکانیزمی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان پێشکەش کرد، بەم جۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.

ئەم تایتڵە (ململانێی حزبی و ئایندەی کوردستان) تا بڵێی گرنگە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەی لەسەر بکەین و ڕای خۆشمانی لەسەر دەرببڕین، تاکو بتوانین هەندێك لە کەلێنەکان دەستنیشان بکەین، کە لە ناو سیستمی فرەحزبی لە کوردستاندا دروست بووە.

وەك سەرەتایەك ئێمە دەبێت باش بزانین، پرسی سیستمی فرەحزبی بناغەکەی ڕاستییەکە و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایا دەسەڵات یەك کوتلەیە، یان لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا ئەویش دەبێت بە چەند لقێك، ئەم چەمکە چەندین توێژینەوەی گرنگی لەسەر ئاستی جیهان لەسەر کراوە و چەندین بیروبۆچوونی جیاوازی هزری و فەلسەفی لە هەناوی خۆیدا کۆکردووەتەوە، بەڵام هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر سیستمی فرەحزبی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا خۆی لەوەدا چڕ دەکاتەوە، کە نابێت ململانێی حزبی

سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتەکانی ناو سیستمەکە لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتماندا پێچەوانە بێت، ئەمەش بەو مانایەی حزبە سیاسییەکان مافی خۆیانە بە شێوەیەکی تەندروست ململانێی گەیشتن بە دەسەڵات و کۆکردنەوەی دەنگ بکەن، بە مەرجێ دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵات نەبێت، لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ سیستمی فرەحزبیی خۆمان بکەین، هەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، بەداخەوە کە لەسەر لۆژیکێك هەڵسەنگاندن بۆ خۆمان دەکەین کە هەم لەسەر ئاستی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان یەك ناگرێتەوە، تەنانەت زۆر جاریش دژی ڕادەوەستێتەوە.

شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە بەشداریی سیاسی پێویستی بە فرەحزبی هەیە، بەڵام ئەو فرەحزبییەی لە کوردستان هەیە لەسەر بنەمایەکی مێژوویی ساغڵەم دروست نەبووە، کە ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ سەری هەڵدا و حزبەکان هاتنەوە بۆ ناو شارەکان، جگە لە شەرعییەتی حزبە سیاسییەکان هیچ شەرعییەتێکی دیکە نەبووە، بۆیە حزب بووە جێگرەوەی سیستمی سیاسی و کاری یاساییشی کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس دامەزراوەکانی لە کوردستان کشاندەوە، بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە ١ و ٢ی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەرکرد و، لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەدا پەرلەمان و حکومەتمان دامەزراند، بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو دامەزراندنی دامەزراوە شەرعییە دەوڵەتییەکان هەڵبگرین، بەڵام ئەم هەنگاوە وەك پێویست نەبوو، لەبەر ئەوەی وێڕای ئەوەی پەرلەمان و حکومەتیشمان دامەزراند، بەڵام هەر لە سەرەتاوە حزبی سیاسی لە پەرلەمان و حکومەت بەهێزتر بوون و، دەمانبینی کە حزبی سیاسی دەستوێوەردانیان لە هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا دەکرد، بە کردەیی ئەوە حزب بوو حوکمڕانیی دەکرد، نەك حکومەت، ئەمەش پێچەوانەی تەواوی ئەو دەوڵەتانەیە کە سیستمی دیموکراتی پیادە دەکەن، لەبەر ئەوەی لە سیستمی دیموکراتیدا سیستمە سیاسییەکە سەرچاوەی شەرعییەتدانە بە حزبی سیاسی، بەڵام لە کوردستان وای لێ هاتووە حزبی سیاسیی شەرعییەت دەدات بە سیستمە سیاسییەکە.

**حزبە سیاسییەکان مافی خۆیانە بە شێوەیەکی تەندروست ململانێی گەیشتن بە دەسەڵات و کۆکردنەوەی دەنگ بکەن، بە مەرجێ دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵات نەبێت**

سەبارەت بە سەرهەڵدانی فرەحزبی، یان پێویستیی دروستبوونی حزبی سیاسیی دیکە لە کۆمەڵگەدا، زانای بەناوبانگی زانستی سیاسەتی ئەمریکی (گابریل ئەلمۆند) لەسەر ئەم فیکرە تیۆرێکی هەیە و دەڵێت: «ژیانی فرەحزبی لە پێکنەهاتن و بوونی کێشە لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە هاتووەتە ئاراوە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پێکنەهاتنە دوو چەمکی بنەڕەتیمان هەیە بۆ ڕێکخستنی:

یەکەمیان: کێبڕکێ (Competition) و دووەمیان: کێشە و پێکنەهاتن (Conflict)، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەم دوو چەمکە تا چ ڕاددەیەك لە یەکتری نزیکن، بەڵام ئێمە کامیان هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی سیستمی فرەحزبیی خۆمانی پێ ڕێك بخەینەوە؟

**بەشداریی سیاسی پێویستی بە فرەحزبی هەیە، بەڵام ئەو فرەحزبییەی لە کوردستان هەیە لەسەر بنەمایەکی مێژوویی ساغڵەم دروست نەبووە**

ئەگەر سەرنج بدەین، دەوڵەتانی ڕۆژئاوای دیموکراتی بۆ ڕێکخستنی ژیانی فرەیی سیاسیی خۆیان یەکەمیان هەڵبژاردووە (کێبڕکێ-Competition)، کە تیایدا لە هەڵبژاردنەکاندا کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی زیاتری کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن حکومەت پێك بهێنن، ئەمە شێوازێکی زۆر ئاسایی و هاوچەرخانەیە، بەڵام ئێمە دووەممان هەڵبژاردووە، کە ئەویش (پێکنەهاتن و کێشەیە -Conflic)، ئەمە دەبێتە کێشەی سیاسی و داخستنی دەرگای دیالۆگ و پێکەوە کارنەکردن و دروستبوونی کێشە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی حوکمڕانی، بەمەش کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی کەڵەکە دەبن و سەرەنجامیش هاووڵاتی هەست دەکات، هیچ بەرژەوەندییەکی نییە کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات و، بایکۆتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکات.

**وێڕای ئەوەی پەرلەمان و حکومەتیشمان دامەزراند، بەڵام هەر لە سەرەتاوە حزبی سیاسی لە پەرلەمان و حکومەت بەهێزتر بوون و، دەمانبینی کە حزبی سیاسی دەستوێوەردانیان لە هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا دەکرد**

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینن ئەو بۆشاییەی نێوان دەنگدەر و دەسەڵات لە عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر فراوان بووە،



لەوانەیە هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان باشتر بێت لە عێراق، بەڵام لە هەندێك پارێزگای عێراق ئەم بۆشاییەی نێوان دەنگدەر و دەسەڵات بە ئاستێك فراوان بووە، هاووڵاتیان بە ڕێژەی ٦٪ بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ڕاستە لە هیچ دیموکراتییەکی جیهاندا ڕێژەی بەشداریکردن بۆ شەرعییەتدان بە هەڵبژاردنەکان دیاری نەکراوە و، ئەو جۆرە لە قەڵەم دراوە کە دەنگدان مافی هاووڵاتیانە، ئەوجا ئەو مافە پیادە دەکات، یان نا ئەوە پرسێکە پەیوەندیی بە خودی تاکەکەوە هەیە.

حاڵەتێکی دیکە ناساغڵەمیی فرەحزبی لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندی بە یاسای حزبە سیاسییەکانەوە هەیە، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی **١٩٩٣** یەکەمین یاسای حزبە سیاسییەکانی پەسەند کرد، کە ئەویش یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی **١٩٩٣** یە، ئەم یاسایە بۆ ئەو کات بە یەکەمین یاسای دیموکراتی بۆ ڕێکخستنی حزبە سیاسییەکان دادەنرا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، لە مێژووی دامەزراندنی عێراقەوە یاسایەکی لەو جۆرە دەرنەچووبوو کە بەو ئاستە دیموکراتی بێت بۆ ڕێکخستنی فرەحزبی لە وڵاتدا، ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر سادەیە و هەتا ئێستا دوو جار لە ساڵانی **١٩٩٧** و **٢٠٠٣** هەموار کراوەتەوە و لە ساڵی **٢٠١٤** پرسی پارەدارکردنی حزبەکان (تمویل الاحزاب) چارەسەر کرا، بەڵام هەتا ئێستا ئەم بڕگەیە کاری پێ نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم بڕگەیەی پارەدارکردنی حزبەکان گەورەترین کێشەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حکومەت پارەی نەدا بە حزبەکان، ئەوە حزب دەگەڕێت و داوا لە حزبێکی دیکە دەکات، کە داوای پارەشی لێ کرد، ئەوا ئۆتۆماتیکی ئەو حزبە دەبێتە پاشکۆی حزبەکەی دیکە.

**ناساغڵەمیی فرەحزبی لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندی بە یاسای حزبە سیاسییەکانەوە هەیە**

لەم یاسایەدا پرسی پارەدان بە حزبەکان بە چەندین شێوە چارەسەر کراوە، یەکەمین جار پارە دەدرێت بە حزبەکان بەپێی ژمارەی ئەو کورسییانەی لە پەرلەمان بەدەستیان هێناوە، هەروەها ئەم پارەیە ئەو حزبانەش دەگرێتەوە کە بە ڕێژەی ٠.٤٠٪ی دەنگیان بۆ بەدەستهێنانی یەك کورسیی پەرلەمان هێناوە، یان ئەو حزبانەی لەم خولەی پەرلەماندا کورسییان بەدەست نەهێناوە و ٠.٤٠٪ی دەنگی کورسییەکیشیان بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە خولەکانی پێشووی پەرلەماندا کورسییان هەبووە.

کێشەی سەرەکیی یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئێمە لە کوردستان دەستوورمان نییە و، هێزی دەستووری نییە،



بەڵام لە یاسای حزبە سیاسییەکانی عێراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥، پشتی بە دوو ماددەی دەستووری بەستووە، کە یەکەمیان ماددە ١٤ (مافی بەشداریکردن، هەروەها ماددەی ٣ مافی دامەزراندنی حزبی سیاسی).

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر بەراوردکارییەك لەسەر ڕێکخستنی فرەیی سیاسی لە نێوان فرەیی سیاسیی هەرێمی کوردستان و فرەیی سیاسیی عێراقدا بکەین و بپرسین کامیان باشتر ڕیك خراوە؟ بێگومان ئێمە زۆر بە وردی لە هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا هەڵوەستەمان لەسەر کرد و تێبینی ئەوەمان کرد، هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان زۆر پشتیان بە کەسێتیکردن (الشخصنة) بەستبوو، ئەمەش بەو مانایەی لەسەر هەر لافیتەیەکی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان وێنەی کەسی یەکەمی حزبەکە لەگەڵ کاندیدکە هەبوو، ئەمەش واتە پیرۆزکردن و گەورەکردنی کەسی یەکەمی حزب، کە ئەمەش دژی پرانسیپەکانی دیموکراتییە، بەڵام لە ناو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا کە لە پارێزگاکانی عێراق بەشداریی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد، دەمانبینی بانگەشەکان لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردن بوو، کە ئەمەش لەگەڵ پرانسیپەکانی سیستمی دیموکراتیدا یەك دەگرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر ئاماژەیەك بە چارەسەرەکان بکەین، بە دیدی من گرینگە گرفتەکە وەك خۆی دەستنیشان بکەین و، میکانیزم و پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەرەکان بدۆزینەوە بەم جۆرە:

- چارەسەرکردنی کێشەکانی فرەحزبی و ڕێکخستنەوەی بە شێوەیەکی تەندروست، پێویستی بە دەستوور هەیە و دەستوور زۆر زۆر گرینگە و ئێمە دەستوورمان نییە.
- هەڵسووڕان و پیادەکردنی کاری حزبی پێویستی بەوەیە حزبە سیاسییەکان ڕێك بکەون و شێوازی کاری حزبایەتییان هاودژی لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست نەکات، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پشتگیری لە یاسایەك نەکەن، کە ئامانجی یاساکە بۆ بچووکردنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانە.
- پێویستە پێداچوونەوە بە یاساکانی ئێستاماندا بکەین، بزانین تا چەند یاسای حزبە سیاسییەکان جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەتی لە ڕووی دامەزراندنی حزبی سیاسی و پارەدان بە حزبە سیاسییەکان.

**کێشەی سەرەکیی یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئێمە لە کوردستان دەستوورمان نییە و، هێزی دەستووری نییە**






**ڕێبوار سیوەیلی**

نووسەر و مامۆستای زانکۆ:


# لەبری ئەوەی حزب لە ئێستادا کەلێنەکانی کۆمەڵگە پڕبکاتەوە، کەلێنی زۆر گەورەی لە کۆمەڵگەدا دروست کردووە

ڕێبوار سیوەیلی تەنیا مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆشنبیرێکی دیاری کوردستان نییە، بەڵکو کەسایەتییەکی دیاری بیری نەتەوەیی کوردییە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزی نەتەوەییشمانە و خاوەنی کتێبی «١٠٠ وانەی ڕیفراندۆم»ـە و ماوەی چوار دەیەیە خزمەتی ئەدەب و زمان و بیری نەتەوەیی کوردی دەکات و، بە خۆشەویستییەوە کار لەسەر ئەم پرسە دەکات، ئێمەش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە کتێبی «ئەفسانەی خۆشەویستی» ناسیمان، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان» زۆر بوێرانە و واقیعییانە بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لەسەر ئەم پرسە گرینگە خستە ڕوو.

تایتڵی «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان»، قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێت و دەبێت چوارچێوەیەکیان بۆ دروست بکەین، کە هەم ڕەخنەیی بێت و هەم شیکاری و دڵسۆزانەش هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین.

بەداخەوە بە سەرنجدانم لە مێژووی ٢٠ ساڵی ڕابردووی سیستمی حزبی سیاسیی لە کوردستاندا، بە دیدی من گۆڕانکاری زۆر گەورە لە سیستمی حزبیی ئێمە ڕووی داوە. ئەگەر دروستبوونی حزبی سیاسیی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان بووبێت و، هۆکارێک بووبێت بۆ ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسیی پێی دەگوترێت «ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگە»، ئەوا کاتێک لە ڕوانگەی سیاسییانە و مێژووییانەوە سەیری حزبی سیاسی کوردی دەکەین، لەگەڵ ئەوەی سادەن، بەڵام سەرەتایەکی زۆر باشن و وەڵامدەرەوەی پێویستییە هەنووکەییەکانی سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام ئێستا ئەمە پێچەوانە بۆتەوە. لەبری ئەوەی حزب لە ئێستادا کەلێنەکانی کۆمەڵگە پڕبکاتەوە، کەلێنی زۆر گەورەی لە کۆمەڵگەدا دروست کردووە. دەتوانم بڵێم بووەتە بارێکی گەورەش بەسەر کۆمەڵگەوە و لەمەش زیاتر لە ڕوانگەی فەرهەنگی سیاسییەوە حزب زۆر بچووک بووەتەوە، بە جۆرێ کە ئیدی ناتوانم بڵێم ئێستا لەسەر بنەمای پێناسەی حزبی سیاسی، حزبە سیاسییەکانی هەرێم بەگشتی و هەردوو حزبە سەرەکییەکە بە شێوەیەکی سیاسییانە پێناسە بکەین. ئەمەش لەبەر ئەوەی پێناسەی حزبیان بەجێهێشتووە و تووشی دوورکەوتنەوە لە مێژووەکەی خۆیان بوون. لە ماوەی ئەم ٢٠ساڵەی ڕابردوو زیاتر حزب چووەتە ژێر چەتری بنەماڵەیی بوونەوە، ئەم قسەیە لە میدیاکان وەك تانە و تەشەری توند ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام من وەك توێژەرێك کە لە ڕوانگەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە سەیری دەکەم، بە کارێکی هەڵەی نازانم، ئەمەش لەبەر ئەوەی بنەماڵەکان لە ناو مێژووی ئێمە ڕەگ و ڕیشەیان هەیە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە سیستمی خێڵ و هۆزەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری پەیوەندیی حزبی سیاسیی کوردی هەیە، هەر بۆیە دەبوو حزبە سیاسییەکانی ئێمە هێزی خێڵ و هۆزەکانیان زۆر بە باشی بەکاربهێنایە و ڕێکخستنی وایان تێدا دروست بکردنایە، کە ببن بە هاووڵاتییەکی مەدەنیی زۆر ئەکتیڤ کە ئینتیمای مەدەنییانەی بۆ کۆمەڵگە و وڵاتەکەی زیاتر بوایە، نەك پشتگوێیان بخەن. ئەوە ئەرکی حزب بوو ئەم وەرچەرخانە لە ئینتیمای خێڵەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوخۆی بگوڕێت بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و خێڵ و عەشیرەتەکان وەك هاووڵاتی و ئەندامانی نەتەوە، نەك ئەندامی خێڵ و عەشیرەت. حزب نەك هەر ئەمەی نەکرد، بەڵکو دەستکاریی پەیوەندییەکانی خێڵ و عەشیرەتەکانیشی کرد و پەیوەندییەکانی بەرەو پەیوەستبوون بە حزبەوە گۆڕین و دابەشکارییەکی ترسناکی دروست کرد. ڕێك بە پێچەوانەی ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕوودەدات و هەموو کورد لە ئاست سیاسەتی ئەوسای بەریتانیا و حکومەتی تازە دروستکراوی عێراقدا خۆی لەبەر ڕۆشنایی شوناسی کوردبووندا پێناسە دەکات. تەنانەت کاتێك لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا دەزگا شۆڤێنییەکانی عەرەب بە ناوی پیرۆزبوونی زمانی عەرەبییەوە ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگ دەگرن (دوو تەقەلای بێسوود)، مامۆستا ئەمین زەکی بەگ و منەوەرانی دیکە داکۆکی لە زمانی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، جێدەستی حزبی سیاسی و بزووتنەوەکەی بە بیرکردنەوەیانەوە دیارە و ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن حزبی سیاسی جەماوەر و نوخبە لە دەوری کێشە نەتەوەییەکان کۆ دەکەنەوە. ئیدی لێرەوە شەڕی محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەبێتە شەڕ لەسەر زمانی کوردی و خەبات دەکات بۆ ئەوەی بەرگری لە زمانی کوردی بکات، ئەمە زۆر گرینگە و ڕێك وادەکەوێتەوە کە دەبێتە سەرەتایەك کە بزاڤی ڕۆشنبیریی ئێمە بەشدار بێت لە دروستکردنی حزبی سیاسی بە ئاراستەی خزمەتکردنی کێشە نەتەوەییەکان.

بەداخەوە لە ئێستادا بزاڤی ڕۆشنبیریی ئێمە بەهۆی ململانێی حزبە سیاسییەکانەوە لە حاڵەتی سەرگەردانیدایە. هەر بۆ نموونە لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی

**سیستمی خێڵ و هۆزەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری پەیوەندیی حزبی سیاسیی کوردی هەیە**

**بەداخەوە لە ئێستادا بزاڤی ڕۆشنبیریی ئێمە بەهۆی ململانێی حزبە سیاسییەکانەوە لە حاڵەتی سەرگەردانیدایە**

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئێمە زۆر بە هۆشیارییەوە ڕۆیشتین عێراقێکمان زیندوو کردەوە کە ماوەی هەشتا ساڵ زیاتر بوو هەموو هێزی خۆی بۆ داپڵۆسینی کۆمەڵگەی کوردستان بەکارهێنابوو**

**ئێستا بۆ شتی زۆر بچووکتر لە دۆزی نەتەوەییمان هانا بۆ بەغدا دەبەین و هەوڵ دەدەین ڕازییان بکەین**



**دەرهاویشتەی سیستمی حزبی و فۆرمی ململانێ حزبییەکانی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەلێن و کەموکووڕی لە یاسا و ڕێسا و ڕێنمایەکاندا**

هەرێمی کوردستاندا کە بەرنامەکە لەلایەن سێ حزبی سەرەکی («پارتی و یەکێتی و گۆڕان) داڕێژراوە و پەسەندیان کردووە، کاتێك سەرۆکی کابینە لە پەرلەمان ئەم بەرنامەی خوێندەوە لە هیچ بڕگەیەکدا باسی کەلتوور و زمانی تێدا نەبوو کە وەك کێشەیەکی نەتەوەیی خرابێتە ڕوو، ئەمە وای لێکردم نامەیەك بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنووسم و پێی بڵێم: «بەڕێزان بەشێك لە کێشەی گەورەمان مەسەلەی زمان و شوناسە لەبەرنامەکەی حکومەت لەبیرکراوە». ئەمەش ئاشکرای دەکات کە ئەم حزبانەی ئێمە چەندە لە بیری نەتەوەییەوە دوورکەوتوونەتەوە.

دیسان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئێمە زۆر بە هۆشیارییەوە ڕۆیشتین عێراقێکمان زیندوو کردەوە کە ماوەی هەشتا ساڵ زیاتر بوو هەموو هێزی خۆی بۆ داپڵۆسینی کۆمەڵگەی کوردستان بەکارهێنابوو، بە ڕێککەوتنی حزبی سیاسیی دووبارە عێراقمان زیندوو کردەوە. من وەك کەسێکی نەتەوەیی وای دەبینم دەستمان لە دۆزی نەتەوەییمان بەردا و کۆتاییمان پێهێنا، ئەو پرۆسەیەش هەتا ئێستا بەردوامی هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا بۆ شتی زۆر بچووکتر لە دۆزی نەتەوەییمان هانا بۆ بەغدا دەبەین و هەوڵ دەدەین ڕازییان بکەین.

دەرهاویشتەی سیستمی حزبی و فۆرمی ململانێ حزبییەکانی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەلێن و کەموکووڕی لە یاسا و ڕێسا و ڕێنمایەکاندا، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ فەزا و پێکهاتەی ئاستی هۆشیاریمان، ئەم



ژینگەیەش ئەم واقیعەی دروست کردووە کە ئێستا هەموومان دەیبینین لەوانە:

- یەکێك لە دەرهاویشتە ترسناکەکانی کە لە ئاکامی ئەم ململانێ حزبییە ناشەرعییە و دەستبەردانمان لە دۆزی نەتەوەییمان دروست بووە، ئەوەیە بڕوامان بە دۆزی نەتەوەیی و شوناس و کورد و مێژوو نەماوە، نەوەیەك دروست بووە، هیچ بڕوایەکی بە دۆزی نەتەوەیی نەماوە، بوێری وا دروست بووە کە گاڵتە بە پیرۆزییەکانی دۆزی نەتەوەییمان بکات.

- دەرهاویشتەیەکی زۆر ترسناکی دیکەی ئەم ململانێ حزبییە ئەوەیە کە خاڵی هاوبەشی نەتەوەیی لە نێوان چین و توێژەکانی دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستان نەماوە، پێشان شۆڕش لە بارزان هەڵدەگیرسا هاوولاتیانی کوردستان لە پێنجوێنەوە ئینتیمای بۆ شۆڕشەکە هەبوو، لەمەش زیاتر ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپاوە ئینتیمای بۆی هەبوو، لە ئێستا ڕێك پێچەوانەکەی دەبینین.

- ئەم ململانێ حزبییە ناتەندروستە وای کردووە، ئەوەندەی خەریکی بە دوژمنکردنی یەکترین، ئێستا دوژمنە ڕاستەقینەکانی خۆمان ناناسین. حزبی سیاسی لەبەر ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی، نەك جیاوازی لەسەر ئامانجی نەتەوەیی، خەریکی بە دوژمنکردنی ئەوی دیکەی کۆمەڵگەی خۆیەتی، ئەمە هەناوی دۆزی نەتەوەیی ئێمەی لەبەریەك هەڵوەشاندووەتەوە، بەداخەوە وادەڵێم لە ناو هزر و ڕۆحی تاکی کوردا شتێك نەماوە کە پێی بگوترێ خاڵی هاوبەشی نەتەوەیی بە تایبەتی

**یەکێک لە دەرهاویشتە ترسناکەکانی کە لە ئاکامی ئەم ململانێ حزبییە ناشەرعییە و دەستبەردانمان لە دۆزی نەتەوەییمان دروست بووە، ئەوەیە بڕوامان بە دۆزی نەتەوەیی و شوناس و کورد و مێژوو نەماوە**



وەك «زمان، خاك، خۆشەویستی بۆ ئاڵا» ئەمە پرۆسەیەكە و بەردەوامیی هەیە.

- لەناو ئەم ژینگە پاشاگەردانییەی ململانێی حزبی دروستی كردووە، ئێمە ناتوانین قەناعەت بەم نەوە تازەیەی ئێستا بكەین، كە حوكمڕانی بێگانە لە حوكمڕانی خۆماڵی باشتر نییە. بەداخەوە ئەم نەوە تازەیە بڕوای بەوەیە حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕووخێت باشترە و بگەڕێینەوە بۆ ژێر چەپۆكی عێراق، پاشاگەردانییەكە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی تەنانەت ئێمەی نووسەرانیش نەوێرین بە ئاشكرا بەرگری لە دۆزی نەتەوەیی و شەرعیەتی حوكمڕانی هەرێمی كوردستان بكەین، لەبەر ئەوەی ڕووبەرووی چاوشكێنییەكی مەعریفیی ئەوتۆ دەبینەوە كە لە دەسەڵاتی تۆدا نامێنێت بەرگەی بگریت.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بورووژێنم، ئایا ئەو هۆكارانە چین كە بەردەوامیی بەم پرۆسەی پاشاگەردانییە داوە و دەرگای بە ڕووی چارەسەرەكان داخستووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم:

- هۆكاری سەرەكیی، جێبەجێنەكردنی یاساكان و نەبوونی لێپرسینەوەیە.

لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا وەك هاووڵاتیەكی ئەم كوردستانە لێپرسینەوەی زۆر كەمم بینیوە، نەمبینیووە خەڵكانی گەندەڵكار سزا بدرێن.

- ئێمە هیچ خوێندنەوەیەكمان بۆ كۆمەڵگەی خۆمان نەبووە، چۆن هەوڵماندا سیستمی زانستیی خۆمان لەسەر پرۆگرامی دەوڵەتانی ئەورووپی كۆپی بكەینەوە، ڕاستەوخۆ هەوڵماندا سیستمی سیاسیشمان لەسەر سیستمی دیموكراتی ئەورووپی كۆپی بكەینەوە، ئەوەمان لەبەر چاو نەگرت، كە لەم وڵاتەدا پێش دامەزراندنی ئەم ئەزموونە، ڕژێمێكی وەك ڕژێمی بەعس حوكمڕانی كردووە كە بە زەبری هێز مامەڵەی دەكرد، هەوڵی دەدا ئێمە وەك نەتەوە بتوێنێتەوە و بمانسڕێتەوە، ئەنفالی دەكردین و كچ و ژنەكانیان بە سەبایە دەبردین، ئەمانە مانای ئەوەیە هیچ ژێرخانێك بۆ سیستمی دیموكراتی بوونی نییە، ئێمە دەمانەوێت سیستمی دیموكراتی كۆپی بكەینەوە، بەم هەنگاوە ڕاستە هەرێمی كوردستان دڵی هاوپەیمانە ئەورووپییەكانی ڕازی دەكات، بەڵام لەسەر ئاستی كۆمەڵگەی خۆشمان پاشاگەردانی دروست دەكات.

- ئێمە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە مەرجەعێكی كوردستانی دروست بكەین، ئەمە كەلێنێكی گەورەیە كە لەم وڵاتە مەرجەعییەتێك لە وڵاتەكەت نەبێت، یان نەمانتوانیبێت دروستی بكەین.

- نەبوونی پێوەر بۆ پڕكردنەوەی پۆستەكانی حكومەت بەتایبەتی پۆستە باڵاكان، بۆیە ئێمە دەبینین لێهاتوویی و پسپۆری لەم بوارەدا ڕەچاو نەكراوە و بەهەند وەرنەگیراوە.

- لە ئێستادا ئاستی هۆشیاریی حزبی لە ناو هەموو حزبەكان بە ئاستێك نزم بووەتەوە كە هۆشیاری كۆمەڵایەتی لە زۆر ڕووەوە لە هۆشیاریی حزب بەرزترە، ئەمەش وای كردووە، حزب ببێتە بارێكی گەورە بەسەر كۆمەڵگەوە.

- ململانێی ناتەندروستی حزبەكان، زەمینەی خۆش كرد، بۆ سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێكی بێ ئینتیمای پۆپۆلیستی، ئەم ئۆپۆزسیۆنەش حزبە خاوەن دۆزەكان دروستیان كرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی ڕەتیان كردنەوە و دیالۆگیان لەگەڵ نەكردن، ئەم ڕەتكردنەوەیە بۆشاییەكی دروست كرد كە دەرگایان بۆ بكرێتەوە و بچن باوەش بە دوژمنەكانماندا بكەن. مێژووی ئەم ٢٠ساڵەی دوایی ئەوەمان پێ دەڵێت، ئێمە ئەمەمان كردووە، ئەوجا كاتێك دوژمن لە خۆت بێت، دەست بۆ بردنی مەترسیدارە، ئێستا حزبی كوردی بەدەست ئەم ئۆپۆزسیۆنە بێ ئینتیما و پۆپۆلیستە گیری خواردووە.

- من بڕوام بەوە هەیە سیستمی حزبی شتێكی تەندروستە بۆ كۆمەڵگە، بە بەڵگەی ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە، حزب و سیستمی حزبی لە كوردستاندا ئامانجی پڕكردنەوەی كەلێنە كۆمەڵایەتییەكان بووە و، بەهێزكردنی گیانی هاوبەشی لەناو خەڵك و دەڤەرە جیاوازەكانی كوردستان بووە، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەكانی دەرەوەی سنووری كوردستان بووە، بۆیە تا ئێستاش دەتوانێت ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، بەڵام ئەوەی ڕێگرە و ناهێڵێت حزبی سیاسیی ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە ئێستادا بگێڕێت، ئەوەیە كە هیچ حزبێكی سیاسیم نەبینیوە ئامادە بێت لە كۆنگرەكانی

**پێشان شۆڕش لە بارزان هەڵدەگیرسا هاووڵاتیانی كوردستان لە پێنجوێنەوە ئینتیمای بۆ شۆڕشەكە هەبوو، لەمەش زیاتر ڕەوەندی كوردی لە ئەوروپاوە ئینتیمای بۆی هەبوو، لە ئێستا ڕێک پێچەوانەكەی دەبینین**

**حزبی سیاسی لەبەر ناكۆكیی ئایدیۆلۆژی، نەک جیاوازی لەسەر ئامانجی نەتەوەیی، خەریكی بە دوژمنكردنی ئەوی دیكەی كۆمەڵگەی خۆیەتی**

**ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا وەک هاووڵاتیەكی ئەم كوردستانە لێپرسینەوەی زۆر كەمم بینیوە، نەمبینیووە خەڵكانی گەندەڵكار سزا بدرێن**

**هەتا ئێستا نەمانتوانیوە مەرجەعێكی كوردستانی دروست بكەین، ئەمە كەلێنێكی گەورەیە كە لەم وڵاتە مەرجەعییەتێک لە وڵاتەكەت نەبێت، یان نەمانتوانیبێت دروستی بكەین**

خۆیدا خەسارناسیی هەڵەکانی خۆی بکات و، بە ئاشکرا بڵێت ئێمە لە ئاکامی هەڵەکەمان ئەم خەسارەمان لە خۆمان داوە و ددانیش بە هەڵەکانی خۆماندا دەنێین و ڕەخنەیان لێ دەگرین و ڕاستیان دەکەینەوە، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ئەو هەڵانە نەکاتەوە.

- ئێمە لە کوردستاندا ڕاگەیاندنێکی نەتەوەییمان نییە، سوپایەك لە ڕاگەیاندنی حزبی سێبەر، فەزای کوردستانیان داگیر کردووە، ئەگەر پرۆسەکانی ئەنفال بە دەستی داگیرکار ڕووی دابێت، ئەوا ئێمە هەموو ڕۆژێك لە بەردەم ئەنفالی شتێکداین کە ئەویش دیموکراسییەتی کۆپیکراوە، کە بواری بەم پاشاگەردانییەی ڕاگەیاندن داوە. ڕاگەیاندن هەم بودجەیەکی قەبەی ئەم وڵاتەی بۆ خۆی بردووە، هەمیش تەشویشێکی لە هزر و دەروونی خەڵکدا دروست کردووە. بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم، کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنێکی ئەرێنی و یاسایی بۆ ڕاگەیاندن هەیە، پێویستمان بە کەناڵێکی ڕاگەیاندن هەیە کە دەربڕی بۆچوونەکانی هەرێمی کوردستان بێت و، کەناڵەکانی دیکە دەبێت ملکەچی ئەو یاسا و ڕێنماییانە بن کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی ناوخۆ لە چوارچێوەی یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا دەرکراون.

لەناو ئەم هەموو دەرهاویشتە خراپانەدا، تەنیا چارەسەر بە دیدی من گەڕانەوەیە بۆ خاڵە بە هێزەکانی کوردستان و دەبێت هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بخەینە گەڕ کە جارێکی دیکە خاڵە بەهێزەکانی کوردستان کاریان پێ بکەینەوە.

- بەداخەوە لە ئێستادا ئەوەی کوردستانپەروەر و خاوەنی بیری نەتەوەیی ڕەسەن بێت، نە لە زانکۆکانی کوردستان، نە لەناو حزبە سیاسییەکان و نە لە دیبەیتی کەناڵە میدیاییەکان، ئاوڕی لێ نادرێتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی ٣٠ ساڵە ئێمە گوندەکانی خۆمانمان فەرامۆش کردووە کە سەرچاوەی ڕەسەنی زمانی ئێمەن، سەرچاوەی پیشەی دەستین، سەرچاوەی زانستی پراکتیکی مرۆڤی کوردن، ئەم نەتەوەیەی ئێمە خۆ لە دوێنێوە لە دایك نەبووە، بەپێی دوایین بەڵگە کە من لە ڕاپۆرتێکی ژاپۆنیدا خوێندمەوە، ١٤ هەزار ساڵە ئەم میللەتە بە ناوی میللەتی کورد، یان تۆزێك جیاوازتر لەسەر ئەم خاکە دەژی، دەکرێت نەزان بووبێت و هەتا ئەوروپییەکان زانکۆیان بۆ دروست نەکردین، ئێمە هەر بە نەزانی ژیابین؟ باشە چۆن بەروبوومی خۆمانمان بەرهەم هێناوە؟ چۆن مانەوەی خۆمان دابین کردووە؟ چۆن لەگەڵ سرووشت و ژینگە و گیانەوەرانی دیکە خۆمان گونجاندووە؟

ئەمە پێمان دەڵێت، نەتەوەی ئێمەش خاوەنی زانست و مەعریفەی خۆیەتی با بڵێین زانست و مەعریفەی پێش قۆناغی ڕێنیسانس «Pre-scientific»، کە ئەقڵی مرۆڤی کوردیش وەك ئەقڵی هەموو نەتەوەکانی دیکە لەو قۆناغەدا کاری کردووە. دەبێت سوود لەو بوارانە وەربگرین کە ئەقڵی تاکی کورد کاری لەسەر کردووە، لەوانە (میوزیك و گۆرانی، کەلتووری خۆراکی و تەلارسازی و ساخڵەمی و.. هتد). پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەمانە لەناو توێژینەوەی زانکۆکانی ئێمەدا دیار نییە و پشتگوێ خراون، کە کەلتووری ڕەسەنی کوردین، بەڵام بایەخ بە توێژینەوە لەسەر زانستی کۆپیی زانکۆکانی جیهان دەدرێت؟

- هەتا ئێستا حزبە سیاسییەکان بۆ وەرگرتنی دیدوبۆچوون بۆ دیاریکردن و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان، گەڕاونەتەوە بۆ ڕێکخستنەکانیان لە لق و ناوچە و ڕێکخراوەکان، گرینگە دەست لەمە هەڵبگرن و بە دوای هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی بگەڕێن کە هاوکارییان بکات لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەندام و کادری ڕێکخستنەکان، پسپۆڕی ناسینی کۆمەڵگەی کوردستانی نین، ئەمانە لەبەر ململانێی جیاوازی حزبی و هەوڵەکان بۆ مانەوەیان لە پۆستەکانیان هەموو ڕاستییەکان وەك خۆی نانێرن بۆ سەرکردایەتیی خۆیان، بۆیە کاتێك لەبەر ڕۆشنایی زانیاریی نادروست سەرکردایەتی بڕیار دەدات، دەبینین بڕیارەکانی بێ ئاکام دەبێت، بۆیە دەبێت حزب دەرگا بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی بکاتەوە کە هاوکاری بێت لە دەستنیشانکردنی دروستی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری دروست بۆ کێشەکان.

**لە ئێستادا ئاستی هۆشیاریی حزبی لە ناو هەموو حزبەکان بە ئاستێک نزم بووەتەوە کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە زۆر ڕووەوە لە هۆشیاریی حزب بەرزترە**

**ململانێی ناتەندروستی حزبەکان، زەمینەی خۆش کرد، بۆ سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی بێ ئینتیمای پۆپۆلیستی، ئەم ئۆپۆزسیۆنەش حزبە خاوەن دۆزەکان دروستیان کرد**

**ئەوەی ڕێگرە و ناهێڵێت حزبی سیاسیی ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە ئێستادا بگێڕێت، ئەوەیە کە هیچ حزبێکی سیاسیم نەبینیوە ئامادە بێت لە کۆنگرەکانی خۆیدا خەسارناسیی هەڵەکانی خۆی بکات**

**کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنێکی ئەرێنی و یاسایی بۆ ڕاگەیاندن هەیە، پێویستمان بە کەناڵێکی ڕاگەیاندن هەیە کە دەربڕی بۆچوونەکانی هەرێمی کوردستان بێت**





**د.سیروان ئەحمەد قادر**

کەسایەتیی دیاری ئایینیی ئیسلامی لە کەرکووک:

# ئەگەر ململانێی حزبایەتی نەبووایە دەسەڵاتی کوردی بەدەست بەغداوە نەدەگەیشتە ئەو دۆخەی ئێستا

**د.سیروان ئەحمەد قادر، کەسایەتییەکی دیاری ئایینی ئیسلامی لە کەرکوکە و هەر بە دکتۆر سیروان کەرکوکی ناسراوە و سەربەخۆیە و بێ لایەنە. لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٤ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە و هەر چوار ساڵەکەش بە جلی کوردییەوە لە پەرلەمانی عێراق کارەکانی خۆی ڕاپەراندووە. ئەم کەسایەتییە دیارەی شاری کەرکووك نموونەیەکی دیار و بەرزی کەسایەتی و زانا بەرزەکانی ئیسلامە، کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ دۆزی نەتەوەکەی و هەموو ئەو پەرتووك و توێژینەوانەشی کە نووسیویەتی لە ئێستا و لە ئایندەشدا کە دەیاننووسێت، بۆ خزمەتی هەر تاکێکی کوردستانە بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و، جەخت لەوە دەکاتەوە کوردستان نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایینەکانە و دەبێت هەموومان پێکەوە بیپارێزین. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) زۆر بە دیدێکی ڕەخنەیی و زانستییانە و نەتەوەییانەوە دیدوبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.**

دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەم گفتوگۆ گرنگە کە لەسەر پرسێکە، پەیوەندیی بە هەموومانەوە هەیە، ئەویش (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان)ە، بە لای هەموو کەسێکەوە گەل و نیشتمان مەزن و پیرۆزە، تەنیا لای حزبەکان نەبێت، کە جەماوەر و نیشتمان و خاك بە لایانەوە هیچ بەهایەکیان نییە.

بەداخەوە بەندە لەوەتەی چاوم کردووەتەوە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٧٤ هەستم بە ئازار و ستەم و چەوساندنەوە و زەوتکردنی مافی گەلەکەم کردووە لە لایەن بەعسییەکانەوە، ئەو کات تەمەنم ١٣ ساڵ بوو، ئێستا تەمەنم بووەتە ٦٣ ساڵ، لەو کاتە بەدواوە تاوەکو ئەم ساتەوەختە، گەل و نیشتمان و خاکم کراوەتە قوربانی بەرژەوەندیی حزبی.

نیو سەدەیە ئەم گەلە ستەمدیدەیە قوربانی دەدات بۆ ئەو حزبانەی کە لە کوردستاندا

کاری حزبی دەکەن لە پێناو سەرفرازی و ئازادی، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ـەوە کورد خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات، تاوەکو ئێستا ئەو دەسەڵاتە سەرکەوتوو نەبوو لە چەسپاندنی ڕۆحی نەتەوایەتی و خۆشویستنی خاک و نیشتمان لە دڵی تاکی کورددا، بە پێچەوانەوە بیری کوردایەتییان لە ناخی جەماوەردا پووکاندووەتەوە، بە هۆی حزبایەتیکردن و ئەو ململانێ ناشەریفەی کە لە نێوان خۆیاندا دروستیان کردووە لە پێناو پاوانخوازیی شەڕی پۆست و دەسەڵات و بەرژەوەندیی تەسکی حزبی، لە دەرئەنجامدا خەڵکێکی زۆرمان بە ماڵ و خێزانەوە سەری خۆیان هەڵگرت و دەربەدەری وڵاتانی جیهان بوون، وەکو ئاردی نێو درک، هەر لەو غوربەتەش بە خەم و پەژارەوە لە دوورەوڵات سەریان نایەوە.

ئەو ڕۆژگارەی ئێستامان کە میللەتی کورد تێی کەوتووە، سەلمێنەری ئەو وتانەی بەندەیە، دەریش کەوت ئەو حزبانەی کوردستان بە عەلمانی و ئیسلامییانەوە تەنیا کاریان بۆ خۆیان کردووە، نەك بۆ گەل و نەتەوە و خاك و نیشتمان، ئەگینا دەبوو تا ئێستا شتێکمان بە شتێك بکردایە، نەك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێڕێزی و سووکایەتی بە تاکی کورد بکرێت، جارێك لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە و جارێکیش لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، لە هەمووی ناخۆشتر لەلایەن حزبەکانی خۆیشمانەوە بێڕێزییان پێ دەکرێت، جا بە هەر جۆرێك بێت.

ڕەنگە بڵێن چۆن لە لایەن حزبەکانمانەوە؟ ئەی ئەوە نییە دۆزی کوردیان لە بەغدا تەنیا لە مووچەدان کۆ کردووەتەوە. ئایا بەغدا پارە دەنێرێت، یان نا؟ هەموو ساتێك هەست و نەستی منداڵ و خێزانی ئەو جەماوەرەی خۆیان بریندار دەکەن، مووچە بەڕێوەیە، هیچیش دیار نییە. دەپرسم: ئاخۆ ئەو حزبانە بۆ خۆیان پارەیان نییە؟ ئەو هەموو داهاتە چی لێ دێت و بۆ کوێ دەڕوات؟ ئایا دەچێتە گیرفانی کێ؟.

ئەگەر ئەو حزبانە بیریان لە بەرژەوەندیی میللەتی کورد بکرادیەتەوە، دەبوو لەو ڕۆژەوەی کە ڕژێمی بەعس لە ناوچوو و لە بەغداوە پارەیەکی زۆر بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرا، با هەندێکیان لێ گل بدایەتەوە بۆ ئەمڕۆ، کە بەداخەوە حکومەتی هەرێم وای لێهاتووە خۆی بچووك کردووەتەوە و چاوی لە دەستی بەغدایە، ئەوەش بۆخۆی شەرمەزارییەکە، ئەگەر ململانێی حزبایەتی نەبوایە دەسەڵاتی کوردی نەدەگەیشتنە ئەو دۆخەی ئێستا بە دەست بەغداوە. لە بەغدا پەرلەمانتار بووم، ئاگام لەو بودجە زەبەلاحە هەبوو کە دەنێردرا بۆ هەرێمی کوردستان.

**بە لای هەموو کەسێکەوە گەل و نیشتمان مەزن و پیرۆزە، تەنیا لای حزبەکان نەبێت، کە جەماوەر و نیشتمان و خاک بە لایانەوە هیچ بەهایەکیان نییە**

### ● چەند نموونەیەکی زیندوو لەو ململانێکردنەی نێوان حزبەکان

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٢٤ سەعات ١٠ و نیو وەك کەسایەتی بانگهێشت کرام بۆ لای بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قەڵاچوالان بە حوزووری هەر یەك لە بەڕێزان نەوشیروان مستەفا، کاك کۆسرەت و عومەر سەید عەلی و ڕزگار عەلی و، نەجات حەسن و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەرێکی زۆر، بە جەنابی کاك مەسعودم گوت: «جەنابتان بڕیارتان داوە کە زانایان ببن بەیەك، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بۆ ململانێی یەکتری، نەخوێندەواریشیان کردووەتە مەلا، ململانێی حزبی لە هەموو دامودەزگاکان هەیە، ململانێی حزبی چووەتە نێو هەموو سێکتەرێکەوە، تەنانەت هەندێك دەستەواژەش کە بەکاردەهێنرێن بۆ نموونە: قوتابیان، خوێندکاران (فێرخواز) ئافرەتان و ژنان، کەرکوك و کەرکووك، مەکتەبی تەنفیزی و سکرتاریەت، پاراستن و دەزگای زانیاری، زێرەڤانی و کۆماندۆ، بەڕێوەبەری پارتی دەبێت جێگرەکەی یەکێتی بێت، بەڕێوەبەری ناحیەی لەیلان لەسەر ململانێکردنی یەکێتی و پارتی درایە تورکمانێك کە مافی کورد بوو، بەداخەوە سەدان نموونەی هاوشێوەمان هەیە.

**لە ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٤ تا ئەمڕۆ بەردەوام کورد دەنگی دەسووتێ و دەفەوتێت، هەر بە هۆی ململانێی حزبییەوە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا پێگەی کورد لاوازتر دەبێت**

بە تەحەدداوە دەڵێم: بەڕاستی کێشە و دۆزی میللەتی ستەمدیدەی کورد نەبووەتە خەمی سەرکردەکان، کوا پلانی ساڵانەیان، کوا پلانی دە ساڵەیان، کوا پلانی ٥٠ ساڵییان بۆ ڕزگاری و سەرفرازیی کورد لەو ستەمەی بە درێژایی سەدەیەکە لە کورد دەکرێت؟ نەك بۆ ئاوەدانکردنەوە، با سەرفراز بم، ئەوکات بیر لە ئاوەدانکردنەوە دەکەم. بۆچی تا ئێستا هێزی

**حزبە کوردستانییەکان یەک ئامانجیان نییە لە بەغدا و بە نەفەسی حزبایەتی کاردەکەن، بەڵام دوژمن و نەیارانمان چەندێک ناتەبا بن، تەنانەت بە خوێنی یەکتریش تینوو بن، لە ئاستی داخوازییەکانی کورد یەکن**



**ئێمە کێشەی خاک و شوناس و نەتەوەمان هەیە لەگەڵ عەرەب بەگشتی، دەبێت لە بەغدا هەموو حزبە کوردستانییەکان بە ڕۆحییەتی کوردایەتی کاربکەن، نەک بە نەفەسی حزبایەتی، بەداخەوە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبووین**

**ئەوەی لە شاری کەرکووک بەسەر جەماوەری کورددا هاتووە لە نەهامەتی و دەردەسەری و ترساندن و گرتن و تۆقاندن، بەسەر کەسدا نەهاتووە و هەموو حزبە کوردستانییەکانیش لێی بەرپرسیارن**

**هەر بەهۆی ململانێی حزبایەتییەوە بوو، نەیارانمان جورئەتی ئەوەیان دەکرد پەلامارمان بدەن، ئەگینا ئەگەر هەموو حزبە کوردییەکان لە کەرکووک یەک بوونایە، کێ دەیوێرا دەستمان بۆ بەرێت؟**

پێشمەرگە یەکیان نەگرتووە، ئەگەر ململانێی حزبی نەبێت بەربەستەکە چییە؟

لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرێك لە دەنگەکان فەوتان هەر بە هۆی ململانێی حزبییەوە، بەتایبەت لە ناوچە داگیرکراوەکانی دەرەوەی هەرێم و بەتایبەتیش لە کەرکووك، لە ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٤ تا ئەمڕۆ بەردەوام کورد دەنگی دەسووتێ و دەفەوتێت، هەر بە هۆی ململانێی حزبییەوە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا پێگەی کورد لاوازتر دەبێت. یان سەفەرکردن بۆ وڵاتانی دەوروپشت و بەتایبەت بۆ لای دوژمن و نەیارانمان بە دیاریکراوی ئێران و تورکیا، کەسێك نییە بپرسێت ئاخۆ بۆچی ئەو سەرۆك حزبە دەچێت بۆ تورکیا ئەوی دیکەیان بۆ ئێران و بۆ بەغدا، بێ ئەوەی بیر لە ئاسایشی نەتەوەیی بکەنەوە. هەندێك لەو حزبانە معەسکەری تورکیای پێ باشە، هەندێکی تریان معەسکەری ئێرانی پێ باشە.

بەداخەوە حزبە کوردستانییەکان یەك ئامانجیان نییە لە بەغدا و بە نەفەسی حزبایەتی کاردەکەن، بەڵام دوژمن و نەیارانمان چەندێك ناتەبا بن، تەنانەت بە خوێنی یەکتریش تینوو بن، لە ئاستی داخوازییەکانی کورد یەکن، دە ئێوەش حزبە کوردستانییەکان لە ئاستی کێشە ستراتیژییەکانتان یەك بن.

لە بەغدا لە بەرواری ٢٠١٤/٤/١٤ مەراسیمی یادکردنەوەی ئەنفال کرا. یەکێك لەو حزبە کوردییانە بە حوجەی ئەوەی تابووتێك کە بەڕێزان (د. بەرهەم و نێچیرڤان بارزانی) بەسەر شانیانەوە بوو، دەیانگوت نابێت ئەو مەراسیمە بکرێت، ئەوە بۆ دیعایەی ئینتخابییە، دەبێت ئەو وێنەیە هەڵبگیرێت، دەنا ناهێڵین ئەو مەراسیمە بەڕێوە بچێت، بۆ ماددەی ١٤٠ بە ئاشکرا حزبێك دەیگوت، ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین بۆ بەغدا، کە ئەوە چارەنووسی کوردە.

لە ٢٠١١/٩/٣ دەنگدان بوو لەسەر کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئاخۆ ٩ ئەندام بێت یان ١٥ ئەندام، تەنانەت ٩ ئەندامەکە لەبەرژەوەندیی کورد بوو، حزبێك هەر لەبەر ململانێی حزبی سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت ١٥ ئەندام بێت، بۆ زانیاریتان ئەگەر ٩ بوایە ڕێژەی کورد دەبووە چواریەك، بەڵام ١٥ بوایە ڕێژەکە دەبووە پێنج یەك دەپرسم: کامیان ڕێژەیان لە بەرژەوەندیی کوردایە؟

لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ بە ئاشکرا حزبێك دەیگوت با سوپای عێراق بێتە سلێمانی دژ بە پێشمەرگە و ئاسایش، ئا لەو ساتەدا بووە چەپڵەلێدان لەلایەن عەرەب و سوننە و تورکمانەکانیشەوە، من نازانم سەرکردایەتیی کورد بۆ لەو پەیامانە تێناگەن؟

لە ٢٠١٣/٧/١٨ پڕۆژەی سروودی نیشتمانی هاتە نێو پەرلەمانەوە بۆ دەنگدان، حزبێکی کوردی داوای دواخستنی کرد، هەر لەبەر ئەوەی برادەرێکی پارتی کە شاعیر بوو، ئەو کۆپلە شیعرەی نووسیبوو کە دەڵێت: «عێراق بە کوردستانەوە جوانە، پێکەوە ژیان داوای هەمووانە»، دواتر لەبەر ململانێی حزبی نەیانهێشت یاسای سروودی نیشتمانی تێپەڕ بێت.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا حزب هەیە پێی خۆشە ئەو ئەزموونەی کوردستان تێك بچێت و جارێکی دیکە دەسەڵاتی بەغدا حوکمی جەماوەری کوردستان بکاتەوە. لە دوای ٣٣ ساڵ حوکمڕانیی کورد بەڕاستی ئەوە کارەساتە.

من بۆ خۆم گوێم لێ بووە، هەندێك لەوانەی وەك پەرلەمانتار لە بەغدا دەستبەکار بوون، گوتوویانە: «ئەو مەلەفانەی هەرێم دەبەینە بەغدا لە دژی دەسەڵاتی هەرێم و لەوێوە کاریان لەسەر دەکەین. ئایا ئەوە چ عەقڵییەتێکە کێشەکان تێکەڵ بە یەك دەکەن.

ئێمە کێشەی خاك و شوناس و نەتەوەمان هەیە لەگەڵ عەرەب بەگشتی، دەبێت لە بەغدا هەموو حزبە کوردستانییەکان بە ڕۆحییەتی کوردایەتی کاربکەن، نەك بە نەفەسی حزبایەتی، بەداخەوە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبووین، لەم هەلبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا چارەنووسی جەماوەری کەرکووکیان کردە قوربانیی ململانێی حزبی، هەروەکو چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کوردی کەرکووکیان جێهێشت بۆ حەشدی شیعی، کە بە کەیفی خۆیان سووکایەتی و بێڕێزییان بە تاکی کورد کرد، ئەوەی لە شاری کەرکووك بەسەر جەماوەری کورددا هاتووە لە نەهامەتی و دەردەسەری و ترساندن و گرتن و تۆقاندن، بەسەر کەسدا نەهاتووە و هەموو

حزبە کوردستانییەکانیش لێی بەرپرسیارن، مـن پەیوەندیـم بـە دوژمـن و نەیارانـی کـوردەوە نییـە، ئـەوان دوژمـنن چی بکـەن ئاساییە، هـەر بەهۆی ململانێی حزبایەتییەوە بوو، نەیارانمان جورئەتی ئەوەیان دەکرد پەلامارمـان بـدەن، ئەگـینا ئەگـەر هەمـوو حزبـە کوردییـەکان لـە کەرکـوک یـەك بوونایە، کـێ دەیوێـرا دەستمان بـۆ بەرێـت؟

مەعقوولە حزبە کوردستانییەکان تاوەکو ئێستا یەکوتار و یەکدەست نین و نەیانتوانیوە بڕیارێکی بوێرانـە بـە گوێـی دوژمـن و نەیارانـی میللەتـی کـورددا بـدەن؟ لـە ناوخـۆ بێت، یـان لـە دەرەوەدا، دەبێـت بڵێیـن ئێمـەی حزبـە کوردسـتانییەکان خۆمـان یەکلایـی کردووەتـەوە، ئـەوە پەیامـی ئێمەیـە سـەبارەت بـە خـاك و نیشـتمان و شـوناس و نەتـەوە و، تێکـڕا ئـەو مەلەفانـەی ئێـوە دەستـی بـۆ دەبـەن، هێڵـی سـوورن بەلامانـەوە، بەتایبـەت لـە کەرکـوك کـە دەبێـت پارێـزگار لـە کـورد بێـت، چونکـە ئێمـە زۆرینەیـن. لـە بەغـداش دەبێت هەمـان سیاسـەت بگرنەبـەر، بـا ئامانجـی نەتەوایەتـی یـەك بخـەن و بڕیـار بـدەن کـە ئـەو پرسانەی پەیوەستـن بـە شـوناس و خاك و ئابووری و بژێـوی خەڵکـی کوردسـتان هێڵـی سـوور بـن، ئـەو جـا دەبینـن دوژمنانتـان چـۆن لـە ئاسـتی میللەتـی کـورد دەچەمێـن و داواکارییەکانـی کوردیـش بەهەنـد وەردەگـرن.

بەداخەوە هەرێمی کوردستان تا ئێستا خاوەنی دەسـتووری خـۆی نییـە، لـە سـاڵی ۲۰۰۲ـەوە پەرلەمانـی کوردسـتان خەریکـی دەسـتوورە، تاوەکـو ئێستا کە ساڵی (۲۰۲٤)ـە، بە هۆی ململانێی حزبییەوە نەتوانراوە دەستوورێك بۆ هەرێم دابنێن.

نەبوونی دەستوور لە هەرێم گەورەترین زیانی بە دۆزی کورد گەیاندووە.

بیرمـە لـە بەغدا لەسـەر پرسـی دەسـتووری هەرێم عەرەبـە شـوڤێنییەکان و بـەرەی تورکمانـی، هاواریـان لـێ بـەرز ببـووەوە و دەیانگـوت نابێـت هەرێمـی کوردسـتان دەسـتووری هەبێـت، ئـەو کاتـە زۆر هـاوارم کـرد کـە بـرادەران بـا لـە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتوورەکە پەسـەند بکرێـت، بـە هەمـوو کەموکورتییەکـەوە، دواتـر هێـدی هێـدی ماددەکانـی نێـو دەسـتوور هەمـوار بکەنـەوە، خـۆ ئـەو دەسـتوورەی دەینووسـن، قورئـان نییـە تـا نەوێـرن دەسـتی لـێ بـدەن. ئەگـەر هەرێـم دەسـتووری پەسـەند بکرادایـە تووشـی ئـەو هەمـوو کێشـە و گرفتانـە نەدەبـووەوە کـە ئێسـتا لـە کوردسـتان سـەریان هەڵـداوە.

لەمێـژەوە، وەك چاودێرێـك سـەرنج لـە هەڵوێسـتی حزبـە کوردسـتانییەکان دەدەم، بەتایبـەت ئـەو ململانـێ حزبییـەی کـە لـە نێوانیانـدا هەیـە، گومانێکـی لا دروسـت کـردووم، کـە بـە داخ و کەسـەرەوە ئـەو قسـەیە دەکـەم، خەریکـە ئـەو گومانـە دەبێتـە ڕاسـتی و حەقیقـەت، ئەویش ئەوەیـە تـۆ بڵێیـت سـەرکردەی حزبـە کوردسـتانییەکان و ئەوانـەی خۆیـان بـە خەمخـۆری دۆزی کـورد دەزانـن، لـە ناخـەوە کـوردی عیـار ۲٤بـن، یـان شوناسـێکی دیکەیـان هەیـە و ئێمـە پێیـان نازانیـن؟ ئەگینا دەبـوو ئـەو حزب و لایەنە کوردییانە لەوەتەی دروست بوون، دۆزی میللەتـی کوردیـان بکردایەتـە خەمـی سـەرەکییان، کۆشـش و هەوڵـی جددییـان بـۆ بدایە لـە جیاتـی ململانێـی حزبایەتـی، بـا هـەر بڵێـن: ئێمـە کوردیـن.

چـۆن دەبێـت سـەرکردایەتیی حزبـە کوردسـتانییەکان ئەوەنـدە بێبـاك و کەمتەرخـەم بـن لـە بەرانبـەر ئـەو هەمـوو قوربانییـەی بـە درێژایـی سـەدە سـاڵ لـە پێنـاوی کـورد دراون، ئـەی چـۆن شـەرمەزار نابـن لـە بەرانبـەر ئـەو مێـژووە خوێناوییـە پـڕ لـە سـەروەرییەی بەسـەر میللەتەکەیانـدا هاتـووە؟

دیارە ئەوانەی ئاماژەم پـێ کـردن لـەو چەند خولەکـەدا مشـتێکن لـە خەرمانێـك و دەتوانیـن چەنـد کتێبێـك لەسـەر ئـەو ململانێـی حزبییـە بنووسـینەوە، بـەڵام لێـرەدا کاتەکـە هـەر ئەوەنـدە دەخوازێـت.

بـەو هیوایـەی سـەرکردە حزبییەکانمـان بـە خۆیانـدا بچنـەوە و لـە کەلـی شـەیتان بێنـە خـوارەوە، واز لـە بەرژەوەندیـی حزبـی بهێنـن و ئەوەنـدە لـە خەمـی بزنێس و پلـەو پۆسـت و پـارەو سـەروەت و سـاماندا نەبـن، ئاوڕێـك لـەو جەمـاوەر داماوەیـان بدەنـەوە، بڕیـار بـدەن لەمـەودوا شـەو و ڕۆژ بخەنـە سـەریەك لـە پێنـاو دۆزی ڕەوای میللەتەکەیـان، بـۆ ئـەوەی هەندێـك لـەو مێـژووە نابووتـەی کـە لەسـەریان تۆمـار کـراوە، بیسـڕنەوە. بێگومـان کـەس شانازی بـەو مێژوویانـەوە نـاکات، تەنانـەت حەزیـش ناکـەن گوێبیسـتی بـن.

**لەم بارودۆخە هەستیارەدا حزب هەیە پێی خۆشە ئەو ئەزموونەی کوردستان تێک بچێت و جارێکی دیکە دەسەڵاتی بەغدا حوکمی جەماوەری کوردستان بکاتەوە**

**هەرێمی کوردستان تا ئێستا خاوەنی دەستووری خۆی نییە، لە ساڵی ۲۰۰۲ـەوە پەرلەمانی کوردستان خەریکی دەستوورە، تاوەکو ئێستا کە ساڵی (۲۰۲٤)ـە، بە هۆی ململانێی حزبییەوە نەتوانراوە دەستوورێک بۆ هەرێم دابنێن**

**چۆن دەبێت سەرکردایەتیی حزبە کوردستانییەکان ئەوەندە بێباک و کەمتەرخەم بن لە بەرانبەر ئەو هەموو قوربانییەی بە درێژایی سەد ساڵ لە پێناوی کورد دراون**



## هەندرێن ئەحمەد

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان:

# ئەگەر حزبەکانی دەسەڵات بە جددی شان نەدەنە بەر چارەسەرکردنی گرفتەکان، چارەنووسێکی باش چاوەڕێی ئێمە ناکات

هەندرێن ئەحمەد، جیا لەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستانە، لە هەمان کاتدا میدیاکار و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستانە، هەروەها سکرتێری ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی ڕزگاری و ڕێگای کوردستان بووە و دواتریش دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی ئاسمانیی ڕێگا بوو، کە یەکەمین کەناڵی چەپ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە گفتوگۆی ئەمجارە «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان» زۆر ڕاشکاوانە دیدوبۆچوونی لەسەر مەترسییەکانی ململانێی ناتەندروستیی حزبی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان باس کرد، هەروەها چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی گرینگیشی خستە ڕوو.

ئەم بابەتە «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان»، بابەتێکی زۆر گرینگ و سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەم گفتوگۆیەدا هێندەی باس لە شێوازی ململانێ حزبییەکان کرا، هێندە تیشك نەخرایە سەر ئەوەی ئەم ململانێیانە چ کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە گرینگە ئەم لایەنەش تیشکی جددی بخەینە سەر.

بۆ ئەوەی دەروازەیەك بکەمەوە و بتوانم قسە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین، ئەو پرسیارە دەکەم: «ئایا لە کوردستاندا ژینگە و ژیانێکی تەندروستی حزبیمان هەیە؟» بێگومان بەڕێزانی پێش من قسەیان لە ناتەندروستیی ئەو ژینگەیە کرد کە حزب هۆکاری ئەم دۆخەیە، لە ڕاستیدا، وێڕای ئەمانەش مانای ئەوە نیە کە حزبی سیاسی پێویست نییە، حزب پێویستیی هەموو قۆناغێکە، لە ژێر ئاڵا و دروشمی ئەو حزبانەدا لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا بە هەزاران کوڕ و کچی ئەم نیشتمانە گیانی خۆی فیدای ئەم خاکە کردووە، بۆیە ژیانی دیموکراتیی ئێستاشمان دیسان حزبی سیاسی پێویستە و هەوڵ دەدەم، لە چوار ڕەهەندی جیاوازە تاوتوێی بابەتەکە بکەم:

ڕەهەندی یەکەم، قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییە، کە ئەمە فۆڕمی سیاسیی کۆدەنگی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لەسەرە، هەروەها گرینگی بابەتی داڕشتنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان و پاراستنی قەوارە سیاسییەکەش بە هەمان شێوە.

ڕەهەندی دووەم، چەمکی هاووڵاتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، کە پێم وایە جێگەی بایەخە قسەی لەسەر بکرێت.

ڕەهەندی سێیەم، بونیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان (چ وەك سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان، هەروەها چ وەك بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، بەداخەوە کە لە کاریگەریی حزبە سیاسییەکان بەدەر نییە.

ڕەهەندی چوارەم، ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان (ئەمنی قەومی) و دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسیی بۆ ڕێکخستن و دروستکردنی هاوهەڵوێستی و یەکڕیزیی نێوان حزبە سیاسییەکان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی نیشتمانی.

پێش ئەوەی بێمە سەر شرۆڤەی ئەم ڕەهەندانە، یوسف زیدان، کە بیرمەندێکی عارەبە لە دەستنیشانکردنی مانای چەمکەکان بە زمانی عەرەبی، قسەیەکی هەیە کە دەڵێت: «دەبێت مانای هەقیقی خۆی بدەینە چەمکەکان»، ئەوجا بۆ ئەوەی مانای هەقیقی بدەین بە «ململانێی حزبی و کاریگەری لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان»، لەسەر ئەم پرسە کێشەیەکی گەورەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە لە کۆڕ و سیمینارەکاندا بە ڕاشکاوانە کێشەکان دەستنیشان ناکرێن. ئێمە دەبێت دوو سێ شت هەیە لێکی جیا بکەینەوە، من لێرەش ناتوانم بڵێم: پەکەکە تۆ بە چ شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕی کۆمەڵێك ناوچەی کوردستان داگیر دەکەیت و ددان بە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا نانێی؟ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، کە بەشدارن لە حکومەت، بە چ شەرعییەتێك ئۆپۆزسیۆنیشن؟ پارتی دیموکراتی کوردستان کە تۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتت لایە، بۆشی ئەم واقیعە قبووڵ دەکەیت و ڕاستییەکان ناخەیتە بەردەستی خەڵك، یان بۆچی هەموو دەسەڵاتەکانت قۆرخ کردووە؟ ئایا ئەم قۆناغە پێویستی بە شەراکەت و هاوبەشیی هەموو لایەنەکان نییە؟ ئەگەر بمەوێت وردەکاریی ئەمانە باس بکەم، بە هۆی پۆپۆلیستیەت و موزایەدات، خزمەت نەکات، کە گومان لەوەشدا نییە دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان بە دروستی سەرەتای چارەسەرکردنەکانن.

یەك دوو ساڵ پێش ئێستا شاندێکی ئەورووپی لە هەرێمی کوردستان بوون، قسەیەکیان کرد زۆر بەلامەوە گرینگ بوو. گوتیان «ئێوە وەك هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکان و سەندیکا و ڕێکخراوەکان، لە ساتەوەختێکدا وەك وڵاتێکی پێشکەوتووی دیموکراتی هەڵسوکەوت دەکەن، لە ساتێکی دیکە دەگەڕێنەوە دەبنەوە بە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی بە هەموو گرفت و کێشە و نەخۆشییەکانیەوە». ئەم خەسڵەتەی ئەوان تێبینییان کردووە، کێشەی قۆناغی ڕاگوزەرە، بەدەر لە پێشکەوتنی سرووشتیی

**ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان (ئەمنی قەومی) و دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسی بۆ ڕێکخستن و دروستکردنی هاوهەڵوێستی و یەکڕیزیی نێوان حزبە سیاسییەکان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی نیشتمانی**

**لە کۆڕ و سیمینارەکاندا بە ڕاشکاوانە کێشەکان دەستنیشان ناکرێن**

**دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان بە دروستی سەرەتای چارەسەرکردنەکانن**

**قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی لە تێکۆشانەوە دەست پێدەکات هەتا دەگاتە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و خۆشگوزەران**



**کۆمەڵێک قۆناغ هەیە کە هێشتا تەواومان نەکردوون و لە نیوەی ڕێگەکەین، لەسەر ئەم نیوەی ڕێگەیەش کۆک نین و دیدوبۆچوونی جیاوازمان هەیە**

**ئەو ململانێ حزبییەی ئێستای حزبەکان و جیاوازیی هەڵویست و بۆچوونیان بەرانبەر بە سەربەخۆیی و فیدراڵیەت و تەنانەت قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە دەستووری عێراقیش ددانی پێدا ناوە، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و پێویستی بەچارەسەر هەیە**

**واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بە کردەیی دوو زۆنییە و لە هەندێک ناوچە لە جێگەی حکومەت حزب حاکمە و دوو دیدی جیاوازمان بۆ مامەڵەی نێودەوڵەتی و دیپلۆماتی هەیە**

**فۆرمی ئێستا فیدراڵییەتە لە عێراق و لەژێر هەڕەشەی نوخبەی سیاسیی حاکمەکانی بەغدایە و لە مەترسیدایە**

کۆمەڵگە و شێوازی حوکمڕانی، لەدوای ئەم قسانە ئینجا دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕەهەندانەی کە ئاماژەم پێکردن.

١- سەبارەت بە فۆڕمی سیاسی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا، لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیمان تەواو کردووە، هەتا ئەمڕۆ بتوانین دەستنیشانی قۆناغێکی تازە بکەین؟ بە بۆچوونی من، نەخێر، لەبەر ئەوەی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی لە تێکۆشانەوە دەست پێدەکات هەتا دەگاتە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و خۆشگوزەران، واتە کۆمەڵێك قۆناغ هەیە کە هێشتا تەواومان نەکردوون و لە نیوەی ڕێگەکەین، لەسەر ئەم نیوەی ڕێگەیەش کۆك نین و دیدوبۆچوونی جیاوازمان هەیە. خەڵکانێك هەن لە پرۆسەی سەربەخۆیی پەشیمان بوونەتەوە، هەن لە فیدراڵییەت پەشیمان بوونەتەوە و لە چوارچێوەی حزبێکدا بیردەکەنەوە، نەك نیشتمانێك، لەمەش زیاتر بەشێك لە هەڵسوکەوتی حزبەکەی ئەوەمان پیشان دەدات، لەگەڵ هاوکێشەیەکی هەرێمی دەڕوات. کە ئەم قسانە دەکەم، مانای ئەوە نییە ناچمە سەر کێشە و ململانێ و لێکەوتە نێودەوڵەتییەکانی، ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ، بەدەر نییە لە ڕیزبەند و لێکەوتە جیهانییەکان، لە لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەریی زلهێزەکان لەم ناوچەیەدا، بەڵام تایبەتمەندیی ئەم گفتوگۆیەی ئەمڕۆ ئێمە دەیکەین، باسی ناوخۆی کوردستانە، هەر بۆیە ئەو ململانێ حزبییەی ئێستای حزبەکان و جیاوازیی هەڵویست و بۆچوونیان بەرانبەر بە سەربەخۆیی و فیدراڵیەت و تەنانەت قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە دەستووری عێراقیش ددانی پێدا ناوە، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و پێویستی بەچارەسەر هەیە، لەمەش ترسناکتر ئەوەیە کە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بە کردەیی دوو زۆنییە و لە هەندێك ناوچە لە جێگەی حکومەت حزب حاکمە و دوو دیدی جیاوازمان بۆ مامەڵەی نێودەوڵەتی و دیپلۆماتی هەیە. دوو دیدوبۆچوونی جیاوازمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتوو و ئایندەی هەرێمی کوردستان هەیە، هەموو ئەمانە کە لە ئەنجامی ململانێی ناتەندروستیی حزبی دروست بوون، لەم قۆناغەدا کاریگەری و بارگرانییەکی گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

فۆڕمی ئێستا فیدراڵییەتە لە عێراق و لەژێر هەڕەشەی نوخبەی سیاسیی حاکمەکانی بەغدایە و لە مەترسیدایە، ئەوە شۆڤێنییەتی ئەوانە و پێم وانییە بە دیموکراتی شکڵی، بە بێ بوونی کەسانی دیموکراتخواز بابەتەکە چارەسەر بکرێت. بۆیە ڕاددەی نزمی ڕێککەوتن بریتییە لە داکۆکیکردن لە فیدراڵییەت و دەبێت ڕێگەنەدەین بە بیانووی جیاوز لێی کەم بکرێتەوە، دەبێت بەمە بەدەر بێ لە ململانێی حزبی .

٢- ڕەهەندی دووەممان سەبارەت بە چەمکی هاووڵاتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، ئاشکرایە کە ئەوەی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و لە ئێستاشدا بۆ هەرێمی کوردستان ئەرکی پاراستن و داکۆکی لەسەرشانە، هەر خەڵکی چینی ناوەند و خوارووی کۆمەڵگەن کە سووتەمەنیی شۆڕشەکان بوون و ئێستاش ئەگەر مەترسی بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان، هەر ئەم خەڵکە قوربانیدەری پاراستنی کوردستان دەبن، بە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە. ئایا ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت، مەبدەئی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەستەبەر کردووە؟

هەروەها، ئەوەی جێگەی داخە، ئەمڕۆ هەر ئەم خەڵکە خۆڕاگرە وەك هاووڵاتیی پلە یەك و پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، چەمکی هاووڵاتیبوون بۆ من و کەسێکی دیکە جیاوازە، ئەو هاووڵاتیی پلە یەکە و من هاووڵاتیی پلە دووم، چونکە ئەو ئەندامی حزبی دەسەڵاتە و من ئەندامی حزبێکی خاوەن هەزاران شەهیدیشم بۆ ئەم کوردستانە، یان هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی بم، هەر پلە دووم، هەر بۆیە ئەگەر من هاووڵاتییەکی پلە یەك نەبم، نابمە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك، لە هیچ فەرمانگەیەك ئیمتیازاتم نابێت، هەرچەند توانا و شارەزاییم هەبێت، هەر بە هیچ ئەژمار دەکرێت. ئەمانە بە سادەیی باس

دەکەم و ناچمە سەر شتە گەورەکان، کەواتە کە ئەمە حاڵی چەمکی هاووڵاتیبوون بێت، ئایا پاراستنی شەرعییەتی هەرێمی کوردستان پشت بە کێ دەبەستێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت: ئێمە بەهۆی ململانێی حزبییەوە، ئیشکالییەتی حوکمڕانیمان هەیە، کە باسی دیموکراسی دەکرێت و گوایە ئازادیی سیاسی و میدیایی و هەڵبژاردنمان هەیە، لەمبارەیەوە، من ڕاشکاوانە دەڵێم بەبێ بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بڕوام بە سیستەمی دیموکراتی نییە. بڕوام بە دیموکراتی نییە، بەبێ دامەزراوەی قانوونی و حوکمڕانیی بەهێز، ڕاستە دیموکراتی پەراوێزێکت بۆ حزبایەتی دروست دەکات، بەڵام کێشەی دیکەشت بۆ دروست دەکات، کە دواتر دەوڵەتت پێ بەڕێوەناچێت، لەبەر ئەوە پێویستمان بە دووبارە پێداچوونەوە بەو دیموکراتییەتە هەیە کە ئێستا هەمانە و دیموکراتی بەبێ ناوەڕۆکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرەو مەترسییەکی گەورە هەنگاومان پێ هەڵدەگرێت. ئەو دیموکراتییەی ئێستا هەمانە، خراپ نییە بەڵام شکڵییە و حزبەکان دروستیان کردووە، نەك پێویستیی واقیعیی بۆ نیشتمان.

لە ڕۆژی ئازادیی نیشتمان و ئاڵا و نەورۆز، تێڕوانینی حزب پیرۆزیی ئەمانە دیاری دەکات، نەك نیشتمانپەروەری، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوێکی پیرۆزە، دوو بڕوای سەربازی بەڕێوەی دەبات، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، ململانێی ناتەندروستی حزبی وای کردووە کە چەمکی هاووڵاتیبوون لە کوردستان بزر بووە و پێویستی بە دووبارە دروستکردنەوە و دووبارە گێڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان هەیە. لەم چوارچێوەدا ڕاشکاوانە دەست دەخەمە سەر برینەکان و ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەگەر حزبەکانی دەسەڵات بە جددی شان نەدەنە بەر چارەسەرکردنی گرفتەکان، چارەنووسێکی باش چاوەڕێی ئێمە ناکات، چونکە بە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی، ئەگەر دوو هێزی چەکداری و دوو دیدی جیاوازی سیاسی لەهەر شوێنێك هەبوو، ئەنجامەکەی شەڕ و لێکترازانە، لە ساڵانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ دەرفەتێکی زۆرمان لە دەستی خۆمان دا، ئەگەر سازشمان بۆ یەکتری بکردایە و توانای گفتوگۆی ناوخۆییمان هەبوایە وەك بنەمایەکی هاوبەشی لە نیشتمان، دەمانتوانی یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکەینەوە، کۆمسیۆنی باڵامان کارا بکردایەتەوە، ئێستا پێویستمان بەوە نەدەبوو هەر چوار ڕۆژ جارێك دادگای فیدراڵی کە خۆی نادەستوورییە و بڵێ ئەوە دەستوورییە و ئەمەیان نادەستوورییە و بووەتە دێوەزمەیەك بەسەر ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا ئەو دادگایە مافی دەرکردنی یاسای نییە و تەنیا تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوورە.

بۆیە پێویستە لێرەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تێیدا بەشدارن، هاوکات لەگەڵ تەواوی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەسەر مەبدەئی شەراکەت لە وڵاتدا، بەیەکەوە کار بکەن، کە بنەمای ئەم کارکردنە بەرژەوەندیی گشتی و هێنانەدی چەمکی هاووڵاتیی ڕاستەقینەیە، بە نەهێشتنی جیاوازی و قۆرخکاری لە هەموو بوارەکاندا.

ڕەهەندی سێیەم بریتییە لە بونیادنانی دامەزراوەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەستمان پێکردووە، کە زۆربەی خشتەکانی ئەم دامەزراوانە بە هەڵە و خاروخێچی دانراون و، چاککردنەوەشیان ئاسان نییە، بەڵام دەبێت ڕێگری بکەین و لەسەری بەردەوام نەبین. لە دوای ساڵی ١٩٩١، هزری لیبراڵی ڕۆژئاوایی بە باش و خراپییەوە لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان بە کۆپییەکی خراپەوە سەپێندرا، کە ئەوکات وەك باهۆزێکی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤییەت بوو. ئەمە بەردەوام بوو تا گەیشتینە ئەوەی ئەمریکا لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ بەتەواوی بیرۆکەیەکەی سەپاند، لەسەر ئەم هزرە ڕێکخراو و کۆمەڵگەی مەدەنیمان بونیاد نا، لیستی هەڵبژاردنمان هێنا و کە کۆدەبێتەوە لە کەسی یەکەم، لە جێگەی حزبمان دانا، دامەزراوە و ژیانی حزبیمان لەسەر بنەمای موزایەدات و نەهێشتنی پیرۆزمەندیی سیمبولەکان دروست کرد، لە ئازادیی میدیادا هەموو سنوورێکمان فەرامۆش کرد، بۆیە گرینگە بە بەرنامەی درێژخایەن و بەبێ دەستوەردانی حزب و ململانێی حزبی چارەسەری هەڵەکان لە بونیادنانی دامەزراوەکانماندا، بکرێت.

**ڕادەی نزمی ڕێککەوتن بریتییە لە داکۆکیکردن لە فیدراڵییەت و دەبێت ڕێگەنەدەین بە بیانووی جیاوز لێی کەم بکرێتەوە، دەبێت بەمە بەدەر بێ لە ململانێی حزبی**

**پێویستمان بە دووبارە پێداچوونەوە بەو دیموکراتییەتە هەیە کە ئێستا هەمانە و دیموکراتی بەبێ ناوەڕۆکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرەو مەترسییەکی گەورە هەنگاومان پێ هەڵدەگرێت**

**ململانێی ناتەندروستیی حزبی وای کردووە کە چەمکی هاووڵاتیبوون لە کوردستان بزر بووە و پێویستی بە دووبارە دروستکردنەوە و دووبارە گێڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان هەیە**

**ئەگەر دوو هێزی چەکداری و دوو دیدی جیاوازی سیاسی لەهەر شوێنێك هەبوو، ئەنجامەکەی شەڕ و لێکترازانە**



**لە دوای ڕاپەڕینەوە، قۆناغ قۆناغ لە هەیبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم کراوەتەوە، یەکێک لەو ڕووانەی کە حکومەتی لاواز کردووە، ئەوەیە حزب بەهێزترە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت**

لەلایەکی دیکەوە، بە درێژایی **٣٣** ساڵی ڕابردوو و لە دوای ڕاپەڕینەوە، قۆناغ قۆناغ لە هەیبەتی حکومەتی هەرێمی کورستان کەم کراوەتەوە، یەکێك لەو ڕووانەی کە حکومەتی لاواز کردووە، ئەوەیە حزب بەهێزترە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بە بەردەوامی سەروەریی یاسا پێشێل دەکرێت و دادگە سەربەخۆیی لەدەست دەدات، لەناو کۆمەڵگەشدا ئەمە بە تەواوی هەستی پێ دەکرێت، بۆیە کە باسی عێراق دەکەین، دەڵێین عێراق دەوڵەتێکی سرووشتی نییە و ئیشکالیەتی دەوڵەت هەیە، ئەوە لە کوردستاندا بەداخەوە، ئیشکالیەتی حوکمڕانی و لاوازیی دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە، ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە تووشی مەترسی بێت، ئایا تەنیا خەتاکەی لایەنی دەرەکییە؟ دوژمنان نەیانهێشت هاووڵاتیانی کوردستان لە دەوری حکومەتەکەیان کۆببنەوە؟ یان ئەوە درێژەدانە بە هەڵە و گوێنەدان بە هەموو دەنگە دڵسۆزەکانە، وادەکات دەنگی حزب دلێرتر بێ لە حکومەت و بەمشێوەیەش زۆرینەی زۆری هاووڵاتیان، دەخرێنە پەراوێز و دواتریش لەنێو خودی حکومەتیشدا، دامەزراوەکانی پەکیان دەکەوێت، شێوەی میکانیکی وەردەگرێت و بە زەحمەت دەتوانن کارەکانی دەوڵەتداری بەڕێوە ببەن.

ڕەهەندی چوارەم، ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی ئەنجومەنی سیاسیی حزبەکانی کوردستانە کە بنەماکەی هاوبەشییە لە وڵاتدا، شەراکەتێکی کۆمەڵگەیی نەك حزبی بە تەنیا. هەموو لایەك دەزانن لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ئەوە بەرەی کوردستانی بوو کە یاسای ژمارە یەکی دەرکرد و هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام درا و لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانی کوردستان دامەزرا و پاشان بەداخەوە، وازمان لەبەرەی کوردستانی هێنا، کە لە ڕاستیدا هەق نەبوو واز لەو بەرەیە بهێنرێت، لەبەر ئەوەی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی تا هەموو ئەرکەکانی خۆی تەواو دەکات، پێویستی بە بەرەیەکی هاوشێوەی بەرەی کوردستانی هەیە، کە لە چوارچێوەی پەیڕەوێکدا زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ جۆرێك لە دیالۆگ لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا، بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیەش بێتە ئاراوە، پێویستمان بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسیی هەیە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی



بگرێتە ئەستۆ، لە هەموو وڵاتانی جیهانیشدا ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەیە کە ئەرکی پاراستنی «زمان، خاك و مێژووی وڵات، و نەهێشتنی مەترسییەکانی ئێستا و ئایندە» دەگرێتە ئەستۆ.

بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان ڕێکخستنی ئەو ئەقڵییەتەی کە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا دەکات زۆر گرینگە، بۆ ئەوەی شاندی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بە ئەقڵییەتێك دانوستاندن بکات، کە نوێنەرایەتیی گەلێك دەکات، نەك وەك ئێستا کە بە ئەقڵییەتی فەرمانبەر و داواکاری مامەڵە دەکات، واتە ئەم ئەنجومەنە ڕەنگە بە شێوازێك ڕێك بخرێت، کە بتوانێت هەموو لێکەوتە و مەترسییەکان بە شێوازی نیشتمانی و بە کۆدەنگی و یەك گوتاری، بۆ ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوە دەرببڕێت، گرینگە ئەم ئەنجومەنە سیاسییە لەسەر بنەمای کۆدەنگی سیاسیی لایەنەکان دابمەزرێت، لایەنەکان کۆدەنگ بن لەسەری بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیاری گرینگ بدەن، بەڵام نابێت ئەم ئەنجومەنە جێگەی حکومەت بگرێتەوە، ئەرکی ئەوە دەبێت ڕاوێژ بداتە حکومەت و دامەزراوەکانی، ناوەندێك دەبێت بۆ یەکهەڵوێستی بەرانبەر بە هەموو مەترسییەکان، ئەمەش مەبدەئی شەراکەتی کۆمەڵگەیی بونیاد دەنێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە حزبەکان چییان دەست دەکەوێت، بەڵکو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و نیشتمان لە کوێدایە، بڕیارەکانی بەوشێوەیە دەبن.

لە کۆتایی قسەکانمدا، پێشنیار دەکەم، کە پێویستە کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ دیالۆگی نیشتمانی ساز بکرێت و لەوێدا چەندین کۆمیتە و بازنەی کارکردن بۆ گفتوگۆی هەموو شتێك دروست بکرێت کەپەیوەندی بە ئاسایشی نیشمانیی کورستانەوە هەیە. هەروەها پێویستمان بە بڕیاردانی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە چەندین ساڵە دوادەخرێت و نابێت ئەم بابەتە بە ویستی وەرزخوازی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ئەم دەستوورە ناوەڕۆکەکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران بێت، سەبارەت بەهێزی پێشمەرگە لەپێشەکی هەموو کارەکاندا، پێویستە یەك بڕوای سەربازی هەبێت و وەلائی بۆ نیشتمان بێت نەك حزب و هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەش بگرێتەوە.

**پێویستمان بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسی هەیە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی بگرێتە ئەستۆ، لە هەموو وڵاتانی جیهانیشدا ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هەیە**





## عادل مەلا سالْح

ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان:

# ململانێی ناخۆش و ناتەندروست لە ناو حزبی کوردیدا مێژوویەکی قووڵ و دێرێنی هەیە

عادل مەلا سالْح، ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستانە و یەکێکە لە سیاسەتمەدارەکانی ئەم وڵاتە و، حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستانیش یەکێکە لەو حزبە سیاسییانەی کە هەموو کات لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانییەوە سەیری پرسە گرنگەکانی ئەم نیشتمانەی کردووە، لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعشیش ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دیدوبۆچوونی خۆی و حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستانی باس کرد و، چەند پێشنیار و ڕاسپاردەشی خستەڕوو.

ئەگەر لە ڕوانگەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەییەوە لاپەڕەکانی مێژووی ململانێی حزبە سیاسییەکان هەڵ بدەینەوە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەستنیشان بکەین، ئەوا بە داخەوە دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین کە ململانێی ناخۆش و ناتەندروست لە ناو حزبی کوریدا مێژوویەکی قووڵ و دێرینی هەیە، کە دەکرێت بڵێین حزبی کوردی و ململانێی ناتەندروست دوو ڕووی یەك دراون.

لە مێژووی پێش ڕاپەڕینی حزبەکانی کوردستاندا، مێژوویەکی گەش و زێڕینمان نییە، ململانێ حزبییەکان زۆرجار گەیشتوونەتە ئاستی شکاندنی پەنجەی یەکتری و پشتشکاندنی براکان و دەستچوونە خوێنی یەکتری و، مێژوویەکی ڕەش و تاڵمان تۆمار کردووە. هەروەك جەنابی کاکە حەمە لە (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك)دا و کاك نەوشیروان لە بیرەوەرییەکاندا بۆمان دەگێڕنەوە.

بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە بەشێکیان فیگەر و قاڵبووی کاری سیاسین، ئەوانی دیکەش لە ڕووی ڕووناکبیری و فەرهەنگییەکەوە ئاگاداری وردی ئەو مێژووە تاڵەی ململانێی حزبەکانمانن لە پێش ڕاپەڕینن، بە جۆرێك مێژووی ڕەشی ئەوتۆمان هەیە، کە بەدەر لە مێژووی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیی نیشتمان و کوردستاندا دژی ڕژێمی بەعس، لەوانەیە زۆر لە مێژوونووسان بە شەرمەوە بینووسنەوە، ئەوانەشی تا دوێنی خەبات و تیکۆشانیان لە پێناوی ئازادیی نیشتماندا کرد و جێدەستیان دیار بووە، کاتێك دەگەنە نووسینەوەی مێژوو و بیروەرییەکانیان، زۆر لە قسەکانیان بڕگەی لێ وەردەگرێت و لە ڕێگەی هۆیەکانی میدیا و سۆشیال میدیا بە جۆرێکی دیکە بە کۆمەڵگەی دەفرۆشنەوە، بە واتایەکی دیکە، دێن بە شێوەیەکی ئینتقائییانە پەرەگرافێك بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەردەهێنن و گەورەی دەکەن و وەك پەڵەیەکی ڕەش لەسەر مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە قەڵەمی دەدەن و، بەوجۆرە پیشانی دەدەن کە ئەوە مێژووی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بووە. کە جێگای ئیفتخار نییە . بەداخەوە

بەڵام پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گەشی پێش ڕاپەڕین بکەم، لە مێژووی خەباتی پارتە سیاسییەکانماندا، دوای ئەو ململانێ توند و خوێناوییەی نێوان حزبە سیاسییەکان کە پێش ڕاپەڕین تۆماریان کرد، ئەویش دامەزراندنی بەرەی کوردستانییە، لە پێناوی یەکخستنی هەڵویستەکان و بەهێزکردنی بەرەی شۆڕشگێڕی، بە ئامانجی ڕزگاری و ئازادیی نیشتمانەکەمان، بۆیە بە دیدی من دامەزراندنی بەرەی کوردستانی خاڵی گەوهەری و وەرچەرخانی هزری کوردی بوو کە توانی واز لە ململانێکان بهێنێت و هەموو حزبەکان خۆیان لەناو بەرەیەکی کوردستانیدا ببیننەوە، وەك چەترێك بۆ یەکخستنی هێز و تواناکانیان، جا هەر کات و سەردەمێك ئەگەر حزبەکان بە یەکگرتوویی کاریان کردبێت، سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کردووە و ئەگەریش لێك ترازابن و جیا بووبن، ئەوە بە زیانی خۆیان و خەڵکیش تەواو بووە. لەدوای ڕاپەرینش دیسان هەر بەرەی کوردستانی بوو کە توانی زەمینە بۆ هەڵبژاردن خۆش بکات و توانیمان پەرلەمان و حکومەتی خۆمان دابمەزرێنین و، ئیدی لێرەوە ڕۆڵی بەرەی کوردستانی کۆتایی هات، بەڵام بەداخەوە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە ململانێ لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا دروست بووەوە.

ئێمەی خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوە بووین، دوای گواستنەوەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی شاخ بۆ شەرعییەتی هەڵبژاردن و دامەزراوەیی، ململانێی حزبییەکانیش وەربچەرخێت بۆ کێبڕکێی دیموکراتییانەی نێوان حزبەکان، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ئاکامەکانی سندووقی هەڵبژاردن، کە ئەمە لە هەموو پرۆسە و سیستمێکی دیموکراتیدا کارێکی ڕەوای حزبە سیاسییەکانە، بەڵام لەبری ئەم چاوەڕوانییە، جارێکی دیکە ململانێی حزبە سیاسییەکان لەسەر دەسەڵات گەیشتەوە ترۆپك و دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی چەکداریی ناوخۆ، (شەڕی براکوژی) کە ئەمەیان نەك هەر شەرعییەتی پێ نادرێت، بەڵکو پەڵەیەکی دیکەی ڕەشی مێژووی حزبە سیاسییەکانە، کە دیسان بە دڵنیاییەوە مێژوونووسان بە شەرمەوە ئەم مێژووە دەنووسنەوە و ڕووناکبیران بە شەرمەوە لە گفتوگۆکاندا ئاماژەی پێ بکەن.

**ململانێ حزبییەکان زۆرجار گەیشتوونەتە ئاستی شکاندنی پەنجەی یەکتری و پشتشکاندنی براکان و دەستچوونە خوێنی یەکتری و، مێژوویەکی ڕەش و تاڵمان تۆمار کردووە**

**مێژووی ڕەشی ئەوتۆمان هەیە، کە بەدەر لە مێژووی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیی نیشتمان و کوردستاندا دژی ڕژێمی بەعس، لەوانەیە زۆر لە مێژوونووسان بە شەرمەوە بینووسنەوە**

**دامەزراندنی بەرەی کوردستانی خاڵی گەوهەری و وەرچەرخانی هزری کوردی بوو کە توانی واز لە ململانێکان بهێنێت و هەموو حزبەکان خۆیان لەناو بەرەیەکی کوردستانیدا ببیننەوە**



لە قۆناغی ئێستاشماندا کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، حزبی کوردی بە دوو خەسڵەت دەناسرێتەوە کە بریتین لە «ململانێ و بەرژەوەندیی حزبی»، سەیرکردنی بەرژەوەندی لای حزبی کوردی کەوتە سەرووی هەڵویستەکانەوە و لەسەر میتۆدی (المصالح فوق المواقف) کاردەکەن، بە جۆرێك کە ئەخلاقی سیاسی لە کایەکەدا هەستی پێناکرێت (ئەڵبەتە نەك بە ڕەهایی)، بە داخەوە کە بە جۆرێك سیاسەت کرا کە کە ئامانجیان شکاندنی سیمبولەکانی ئەم نیشتمانە بوو.

لە ساڵی ٢٠١١ لە دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە چیمان کەم بوو، کاتێك بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی ڕژانە گۆڕەپانەکان و دەستمان کرد بە شکاندنی کۆمەڵێك سیمبولی شۆڕشگێڕی و مێژوویی ئەم نەتەوەیە؟ هەر حزبی کوردی بوو وای لە تاکی کورد کرد، جورئەتی ئەوەی بداتێ دەست ببات بۆ شکاندنی سیمبولەکانی ئەم نیشتمانە، کە بێگومان ئەمەش خاڵێکی گەش نییە لە مێژووی حزبی سیاسیی کوردیدا.

خاڵێکی دیکەی نەرێنی کە حزبی کوردی دروستی کردووە، ئەوەیە لەبری ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتمانی خۆی، وەلائی بۆ وڵاتانی دیکە هەبووە. ئەمە خاڵێکی زۆر مەترسیدار و ترسناکە، ئەمە گەیشتووەتە ئاستێك وڵاتانی دراوسێ کاریگەرییەکی زۆر کارا و دیاریان هەبێت لەسەر ڕەوشی ڕووداوەکان و بارودۆخی ناخۆیی هەرێم و خودی حزبەکانیشمان، کە ئەمەشیان زۆر خاڵێکی نەرێنییە بەداخەوە.

لەبری ئەم خاڵە ڕەش و نەرێنییانە، حزبی کوردی دەبوو کاری لەسەر تاکی کوردی و بووژانەوەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و پتەوکردنی ڕیزەکانی هێزە دیموکراسیخواز و کوردستانییەکان بکردایە. بەداخەوە ئەوەی ئێستا حزبی کوردی پێ دەناسرێتەوە، تەواو تەواو پێچەوانەی ئەمەیە. ئەوەی کاری لەسەر ناکرێت، هەستی نیشتمانی و نەتەوەییە، ئەمە بە ڕەهایی ناڵێم، بەڵام بە ڕێژەیەك لە ناو هەموو حزبەکاندا هەیە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ململانێی ناتەندروستی حزبی ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە، کە لەبری ئەوەی خەریکی چارەسەرکردنی قەیرانەکان بین، خەریکی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانین، بەڕێوەبردنی قەیرانەکانیش وایان لێ کردووین کە بیر لە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان نەکەینەوە، خاڵێکی دیکە کە کاریگەریی ئەم هەست و ڕەوشە لە ساڵانی داهاتوودا بە ئاشکرا دەبینین. خاڵێکی دیکە کە خەسڵەتی حزبی کوردییە، لێکترازان و لێکجیابوونەوەیە، بەداخەوە تا ئێستاش ئەم حاڵەتە لە ناو حزبی کوردیدا هەیە.

ململانێی ناشەریفانەی ئێمەی ئەحزابی سیاسیی کوردستانی، خەریکە ئەو ئەزموونەی کە بەرهەمی چەندین شۆڕش و دەریایەك خوێن و فرمێسکی خانەوادەی شەهیدان و قوربانییانی جینۆسایدە، بەرەو لاوازکردن و پووکانەوە و هەڵدێر دەڕوات. بۆ نموونە

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستپێکی کابینەکەدا، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ بە ناوی (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازات و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستانی عێراق)، یەکێك لە بڕگەکانی ئەم یاسایە تایبەتە بە (یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان)، ئەم بڕگەیە بەڕاستی وەك ئەوەیە پزیشکی پسپۆڕ نەخۆشییەکی ترسناك دەستنیشان بکات و دەرمانی نەخۆشییەکەش بەردەست بخات، ئەوا بە هەمان شێوە لەم یاسایەدا نەخۆشییەکە دەستنیشان کراوە، بەڵام چارەسەرەکە بەکار ناهێنین. یاسای چاکسازی دەڵێت: «پێویستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەك بگرێتەوە و ببێتە یەك هێزی نیشتمانی، خاکی کوردستان و بەرژەوەندیی خاك و وڵاتەکە بپارێزێت)، پرسیار ئەوەیە: ئەوە کێیە و کام هۆکارە کە ناهێڵێت ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت؟ حزبەکان و ململانێی نێوان حزبەکانە.

هەر سەبارەت بەو یاسای چاکسازیە، ئێمە وەك پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەم کابینەیەدا وەزارەتی شەهیدانمان وەرگرتووە و تا ڕادەیەکی باش بە سەرپەرشتیی خودی جەنابی وەزیر بڕگە و مادەکانی یاساکەمان وەك خۆی جێبەجێ کردووە و لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەکەشدا مینحەی ١٣٠٠٠ سێزدە

**هەر کات و سەردەمێک ئەگەر حزبەکان بە یەکگرتوویی کاریان کردبێت، سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کردووە و ئەگەریش لێک ترازابن و جیا بووبن، ئەوە بە زیانی خۆیان و خەڵکیش تەواو بووە**

**بەداخەوە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە ململانێ لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا دروست بووەوە**

**لە دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە چیمان کەم بوو، کاتێک بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی ڕژانە گۆڕەپانەکان و دەستمان کرد بە شکاندنی کۆمەڵێک سیمبولی شۆڕشگێڕی و مێژوویی ئەم نەتەوەیە؟**

هەزار کەسمان بڕی کە بەدەر لە یاسا بۆی بەسترابوو، ئەگەر بە چاویلکەی حزبی لەم ئەرکە سیاسییەمان ڕوانیبا، نەمان دەتوانی مانگانە تەنیا بە جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە ٩٩٦٠٠٠٠٠٠ نۆ سەدو نەوەد و شەش ملیۆن دیناری مانگانە بگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، خۆشبەختانە بە هیمەتی جەنابی وەزیر و لیژنەکانی چاکسازی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك کاری گەورەیان ئەنجام داوە لە پاککردنەوەو وردبینی کردنی لیستەکانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و بەرکەوتووانی کیمیایی و تاقانەکانی جینۆساید.

لە قۆناغی ئێستادا، هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەناو عێراق فیدراڵی بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت. بۆیە دەڵێین (بەناو) چونکە لە ئێستادا بەناو دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی پێناسە دەکرێت، بەڵام فیدراڵیەتێکی ناتەواوە، تەنیا هەرێم کە هەبێت، هەرێمی کوردستانە و پڕۆژەیاسای دروستکردنی هەرێمەکان پشتگوێ خراوە و دروستکردنی هەرێمی دیکە لە ناو ئەم دەوڵەتە فیدراڵییەدا ڕەت دەکرێتەوە، ئەوجا لەو ڕوانگەیەوە کە نییەتی باش لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بەرانبەر بە چەسپاندنی فیدراڵی و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نابینرێت، بۆ پاراستنی ئەم قەوارە سیاسییەی ئێستامان و بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە ساڵانی ڕابردوو بەدەستمان هێناون و، دەریایەك خوێنی شەهیدان بۆ بەدیهێنانی ئەو دەستکەوتانە دراون، کە دواترینیان شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بوو، لەمەشیاندا هێزەکانی حزبمان یە پێشمەرگە و خانەشین و کادیرانی مەبەڵبەندەکانەوە بە سەرۆکایەتیی جەنابی کاکە حەمە وەك سەرۆکی حزب و پێشمەرگەی کوردستان، تا کۆتایی جەنگەکە بەردەوام بووین، لە پارێزگاریکردن لە خەڵك و خاکی کوردستان. مەبەستمە بڵێم بە یەکگرتوویی هەمووان توانرا لە دێوەزمەی داعش ڕزگارمان ببێت. جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە چوارچێوەیەك بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی حزبە سیاسییەکان دروست بکەینەوە، ئەوجا ئەم چوارچێوە ناوی دەنێین (ئەنجومەنی سیاسی، یان کۆڕبەندی باڵای حزبە سیاسییەکان، یان کۆڕبەندی باڵای حزبە سیاسییەکان، هەر ناوێکی دیکە)، کە نەبێتە ئەڵتەرناتیف بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بەڵکو چوارچێوەیەك بێت بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستاندا، بە کارکردنی ستراتیژی و پێشنیاری گرینگ و پڕۆژەی هاوبەشی نیشتمانی.

خاڵێکی کە خەمساردیمان لێ کردووە، ئەوەیە کە پێویستمان بە بوونی دەستوور هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، پێشتر لە ڕابردوو بیر لەم پرسە گرنگە کراوەتەوە و کاری لەسەر کرا و تەنانەت گەیشتە قۆناغی ئەوەی ڕاپرسیشی لەسەر بکرێت، بەڵام دیسان ململانێی حزبی وای کرد، ئەم دەستورە ڕووناکی نەبینێت و ئەم وڵاتە نەبێتە خاوەنی دەستووری خۆی، ئەگەر دەستوورمان هەبووایە ڕێگەی نەدەدا ململانێ حزبییەکان بگەنە ئەو ئاستەی کە نەتوانین لەسەر دەستنیشانکردنی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووك ڕێك نەکەوین. بەتایبەتی ئەوانەیان کە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە.

دەبێت پارتە سیاسییەکان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەوە دڵنیا بن، کە دادگای فیدراڵی و حکومەتی عێراق بە ناڕاستەوخۆ کار لەسەر پێوەندکردن و لەقاڵبدانی زیاتری هەرێم دەکەن، ئەمەش لێکەوتە و بەرهەمی ئاشکرای ململانێی حزبەکانمانە.

دوایین خاڵ کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، گرینگە ئێمە کار لەسەر پەروەردە بکەین، پرسی پەروەردە پرسێکە فەرامۆش کراوە و دەسەڵاتی سیاسی لێی بێباکە، بۆ نموونە ئەمساڵ چەندین مانگ لە چەند پارێزگا دەرگای قوتابخانەکان نەکرانەوە، ئەم جیاوازییەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی ناتەندروستی حزبی، بۆیە گرینگە هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەمیش پارتە سیاسییەکان بە بێ ناوهێنان بایەخی زیاتر بدەن بەم کەرتە گرنگە. ئێمە هەتا نەوەیەکی ڕۆشنبیر پەروەردە نەکەین، هەتاوەکو کار لەسەر ئینتیما و هۆشیاریی نیشتمانی نەکەین، ناتوانین ببینە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**وڵاتانی دراوسێ کاریگەرییەکی زۆر کارا و دیاریان هەبێت لەسەر ڕەوشی ڕووداوەکان و بارودۆخی ناخۆیی هەرێم و خودی حزبەکانیشمان، کە ئەمەشیان زۆر خاڵێکی نەرێنییە بەداخەوە**

**ململانێی ناتەندروستی حزبی ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە، کە لەبری ئەوەی خەریکی چارەسەرکردنی قەیرانەکان بین، خەریکی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانین**

**ئەگەر دەستوورمان هەبووایە ڕێگەی نەدەدا ململانێ حزبییەکان بگەنە ئەو ئاستەی کە نەتوانین لەسەر دەستنیشانکردنی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووك ڕێك نەکەوین**






محەمەد سەعدەدین ئێلخانی

سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمانی:


# پارتی دیموکراتی کوردستان لە سایەی مەرجەعییەتی سەرۆک مسعود بارزانی بڕیاری زۆر گرینگ دەردەکەن و هەموو حزبەکەش پێوەی پابەندن، ئەمە بۆ حزبەکانی دیکەش گرینگە

محەمەد سەعدەدین ئێلخانی، سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمانە لە هەرێمی کوردستان و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان دەکات، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو لێبووردەیی و پێکەوەژیانە ئاشتییانەیە کە وەك سیمایەکی گەش لە کوردستاندا هەیە و، کوردستانییان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە شانازیی پێوە دەکەن، لە گفتوگۆی ئەم جارە (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

پرسی (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) پرسێکی زۆر گرینگە، ئەو بەڕێزانەی پێش من قسەیان کرد، زۆر باش ئەم پرسەیان تاوتوێ کرد، بە پێویستی نازانم دووبارەیان بکەمەوە، بۆیە من لەسەر لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە گرینگە قسە دەکەم.

پێش هەموو شت فرەیی حزبی سیمایەکی جوانی سیستمی دیموکراتییە و پاشاگەردانی نییە و نابێت ڕێگەش بدرێت ببێتە پاشاگەردانی، هەر بۆیە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کیبرکێی حزبی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمان، کارێکی ڕەوایە و سیمایەکی جوانیش بە سیستمە حوکمڕانییەکە دەدات و کۆمەڵگەش زیاتر چالاك دەکات، بەڵام لەم گفتوگۆیەی ئێمە دەیکەین، پرسەکە بەو جۆرە تاوتوێ کرا، بەوەی ئایا ململانێی حزبی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئایندەی کوردستان دەبێت؟، لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ڕاشکاوانە بڵێین: کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرەحزبییە کە فرەحزبییش هەبوو، کێبڕکێی نێوان حزبەکان کارێکی ئاسایی و ڕەوایە، هەروەك چۆن لە کۆمەڵگەی عەرەبیی عێراقیدا ململانێیەکە مەزهەبییە، ئەم ململانێیە لەلایەن عەرەبی شیعەی عێراقەوە دەستی پێکرد، هەر بۆیە ئێستا عەرەبی سوننەش ململانێ لەسەر مەزهەبی سوننە دەکەن.

لەو وڵاتانەی کە دیموکراتین و حزبەکان کیبرکێ دەکەن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، لە وڵاتێکی گەورەدا و لە تەنیا یەك هەڵبژاردندا جاری واهەیە حزبێك ٢٠-٣٠ ملیۆن دەنگ بەدەست دەهێنێت، ئەم ژمارەیە هەموویان ئەندام و کادری ئەو حزبە نین، بەڵام لە سیستمی فرەحزبی لە کوردستاندا، ئەو هاووڵاتییەی دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان هەر کار و پیشەیەکی هەبێت، لە هەمان کاتدا ئەندام، یان کادری حزبێکی دیاریکراوە و دەچێت دەنگ بە حزبەکەی خۆی دەدات، ئەمە وای کردووە کە شێوازی کێبڕکێی حزبی لە کوردستان شێوازی ململانێی حزبی وەربگرێت و هاووڵاتیان لەسەر بنەمای پابەندبوونیان بە حزبەکان وەك ئەندام و کادر، دەنگ بە حزبی خۆیان دەدەن، نەك جەماوەری حزبەکە و، لەسەر بنەمای بەرنامەی حزبەکە بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی کوردستان بدەین، دەبینین ئەندامانی حزبێکی سیاسی وەك ئۆپۆزسیۆن ڕەخنە دەگرن و ناڕازین، بەڵام لە ڕۆژی دەنگدان زۆر بە خۆشییەوە و بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە دەچن دەنگ هەر بەو حزبە دەدەن کە پێشتر لێی ناڕازی بوون، ئەمەمان لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی کوردستانیشدا بینی، پێش ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کۆڕ و کۆبوونەوە و میدیاکانیش زۆر زۆر بوو، بەڵام کە سندووقی دەنگدان دانرا، خەڵك بە خۆشحاڵییەوە چوونە سەر سندوقی دەنگدان و بە (بەڵی) دەنگیان بە ڕیفراندۆم دا.

بە چاوخشاندنەوە بەو قۆناغە مێژووییانەی کە کوردستان پێیدا تێپەڕیوە، هەر لە کۆنەوە تاکو دوای ڕاپەڕین، ئەوە شتێکی ئاساییە حزبە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا جۆرێك لە ملانێی حزبی هەیە، کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەموو گەلی کوردستان دروست کردووە، هەر بۆ نموونە حزبی سیاسی هەیە وەك حزبی سیاسیی ئۆپۆزسیون سیاسەت دەکات و بانگەشە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و نەمانی گەندەڵی و بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگە دەکات و، دەڵێت من کاری دیموکراتی دەکەم و مافی ئازادیی ڕادەربڕینی خۆم پیادە دەکەم، بەڵام لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکان و ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، گورزێکی کاریگەر لە تەواوی پرۆسەی دیموکراتی و پرۆسە سیاسییەکە و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەدات.

لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە کێبڕکێی حزبە سیاسییەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستهێنانی کورسیی پەرلەمان، وەك پیادەکردنی مافێکی دیموکراتی، ئەوا ئەم شێوازە کێبڕکێیە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستان نابێت، بەڵام ئەو

**فرەیی حزبی سیمایەکی جوانی سیستمی دیموکراتییە و پاشاگەردانی نییە و نابێت ڕێگەش بدرێت ببێتە پاشاگەردانی**

**لە کۆمەڵگەی عەرەبیی عێراقیدا ململانێیەکە مەزهەبییە، ئەم ململانێیە لەلایەن عەرەبی شیعەی عێراقەوە دەستی پێکرد**

**ئەو حزبە سیاسییانەی کە دەیانەوێت ئەم کێبڕکێیە بکەنە ململانێی حزبی و خراپ بەکاری بهێنن، ئەوا ئەم ململانێیە دەبێتە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان و دەبێت بە هۆکار چارەسەری بۆ بدۆزینەوە**



**حزب و پێکهاتەکانی دیکەش سەرۆک مسعود بارزانی بە چەتر و مەرجەعی خۆیان دەزانن**

**کارێکی زۆر ئاساییە خەڵکەکە گلەیی و گازندەی هەبێت و ئەم گلەیی و گازندانە ڕووبەڕووی حکومەتی خۆی بکاتەوە، بەڵام گرینگە ڕێگە نەدەین لایەنی دەرەکی گلەیی و گازندەکە بقۆزنەوە و دەست بخەنە ناو کاروباری هەرێمی کوردستانەوە**

**ئەگەر حکومەت پارە نەداتە حزبە سیاسییەکان، ئەوا حزبەکان ناچار دەبن بەدوای سەرچاوەیەکدا بگەڕێن کە کاروباری حزبەکەیانی پێ هەڵبسووڕێنن،**

حزبە سیاسییانەی کە دەیانەوێت ئەم کێبڕکێیە بکەنە ململانێی حزبی و خراپ بەکاری بهێنن، ئەوا ئەم ململانێیە دەبێتە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان و دەبێت بە هۆکار چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، لەوانە:

- دەبێت حزبە کوردستانییەکان ئەوانەی لە ناو دەسەڵاتن و ئەوانەشی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرانبەر پاراستنی ئەم قەوارە سیاسییە، ئەمە تەنیا کاری حزبەکانی دەسەڵات نییە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی سەرجەم حزبەکانی کوردستانە، ئەمڕۆ حزبێك لە دەسەڵاتە ئەوا سرووشتی دیموکراتی بەو جۆرەیە کە لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردندا حزبێکی دیکە دەچێتە دەسەڵات، یان کۆمەڵێك حزبی دیکە دەگەنە پەرلەمانی کوردستان و دەبنە خاوەنی کورسیی پەرلەمان.
- ئەزموونی پێکهاتەی گەلی کوردستان کە پێکهاتووە لە نەتەوە و ئایینی جیاواز، ئەزموونی پێکەوەژیانی ئاشتی و برایانەیە لە ناو ئەم پێکهاتەیەی گەلی کوردستاندا و کارێکی زۆر ئاساییە خەڵکەکە گلەیی و گازندەی هەبێت و ئەم گلەیی و گازندانە ڕووبەڕووی حکومەتی خۆی بکاتەوە، بەڵام گرینگە ڕێگە نەدەین لایەنی دەرەکی گلەیی و گازندەکە بقۆزنەوە و دەست بخەنە ناو کاروباری هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو ئەمەش دەبێت ئەرکێکی دیکەی حزبە سیاسییەکان بێت بۆ ئەوەی هاریکار بن و ڕێگەچارە پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی ئەو گلەیی و گازندانە چارەسەر بکرێن.

ئەم دوو خاڵەی ئاماژەم پێ کرد پێویستی بە دوو هۆکاری دیکە هەیە کە بتوانرێت جێبەجێ بکرێن:

- بەڕێزان لەم گفتوگۆیەدا باسیان لە زەروورەتی مەرجەعییەت لە کوردستاندا کرد، بوونی ئەم مەرجەعییەتە بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە، من لێرە کە وەك سەرۆکی حزبێکی تورکمانی قسە دەکەم، زۆر جار باس لە شێوازی بڕیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە لە سایەی مەرجەعییەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری زۆر گرینگ دەردەکەن و هەموو حزبەکەش پێوەی پابەند دەبێت، ئەمە گرینگە بۆ حزبەکانی دیکەش.

- کاتێك باسی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەین وەك مەرجەع، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە جەنابیان تەنیا مەرجەع نییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، حزب و پێکهاتەکانی دیکەش سەرۆك مسعود بارزانی بە چەتر و مەرجەعی خۆیان دەزانن، تەنانەت ئەو حزبانەشی کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمان نین، لە زۆرێك لە پرسە ستراتیژییەکاندا لەگەڵ هەنگاو و بیرکردنەوەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی هاوڕا دەبن و هەمان سیاسەت پیادە دەکەن، هەروەك چۆن لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا هەموو حزب و پێکهاتەکانی کوردستان دەنگیان بە ڕیفراندۆم دا.

خاڵێکی دیکە کە دیسان ئاماژەی پێ کرا، پرسی هەموارکردنەوەی یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان و پارەدارکردنیانە (تمویل الاحزاب)، ئەم یاسایە دەرچووە بەڵام بەداخەوە جێبەجێ نەکراوە، جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر حزبە سیاسییەکان و هەروەها پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش دروست دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حکومەت پارە نەداتە حزبە سیاسییەکان، ئەوا حزبەکان ناچار دەبن بەدوای سەرچاوەیەکدا بگەڕێن کە کاروباری حزبەکەیانی پێ هەڵبسووڕێنن، کە زۆر جار ئەو سەرچاوەیە حزبی دیکە دەبن، یان لایەنی دەرەکی دەبن، لەم حاڵەتەشدا ئەم حزبە دەبێتە پاشکۆی ئەو حزبە، یان ئەو لایەنە دەرەکییەی کە دەبێتە سەرچاوەی دابینکردنی پارە بۆ حزبەکەی.

خاڵێکی دیکە گرینگ کە منیش جەختی لەسەر دەکەمەوە، پێویستیی دامەزراندنی ئەنجومەنی سیاسیی حزبەکانە، ئەم ئەنجومەنە هەم زۆر پێویستە و هەمیش زۆر گرینگە، ئێمە بمانەوێت، یان نەمانەوێت، هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەی فرەحزبییە، لەناو ئەم فرەحزبییەدا ئەگەر میکانیزمێك نەبێت یەکریزی و یەکهەڵوێستی دروست بکات، ئەوا فرەحزبی لە زۆر پرسدا زیان بە ئاسایشی



نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، بۆ نموونە، ئێمە وەك پێکهاتەکانی کوردستان ئەوە باش دەزانین کە چەند بازنەی هەڵبژاردن زیاتر بێت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، هەم پرۆسەکە دیموکراتیتر دەبێت و هەمیش خەڵك باشتر بەشداریی پرۆسەکە دەکات، بەڵام ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە گرینگە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەنیا یەك بازنە بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە وای دەبینین کە لە هەرێمی کوردستاندا پرسێکی نیشتمانی هەیە، هەتا ئێستا ئەو پرسە نیشتمانییە بە تەواوەتی نەهاتووەتەدی و دەبێت هەموومان پێکەوە کار بۆ ئەو پرسە نیشتمانییە بکەین، لەمەش گرینگتر ئێمە پەرلەمانی کوردستان تەنیا وەك ئەنجومەنێکی مەدەنی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان سەیر ناکەین، بەڵکو پەرلەمانی کوردستان وەك ئەنجومەنێکی نیشتمانی سەیر دەکەین و ئەرکی سەرشانیەتی کە پرسە نیشتمانییەکان تەواو بکات و، هەر کاتێك پرسە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتە قۆناغی کۆتایی و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان گەرەنتیی ئەوەی مسۆگەر کرد، کە سەقامیگر و جێگر و سەلامەتە، ئەوا ئەو کاتە ئێمە دێینە سەر وردەکارییەکان، هەر هەنگاوێك لە خزمەتی پرۆسە دیموکراتییەکەدا بێت ئەوە جێبەجێ دەکەین.

کەواتە زەروورەتی ئەنجومەنی سیاسیی پارتە سیاسییەکان، ئەم پەرتەوازەییە کۆتایی پێ دەهێنێت کە ئێستا هەیە، زیاد لەمەش ئێمە چەندین پرسی دیکەمان هەیە کە حزبە سیاسییەکان هەڵوێست و بیروبۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەیە، وەك پرسی شێوازی مامەڵەکردنی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، شێوازی دانوستاندن و مامەڵەکردنمان لەگەڵ بەغدا، شێوازی مامەڵەکردنی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە هەموو ئەم پرسانەدا ئەگەر ئەو ئەنجومەنە سیاسییەمان هەبێت و یەکڕیزی و یەکهەڵویستی لە ناو حزبە سیاسییەکاندا دروست بێت، ئەوا حزبە سیاسییەکان هەم ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبێت، هەمیش ڕاوێژ و هاریکاری دەدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئەگەر میکانیزمێک نەبێت یەکریزی و یەکهەڵویستی دروست بکات، ئەوا فرەحزبی لە زۆر پرسدا زیان بە ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت**





فەهمی سەلمان، ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارە و ئەزموونی کاری سیاسی و ڕێکخستنی حزبیی هەیە و، لەسەر واقیعی سیاسیی ناو حزبەکان کاری کردووە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) لە ڕوانگەی ئەزموونی هزری و پراکتیکی سیاسییەوە دیدوبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی بەم جۆرە خستە ڕوو.


فەهمی سەلمان

ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار :


# حزبایەتیکردن بەم شێوازەی کە هەیە لێکترازانی لە نێوان دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستاندا دروست کردووە

پێش هەر شتێك دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە بۆ ئەم پرسە گرینگە (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) ئەم گفتوگۆیەی ڕێك خستووە و ئەم هەموو دەستەبژێرەی لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان کۆ کردووەتەوە.

من قسەکانی خۆم بە پرسیارێك دەست پێدەکەم: ئایا حزبی سیاسی پێویستە بۆ کۆمەڵگە، یان نا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: بەڵێ، حزبی سیاسی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی زەرووڕەتە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبی سیاسی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرقەراربوونی سەقامگیریی سیاسیی و ئاسایش لە وڵاتدا، بۆیە گرینگە حزبی سیاسیی ڕۆڵێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت.

لە لایەکی دیکەوە حزبی سیاسی ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت بۆ بەرهەمهێنانی هزرێك، کە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێنسانسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵگەدا.

ئەرکێکی دیکە و گرینگی حزبی سیاسی لە کۆمەڵگە ئەوەیە کە حزبی سیاسی دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی بۆ ئاراستەکردنی هەوڵەکان پێکەوە لە پێناوی

بەدەستهێنانی ئامانجە گشتییەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، لەم بازنەیەدا بەڵێ، حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و سەردەمییانەدا پێویستییەکە و دەبێت هەبێت.

بەڵام کاتێك دێینە سەر ئەو ململانێ حزبییە نەرێنییەی لە کوردستان هەیە، ناکرێت ئێمە هەردوو فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی لەبەرچاو نەگرین. بە تێڕوانینی من هەردوو فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی کاریگەرییان لەسەر ئەم ململانێ حزبییە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشێکی سەرەکیی ئەو ململانێ حزبییە پەیوەستە بە فاکتەری دەرەکی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، ئەو کێشە و ئاریشانەی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون و گواستراونەتەوە بۆ کوردستان، کە من هیوام دەخواست ئێمە وەك هەرێمی کوردستان خۆمان بپارێزین لەو ململانێ و دابەشبوونانەی ناوچەکە و لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی خۆمان بپارێزین.

ئێستا لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ململانێ حزبییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین لە ناو ئەو ململانێیانەدا هەمان دابەشبوونی ناوچەکە و لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیش هەیە، ئەم دابەشبوونانەش هەموویان دەبنە فاکتەرێك دەچنە خزمەتی دۆسێ دەرەکییەکانەوە.

هۆکارێکی دیکەی ئەم ململانێ ناتەندروستەی حزبە سیاسییەکان، پەیوەندیی بە مێژووی دروستبوونی حزبە سیاسییەکانەوە هەیە، لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، بەشێکی ئەم حزبانە پێداویستیی کۆمڵگەی کوردستان دروست نەکردوون، بە تێڕوانینی من واقیعێکی ساغڵەم ئەو حزبانەی دروست نەکردووە، ئەمەش ئەوەیە لە قۆناغی خەباتی چەکداریشدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان تووشی لێکترازان و لێك جیابوونەوەی حزبە سیاسییەکان بووە، گەلێك جاریش لە ئاکامی ئەم لێکترازانە شەڕی خۆکوژیی چەکداریش لە نێوان لایەنەکاندا دروست بووە.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە دوای سەرهەڵدانەکانی ١٩٩١ و پاشان دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت لە ساڵی ١٩٩٢ دەستمان بە پرۆسەیەکی دیموکراتی کرد، لە عێراقیش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاشانیش نووسینەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ پرۆسەکە دەستی پێکردووە.

کێشەو ئیشکالییەتی پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان و عێراقیش بە دیدی من ئەوەیە کە لە عێراق و کوردستان هزر و ڕۆشنبیریی دیموکراتی پێشینەی نییە، هەر بۆیە کاتێك بەبێ ژێرخانێکی هزری و ڕۆشنبیریی دیموکراتی دەتەوێت سیتسمێکی دیموکراتی تەبەنی بکەیت و بیکەیتە نموونەیەك بۆ حوکمڕانی، ئەوا ئەم دیموکراتییەتە کێشەی جڤاکی و سیاسیی لە وڵاتدا دروست دەکات، لەمەش زیاتر کاتێك کە خودی پرۆسە دیموکراتییەکە ئیشکالییەتی تێ کەوت، ئەوا پرسی دیالۆگ و یەکتری قبووڵکردنیش ئیشکالییەتی تێ دەکەوێت و، نازانین چۆن خۆمان ڕێك بکەوین و ئاشتی و سەقامگیری لە وڵاتی خۆماندا بەرقەرار بکەین، بۆیە لەم تێڕوانینەوە، ئەوەی ئێستا لە کوردستان لە لایەنە حزبە سیاسییەکانەوە وەك سیاسەت ململانێی لەسەر دەکرێت، گومانم هەیە ئەو ململانێیە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دروستدا پێناسە بکرێت، بە مانایەکی دیکە ئەو ئەقڵییەتە سیاسییەی سەرکردایەتیی پرۆسەی سیاسی دەکات، ئەقڵییەتێکی حزبیی تەسك و ڕەهایە، ئەم ئەقڵییەتە لە ئێستادا گەورەترین مەترسیی لەسەر پرۆژەی نەتەوەیی دروست کردووە.

لە بنەڕەتدا حزب ئامرازە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی پیرۆز، بەڵام ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان حزبە بووەتە ئامانج نەك ئامراز، ئێمە حزبمان گەیاندووەتە ئاسمان و پیرۆزمان کردووە و بنکە جەماوەرییەکانی حزبمان لەسەر ئەم بنەمایە پەروەردە کردووە، ئەمە بۆ هەموو حزبەکانی کوردستان بەو شێوەیە، حزباتیکردن بەم شێوازەی کە هەیە، بە ڕاستی مەترسیی لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دروست کردووە و لێکترازانی لە نێوان دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستاندا دروست کردووە، گەیشتووەتە ئاستێك باری دەروونیی خەڵك و کۆمەڵگەی شیواندووە، توندڕەویی دژوار بە ئاستێك پەیدا بووە کە ئێمە دوژمنی سەرەکیی خۆمان لەبیرکردووە و خۆمان

**حزبی سیاسی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرقەراربوونی سەقامگیریی سیاسیی و ئاسایش لە وڵاتدا، بۆیە گرینگە حزبی سیاسیی ڕۆڵێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت**

**بەشێکی سەرەکیی ئەو ململانێ حزبییە پەیوەستە بە فاکتەری دەرەکی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، ئەو کێشە و ئاریشانەی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون و گواستراونەتەوە بۆ کوردستان**

**لە قۆناغی خەباتی چەکدارییشدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان تووشی لێکترازان و لێک جیابوونەوەی حزبە سیاسییەکان بووە، گەلێک جاریش لە ئاکامی ئەم لێکترازانە شەڕی خۆکوژیی چەکدارییش لە نێوان لایەنەکاندا دروست بووە**

**کاتێک بەبێ ژێرخانێکی هزری و ڕۆشنبیریی دیموکراتی دەتەوێت سیستمێکی دیموکراتی تەبەنی بکەیت و بیکەیتە نموونەیەک بۆ حوکمڕانی، ئەوا ئەم دیموکراتییەتە کێشەی جڤاکی و سیاسیی لە وڵاتدا دروست دەکات**





**ئەو ئەقلییەتە سیاسییەی سەرکردایەتیی پرۆسەی سیاسی دەکات، ئەقلییەتێکی حزبیی تەسک و ڕەهایە، ئەم ئەقلییەتە لە ئێستادا گەورەترین مەترسیی لەسەر پرۆژەی نەتەوەیی دروست کردووە**

**لە بنەڕەتدا حزب ئامرازە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی پیرۆز، بەڵام ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان حزبە بووەتە ئامانج نەک ئامراز، ئێمە حزبمان گەیاندووەتە ئاسمان و پیرۆزمان کردووە**

**دوژمنی سەرەکیی خۆمان لەبیرکردووە و خۆمان بووین بە دوژمنی یەکتری، بەداخەوە ئەمە خەریکە دەبێتە واقیع**

**خاڵێکی دیکەی مەترسیدار لە ناو ئەم ململانێ ناتەندروستە حزبییەدا کە ئێستا لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، بوونی هێزی چەکدارە لە بەردەستی حزبەکاندا**

بووین بە دوژمنی یەکتری، بەداخەوە ئەمە خەریکە دەبێتە واقیع.

لێرە دەمەوێت ئاماژە بە واقیعێکی دوای ساڵی ١٩٩٢ بکەم، کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، لەو کاتەدا هێزێکی بە ناو کوردستانی (پەکەکە) دژایەتیی خۆیان بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و دەستیان کرد بە هێرشکردن بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەمەش شەڕێکی ناوخۆیان لە دژی حکومەتی کوردستان ڕاگەیاند و زۆر بە ئاشکرا دەیانگوت: «ئەم پەرلەمان و حکومەتەی هەرێمی کوردستان، خەنجەرێکە بۆ ئاسایشی عێراق و تورکیا و دەبێت نەمێنێت»، لە ساڵی ١٩٩٥ جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر ٢٠ بارەگای پێشمەرگە و چەندین پێشمەرگەیان شەهید و بریندار کرد، هەتا ئێستاش بە قووڵایی ٣٠ کم لە پارێزگای دهۆك ناوچەیەکی بەفراوانیان داگیر کردووە و ڕێگە نادەن گوندەکان ئاوەدان بکرێتەوە و پێشمەرگە بچێتەوە سنوورەکان و ئەو ناوچانە بپارێزێت، بە هۆی بوونی ئەوانەوە ڕۆژانە هێزەکانی تورکیا هێرش بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن و ئاسایش و سەقامگیریی کوردستانیان خستووەتە مەترسییەوە.

خاڵێکی دیکە هەر سەبارەت بە ململانێی ناتەندروستی حزبی کە دەخوازم ئاماژەی پێ بکەم، شێوازی مامەڵەکردنی حزبەکانی دەسەڵاتە لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، ئێستا ئەگەر سەیری پۆستەکانی حکومەت بکەین هەر لە سەرەوە تا خوارەوە، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە ئێمە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەمان دانەمەزراندووە کە سەر بە هەردوو لایەنی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) نەبووبێت، ئەمە وای کردووە چوارچێوەی دامەزراوەکانی ئێمە و نەخشەی حوکمڕانی نەك تەنیا حزبی بێت، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەکەمان بەحزبی کردووە، بەحزبیکردنی کۆمەڵگەش ئاکامێکی زۆر خراپی دەبێت، ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین کە کۆمەڵگەی خۆیان بەحزبی کردووە، ئەوا ئاکامەکەشی دەبینین کە حوکمڕانییەکی دیکتاتۆری و پۆلیسیی لێ بەرهەم هاتووە.

خاڵێکی دیکەی مەترسیدار لە ناو ئەم ململانێ ناتەندروستە حزبییەدا کە ئێستا لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، بوونی هێزی چەکدارە لە بەردەستی حزبەکاندا، کە ئەمە بە دیدی من هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و ئایندەی هەرێمی کوردستان و، لەمەش خراپتر مەترسیی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە نێوان حزبەکاندا، بۆیە زۆر گرینگە هەردوولا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەلە بکەن لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی پێشمەرگەدا.

دەرهاویشتەیەکی دیکەی نەرێنیی ئەم ململانێ حزبییە کە کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە گوتاری ڕۆشنبیری و فەرهەنگیی خۆمان لە چوارچێوەی گوتاری



حزبیدا تێکەڵاو کردووە، ئەمەش کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیی تەواوی کۆمەڵگە هەیە.

پرسێکی دیکە کە بە هۆی ئەم ململانێیەوە پڕیشکی زۆر خراپی بەرکەوتووە، بە حزبیکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، لە ژیانی دیموکراتیدا ناتوانرێت ژیانی دیموکراتی بە بێ پاراستنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بپارێزرێت، سیستمی کۆمەڵگەی مەدەنیش بە بێ سیستمی دیموکراتی وجوودی نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان سیستمی دیموکراتی و کۆمەگەی مەدەنیدا هەیە و، ئەگەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەحزبی کران، ئەوا پاراستنی تاك و مافی تاك لاواز دەبێت.

لە دوماهیدا و بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئیشکالییەتەی ململانێی حزبی دروستی کردووە، چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو:

- پەلەکردن لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان زۆر گرینگە.
- یاسایەك لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا بۆ ڕێکخستنی کاری حزبایەتی دەربکرێت و، حزبەکان پەروەردەی حزبیی خۆیان بگۆڕن بۆ پەروەردەیەکی نیشتمانی.
- بایەخ بە دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم بدرێت، بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا هەبێت.
- گرینگە حزبە سیاسییەکان لەو ڕاستییە تێبگەن کە مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مەترسییە بۆ سەر کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و بە تەنیا مەترسی نییە بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و، هاوشێوەی مەترسییەکانی ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ کە شەڕی عێراق –ئێران بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەوکات حزبەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە ئاشت بوونەوە و بەرەی کوردستانییان دامەزراند، ئێمە ئێستا پێویستمان بە بەرەیەکی کوردستانی هاوشێوەی بەرەی کوردستانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەیە.

**ئێمە ئێستا پێویستمان بە بەرەیەکی کوردستانی هاوشێوەی بەرەی کوردستانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەیە**



## شڤان حەمدی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# کێشەی سەرەکیی فرەحزبی ئەوەیە کە لەناو ژینگەی نەخۆشییەکی مەترسیدار لەدایک بووە، کە ئەویش یەکتر قبووڵنەکردن و سڕینەوە بووە

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و دەرچووی کۆلێژی یاسایە و لە سەرەتای لاوییەوە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە و، لە بۆنە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان» بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دروستی دەکات و لەناو پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لەدایك دەبێت و، هەتا ئەو پێداویستییانە دروست نەبن، حزب نابێتە پێویستییەك بۆ کۆمەڵگە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لە دەستووری ئەمریکادا باس لە پێویستیی حزبی سیاسی نەکراوە و، دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٨ حزبی کۆماری دیموکراتی لەسەر دەستی تۆماس جیفرسۆن دامەزرا، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی توانای خەڵکی ئەمریکا ڕێك بخەن و بتوانن وڵاتەکە بپارێزن، پاشان لە ساڵی ١٩٥٤ ئۆپۆزسیۆنەکانی دژی یاسای بەرفراوانکردنی کۆیلایەتی حزبی کۆمارییان دامەزراند بە حزبە دێرینە گەورەکە «GOP»، پاشانیش هەر ئەم حزبە بە سەرکردایەتیی ئەبراهام لینکۆڵن شۆڕشی لە دژی کۆیلایەتی کرد و سەرکەوت و کۆیلایەتی نەهێشت.

مێژووی دامەزراندنی حزبی سیاسی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش نەبووە بەڵکو وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێ کردووە، بۆ پاراستنی بزاڤی کەلتووری و زمان و شوناس بووە، هەربۆیە کاتێك جەنابی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ جەنابی شیخ مەحموودی حەفید بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزانی هەڵگیرساند، حزبی دانەمەزراند، بەڵکو بە هاوکاری لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان شۆڕشی دەست پێکرد و پاشان لێژنەیەکی بە ناوی لێژنەی «ئازادی» بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش دامەزراند و ئەم لێژنەیەش بە نوێنەرایەتیی هەموو گەلی کوردستان لە عێراقدا دانوستاندنی لەگەڵ ڕژێمی پادشایەتی عێراق کردووە و، دوای ئەوەی پێشەوا قازی محەمەد لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی کۆماری کوردستانی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند، مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بۆ پاراستنی ئەو کۆمارە چوونە ڕۆژهەڵات و لە ماوەی ئەو ساڵەی تەمەنی

کۆماردا بەرگرییەکی زۆر قارەمانانەیان لەو کۆمارە کرد، بەڵام مستەفا بارزانی کە خۆی سەرکردایەتیی هێزەکانی پاراستنی کۆماری دەکرد و لە ئاکامی ئەو شەڕانەی خۆی سەرکردایەتی دەکرد بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان، ئەوەی بۆ دەرکەوت بە بێ ڕێکخستنێکی سیاسیی بەهێز کە بتوانێت هەموو هێز و تواناکانی گەلی کوردستان ڕێکبخات و کۆبکاتەوە، ناتوانرێت نە شۆڕش و نە دەوڵەتیش بپارێزرێت، هەتا ئەگەر ئەو دەوڵەتە ڕابگەیەنرێت.

لەم ڕوانگەیەوە مستەفا بارزانی بیری لەوە کردووە کە حزبێك لە کوردستانی عێراق بە ناوی «پارتی دیموکراتی کوردستان» دابمەزرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم حزبە چۆن چۆنی دابمەزرێت؟ ئەوە بەڵگە مێژووییەکان پێمان دەڵێن، کە پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك «حزبێکی سیاسی خاوەنی بەرنامە و پەیڕەوی خۆی» دابمەزرێت، بەرنامەیەك هەبووە ئەم حزبە لە «یەکگرتنی ئەو حزبە سیاسییانەی ئەو سەردەمە کە بروایان بە شۆڕش و دەوڵەتی کوردستان هەیە، لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکان و کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان» هەموو پێکەوە زەمینەی کۆنگرەیەك بڕەخسێنن بۆ ئەوەی کۆنگرەیەك گرێ بدەن لەبەر ڕۆشنایی ڕاوبۆچوونی تەواوی حزبە سیاسییەکان و کەسایەتیی دیاری سیاسی و ڕۆشنبیری، بەرنامەیەك بۆ شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دابڕێژن.

ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦، چەمکی حزبی سیاسی کوردی و کوردستانی بردە قۆناغێکی دیکە و حزبی کردە ئامراز بۆ ئامانجێکی گەورە هەر بۆیەش لەماوەیەکی زۆر کەمدا بووە حزبێکی سەرتاسەری کوردستانی و هۆز و خێڵەکانی کوردستانی کۆکردەوە و لەناو بەرنامەیەکی سیاسیی نیشتمانیدا ڕێکی خستن و، لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ کاتێك چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا، پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بوونە ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول کە لە ماوەی یەك دوو ساڵدا ڕژێمی عێراقی بە چۆکدا هێنا و ناچاری کرد دانوستاندنی لەگەڵ دەست پێبکات.

ئەم ئاراستە دروستەی حزبی سیاسیی کوردی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تووشی پەتا و شێرپەنجەی لێکترازان و پەرتەوازەیی بوو، ئەو لێکترازان و پەرتەوازە بوونە لەسەر بنەمای بیربۆچۆنی جیاواز نەبوو لەسەر ئەوەی شێوازی شۆڕشی ئەیلوول چۆن بێت و کام ئاراستە بگرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕق و کینە و خواستی گەیشتن بە دەسەڵات بوو، هەر ئەمەش وای کرد کە ئەو لێکترازانە شێوازی دوو بیروبۆچوونی جیاوازی سیاسی بۆ ڕزگاری کوردستان وەرنەگرێت، بەڵکو دوو ئاراستەی پێچەوانەی وەرگرت، کە بریتی بوون لە ئاراستەی پشتگیرکردن لە شۆڕش و لە بەرانبەریشدا ئاراستەی دژایەتی و شەڕکردن لەگەڵ شۆڕشدا کە خەڵکی کوردستان و ئەوانەشی لەگەڵ ئەو باڵە بوون، ئاراستەی دژە شۆڕشیان ڕەت دەکردەوە.

کێشەی سەرەکیی ئەوەی پێی دەڵێن «سیستمی حزبی و فرەحزبی» ئەوەیە کە لە ناو ژینگەی نەخۆشییەکی مەترسیدار لەدایك بووە، کە ئەویش یەکتری قبووڵنەکردن و یەکتری سڕینەوە بووە و، لەدوای ساڵی ١٩٧٥یش کە حزبی زیاتر دروست بوو و فرەحزبییەکە فراوانتر بوو، دیسان هەر لەناو ئەو ژینگە نەخۆشە دروست بوو، ژینگەیەك کە خەڵکی کوردستان ڕەتی دەکردەوە و وەك دوژمنی کوردستان سەیری دەکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٩٢ بەرەی کوردستانی توانی بە شێوەیەکی کاتی ئازاری ئەم نەخۆشییە سڕ بکات، بەڵام بەداخەوە هەر لەگەڵ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە ئەو ژینگەیە و ئەو نەخوشییە ترسناکە سەرهەڵدایەوە و هەتا ئێستاش ئەو ژینگە ترسناکە بەردەوامیی هەیە، بۆیە لێرەوە ئەم پێشنیارانە دەخەمە ڕوو:

١- گرێدانی کۆنگرەیەکی میللی ئەمەش واتە نوێنەرانی سەرجەم چین و توێژەکان و کەسایەتیی دیار و سیاسی و ڕۆشنبیری ئەم وڵاتە کۆبکاتەوە، لەم کۆنگرە میللییەدا خاتری هیچ حزبێکی سیاسی نەگیرێت و هەڵەی هەموو حزبەکان ئاشکرا بکرێت و ئەم کۆنگرە میللییە ببێتە مانیفێستێك و هەموو حزبە سیاسییەکان پێوەی پابەند بن.

٢- یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان دووبارە لەبەر ڕووناکیی مانیفێستی کۆنگرە میللیەکە هەموار بکرێتەوە، یاسایەکی دیکەش دەربچێت بۆ ئەوەی پەیوەندیی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێك بخات.

٣- سنوورێك بۆ سیاسەتی میدیا لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان دابنرێت و ئەم سنووردانانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە یاسا جێبەجێ بکرێت.

**کاتێک جەنابی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ جەنابی شیخ مەحموودی حەفید بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزانی هەڵگیرساند، حزبی دانەمەزراند**

**ئەو لێکترازان و پەرتەوازە بوونە لەسەر بنەمای بیربۆچۆنی جیاواز نەبوو لەسەر ئەوەی شێوازی شۆڕشی ئەیلوول چۆن بێت و کام ئاراستە بگرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕق و کینە و خواستی گەیشتن بە دەسەڵات بوو**

**یاسای حزبە سیاسییەکانی کوردستان دووبارە لەبەر ڕووناکیی مانیفێستی کۆنگرە میللیەکە هەموار بکرێتەوە، یاسایەکی دیکەش دەربچێت بۆ ئەوەی پەیوەندیی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێک بخات**






**پ.د. نەزاکەت حوسێن**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**


# لەم سیستمە حزبی و ململانێ حزبییەدا پرسی ئینتیمای نەتەوەیی پارێزراو نابێت

**پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە و مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندنە و، ئەزموونێکی باشی لە کاری حزبایەتیی هەیە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

بۆ هەڵسەنگاندن بۆ هەر پرسێك و هەر بابەتێك، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدان و زەمینەی سەرهەڵدان و سرووشت و ڕەوڕەوەی مێژوویی ئەو پرسە و قۆناغەکانی. پرسی ئینتیمای نەتەوەیی و هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی حزبی کوردی و سیستمی حزبیی ئێستای هەرێمی کوردستان و سەیرکردنی ئەو ڕەوشەی ئێستا پیایدا تێدەپەڕێت، دەمانخاتە سەر باسێك کە بگوترێت: ئێمە بە ڕێگەیەکی ناتەندروستدا چووین، ئەویش دانەدەست و بەشکردنی ڕابەرایەتیی پرس و ئینتیمای نەتەوەیی گەلێك کە هێشتا زۆری ماوە بە ئاواتەکان و ئامانجەکانی بگات و، بەخشینەوەی دەستکەوت و ڕابەرایەتیکردنی نەتەوەیەك بە حزب و هەر حزبێك کە لەم هەرێمەدا لە هەرسات و کاتێکدا دروست دەبێت. ئەمە نەك پێچەوانەی سرووشتی ڕەوشی مێژوویی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردییە، بەڵکو پێچەوانەی سرووشتی سۆسیۆلۆژی و بنچینە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردییشە. جارێ سەرهەڵدانی شۆڕشی نەتەوایەتی لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شۆڕشی یەکەم و دووەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، هەموو ئەو شۆڕشانەی کە کراون بە سەرۆکایەتیی ئەم سەرکردانە و، لە هەمان کات شێخ مەحموودی حەفید و قازی محەمەد تا گەیشتووەتە شۆڕشی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان و سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر، سرووشتەکەی وا بووە کە هیچ کات لەسەر دەستی حزب نەبووە، دواتریش کە قۆناغەکە وای خواستوە ئەم دەسەڵاتە خراوەتە چوارچێوەی حزبێك کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام ئەوە لەو هەلومەرجەدا کە خەباتی شۆڕشگێڕی لە شاخ بووە، ئەو بڕیارە دراوە کە وەك حزب پێشڕەویی ئەو خەباتە بکرێت، تا ئەو کاتەش گرفتێك نەبووە لە لاوازیی ڕابەرایەتیکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و پارێزگاری لەم پرسە، چونکە سرووشتی کارکردنی ئەو کاتە بە شێوەیەك بووە کە سەردەمی قوربانیدان بووە، چ ئەوەی لە شاخ بووە، چ ئەوەی لە ناو شاردا بووە، پێکەوە قوربانییان داوە، ئەوەی هەستی نەتەوایەتیی هەبووە، بەڵام گرفتەکە

لەوەدا بوو، لە خەباتی مەدەنی و دوای ڕاپەڕین و کاتی چنینەوەی بەرهەمی ئەم شۆڕشگێڕییەدا کە کاتی بەیاساکردن و بەدەستوورکردنی ئەو خەباتە بوو، هاتین بە یاسایەکی فرەحزبی لە پێناو بەدیموکراسیبوون و بەشدارپێکردنی خەڵکی دیکەش لە دەستەکەوتەکان و حوکمڕانیدا، هەموو ئەو خەباتە مێژوویییە شۆڕشگێڕییە بەو یاسایە، ئەوەی ئەو ڕۆژگارە، یان تا ئێستاش حزبی دروست کرد، دێتە ناو هاوکێشەکە و دەیخەینە بەرەی پرسی نەتەوەیی و حوکمڕانی، لە کاتێکدا نەك بە مێژوو، هەندێك مافی نییە خۆی بکاتە خاوەنی ئەو شۆڕشە و بەشدار بێت، بەڵکو حزب هەیە لە بناغەدا بۆ پرسی نەتەوەیی دانەمەزراوە وکاری بۆ ناکات، بگرە بە ئەجندای دەرەکی کاردەکات و ڕابەڕانی نەتەوەیی خۆی ڕەت دەکاتەوە و پرسی نەتەوە ناهێڵێت، یان حزب هەیە بە ئەجندای جۆراوجۆری کەسی، یان بازرگانی دادەمەزرێت و دێتە سەرمێز لەگەڵ تۆ و وەك تۆ دەیەوێت خاوەن بڕیار بێت لە چارەنووسی ئەم میللەتەدا، ئەوەتا بەم یاسایە کۆمەڵێك حزبمان بەرهەم هێنا کە ئەمڕۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت و ڕابەرانی ئەم میللەتە، کڕین و فرۆشتن بە چارەنووسی ئەم هەرێمە و مافی خەڵك دەکەن لەپێناو موزایەدەیەکی هەڵبژاردن. ئەگەر سەیری هەموو ئەو وڵاتانە بکەین کە ڕابەرایەتیی وڵات و سەرکەوتنی وڵاتەکەی و سەربەخۆییەکەی لەسەر دەستی هەر بنەماڵەیەك بووە، ئێستاش وەك پادشایەتی، یان میر ماوەتەوە و ڕابەرایەتی و چارەنووسی نیشتمانی لای ئەو بنەماڵەیە هێشتووەتەوە، فرەحزبی نموونەیەکی مۆدێرن و دیموکراسییە و دژی نین، بەڵام تەنیا بۆ پرسی حوکمڕانییە، ئەویش بۆ ئەو حزبانەی کە دەتوانن کورسیی دەسەڵات بەدەست بهێنن، حوکمڕانییش سیستمێکی ئیداری و خزمەتگوزاریی وڵاتە نەك ڕابەرایەتیکردنی نەتەوە و نیشتمان. دەبوو کۆمەڵێك بابەت کە بڕیاری چارەنووسساز و پرسی نەتەوەییە، بسپێردرایەتە ئۆرگانێك، یان مەرجەعێك، یان تاکە لایەنێك، کە تەنیا ئەو مافی هەبوایە قسەی لەسەر بکات و ڕێککەوتن و دانوستانی لەسەر بکات، خۆ لە پراکتیکدا هەرواشە. لە مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردووی حوکمڕانیی هەرێمدا ئەوەی بە ڕاستەقینە خەمی ئەم نەتەوەیەی هەڵگرتووە و چووەتە ژێرباری سەختییەکان و پاراستنی هەر پارتی بووە بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی. شتێکی دیکە کە من لەسەرەوە باسم کرد، ئەویش باسی سرووشتی کۆمەڵگە بوو، سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکە کە خۆشەویستی و ئینتیمای ئێستاش بۆ خێڵ و کەسە سەرکردە مێژوویییەکانە، نەك حزب، کە پرسی ئینتیما بەش کرا لەگەڵ حزبەکان بە یاسای فرەحزبی، ئیتر لای خەڵك ناسنامە و نەتەوە ناشیرین بوو، ئەم هەرێمە جیاوازە لە هەر دەوڵەتێکی دیکە کە کێشەی نەتەوەیی و ناسنامەیان نییە، ئێمە خاوەن پرسێکین کە هێشتا لە نیوەی ڕێداین و نەگەشتووینەتە ئامانج، ناکرێت لەگەڵ کەسانێك بەشی بکەین کە ئەمە ئامانجیان نییە، ئەوەتا دەرەنجامەکەمان بینی، کە هەرکەس بۆ خۆی دەچێتە بەغدا و بەناوی خەڵکی هەرێمەوە قسە لەسەر ژیان و گوزەران و پرس و چارەنووسی خەڵك دەکات. ئەوەی پێشنیاری منە بۆ ئەم پرسە تا لەوە زیاتر هەمووشتیان لەدەست نەبردووین، ئەوەیە کە لەگەڵ یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان یاسای حزبەکان هەموار بکەینەوە، تا ڕابەرایەتیی پرسی نەتەوەیی و چارەنووسسازی بگەڕێنینەوە بۆ ئەوانەی کە خاوەنین و دەتوانن ڕابەرایەتی بکەن، فرەحزبییش بە کۆمەڵێك مەرجی نەتەوەییبوون و نیشتمانیبوون و سەرچاوەی ڕوونی داهات وابەستە بکەین. کە هەرحزبەو دروشم و ئامانج و پەیڕەو و پرۆگرام و ناوی نەتەوەیی نەبێت، مافی کارکردنی نەبێت، چونکە ئێمە جگە لە پرسی نەتەوە هیچ باسێکی دیکەمان نییە بۆی تێبکۆشین، دەبێت باسی چارەنووسساز و پرسی نەتەوە و مامەڵەی هەرێم لەگەڵ دەرەوەی خۆمان، بگەڕێتەوە بۆ ڕابەر و مەرجەع و ئۆرگانێکی دیاریکراوی نیشتمانی، ئیتر لە ژێر هەر ناوێك دەبێت، ئۆرگانێك بێت ئەو ڕابەرایەتییە بەیاسا بکاتەوە بە مافی خۆی، بەتایبەتیش بەندی مافی بوونی ڕاگەیاندنی حزبی لە ناو یاسای حزبەکاندا، کە ڕێگەی داوە حزب بە بێسنوور ڕاگەیاندنی هەبێت، ئەوەتا ئەو ژینگە ڕاگەیاندنەی بۆی بەرهەم هێناوین کە حزبێك ئەمڕۆ دروست دەبێت، چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن دژی هەرێم دەکاتەوە، کە بەشێکیان بە پارەی دەرەکی و ئەجندای دەرەکی کاردەکەن. بۆیە دەکرێت فرە حزبی هەبێت، بەڵام کارەکانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی لۆکاڵیدا ڕێك دەخرێت، لە هەمان کاتدا دەزگای بانگەشەی هەبێت، نەك ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و ئەوانەی مافی ڕابەرایەتیی ئەم نیشتمانەیان هەیە. ئێمە کار بۆ دیموکراسی ناکەین؟ کام وڵاتی دیموکراسی لە جیهاندا ڕێگەی داوە هەر حزبێك ڕاگەیاندنی هەبێت؟

**حزب هەیە لە بناغەدا بۆ پرسی نەتەوەیی دانەمەزراوە وکاری بۆ ناکات، بگرە بە ئەجندای دەرەکی کاردەکات و ڕابەڕانی نەتەوەیی خۆی ڕەت دەکاتەوە و پرسی نەتەوە ناهێڵێت**

**کۆمەڵێک حزبمان بەرهەم هێنا کە ئەمڕۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت و ڕابەرانی ئەم میللەتە، کڕین و فرۆشتن بە چارەنووسی ئەم هەرێمە و مافی خەڵک دەکەن لەپێناو موزایەدەیەکی هەڵبژاردن**

**دەبوو کۆمەڵێک بابەت کە بڕیاری چارەنووسساز و پرسی نەتەوەییە، بسپێردرایەتە ئۆرگانێک، یان مەرجەعێک، یان تاکە لایەنێک، کە تەنیا ئەو مافی هەبوایە قسەی لەسەر بکات و ڕێککەوتن و دانوستانی لەسەر بکات**

**سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکە کە خۆشەویستی و ئینتیمای ئێستاش بۆ خێڵ و کەسە سەرکردە مێژوویییەکانە، نەک حزب**






**د.جەلال ئەحمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**


# هەڵەیەکی زەقی حزبە سیاسییەکان ئەوە بوو، لە جیاتی تێپەڕاندنی کەلێن و بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، بەرگێکی سیاسییان بە بەرداکردن

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پسپۆڕە لە کۆمەڵناسی و مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان) بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

دەمەوێ لە وروژاندنی ئەو دوو پرسیارەی پەیوەندیدار بە یەکترییەوە دەست پێ بکەم: ئەرێ ململانێی نێوان حزبەکان لە باشووری کوردستان، ململانێن لەسەر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانەی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویییان هەیە و پێویست بوو، پڕ بکرێنەوە؟ یان حزب بەرگێکی سیاسی بوو کرا بە بەریاندا و خۆیشی بوو بە کەلێن لە جیاتی ئەوەی ئالییەتێك بێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان؟

پێموایە ڕاستەوخۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە، کارێکی ئاسان نییە و پێویستم بە گەڕانەوە بۆ پاشخانێکی تیۆری سۆسیۆ- سیاسی هەیە. هەر بۆیە دەچمە لای یەکێك لە تێزەکانی (کارل مارکس)، کە پێیوابوو لە دنیای نوێدا، حزبە سیاسییەکان دیارترین مەیدانن بۆ تێبینیکردنی ئەو بەریەککەوتن و کێشمەکێشمانەی لە هەناوی هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدەن. بیرمەند و توێژەری بەناوبانگی نەرویجی (ستین ڕۆکان) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «هاووڵاتی، هەڵبژاردن و حزبە سیاسییەکان – ١٩٧٠» ئەو تێزەی خستەڕوو، کە لە باسکردن و بنکۆڵکردنی ململانێکانی نێو هەناوی کۆمەڵگەوە، دەتوانین بزانین حزب چییە و بۆ دروست دەبێت؟ لە سەروبەندی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکیش لەبارەی حزبە سیاسییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، دەبێ بە دیارترین ڕووداوە مێژووییەکانی کۆمەڵگەکەدا شۆڕ بینەوە، لەبەرئەوەی ڕووداوە مێژووییەکانن کەلێنی زەق و گەورە دەخەنە نێوان توێژە جیاجیاکانی هەر کۆمەڵگەیەکەوە. لەو نێوەندەشدا پێیوایە، کە شۆڕشی نەتەوەیی و شۆڕشی پیشەسازی وەك دوو ڕووداوی مێژوویی دیاری ئەورووپا، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانە بوون، کە حزبیان کردە بەشێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژئاوادا. لەسەروبەندی شیکردنەوەی تێزەکانی ڕۆکانیش سەبارەت بە حزبی سیاسی، (دانێل لوی سیلەر)یش جگە لە جەختکردنەوەی لەسەر بەسەنتەرکردنی کۆمەڵگە لە

لێتوێژینەوەی حزبە سیاسییەکان، ئاماژەی بە دوو هاودژ لە ناخی کۆمەڵگە داوە، هاودژێکی خاوەن ڕەگ و ڕیشە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگە و، هاودژێك کە بەرهەمی ڕووداوە خێرا و کاتییەکانە. سیلەر دەڵێت: تەنیا هاودژەکان لە جۆری یەکەم دەتوانن حزب بینا بکەن، ڕووداوە خێرا و کاتییەکان زوو تێدەپەڕن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت.

پاڵپشت بەو پاشخانە تیۆرییە، گریمان ئەگەر بێ کیانی و ڕووبەڕووبوونەوەی کورد بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە لایەك، نەبوونی یەکڕیزی بە هۆی دەمارگیریی ناوچەگەریتی و ململانێی خێڵەکی وەك هاودژێکی پێکهاتەیی و خاوەن ڕەگ و ڕیشە لە مێژووی دوور و نزیکی کورددا لە لایەکی دیکەوە، هۆکار بووبن بۆ پێکهاتنی حزبی کوردی، بەڵام حزب لە جیاتی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و کۆتاییهێنان بەو هاودژییە، بوو بە گۆڕەپانێك بۆ تەوزیف و بە سیاسیکردنی دەمارگیریی ناوچەگەریتی و ململانێی خێڵەکی.

هەڵەیەکی زەقی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوە بوو، کە لە جیاتی تێپەڕاندنی کەلێن و بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، بەرگێکی سیاسییان بە بەرداکردن، لە زۆر قۆناغیشدا ئەو ململانێ و بەریەککەوتنانەی، کە پێشتر شاراوە و کەمێکیش پاسیڤ بوون، بوون بە کەرەستەی توندوتیژییەکی بێ ئامان، کە لە شانۆی سیاسی لە سەردەمی خەباتی شاخ و لە دوای ڕاپەڕینیشدا نمایش کران، ئێستاکەش بە فۆڕمێکی دیکە بەرۆکیان بەرنەداوین.

کەواتە دەبێ ددان بەوەدا بنێین، کە ئەو ململانێ ناسرووشتی و نائاساییەی نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەشی زۆریان بە زەرەری بەرژەوەندیی گشتی و دۆزی نەتەوەیی و خاك و نیشتمانمان بەردەوامیان هەیە، هەرچەندە بەر لە هەموو شتێك ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە و بەرهەمی لێکترازانە سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵگەن، بەڵام حزبی سیاسی، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەرچەندە دەکرێ بڵێین بەرهەمی بوونی کەلێن و لێکترازانەکان بووە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا، بەڵام لە جیاتی پڕکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی یەکڕیزی لەناو ماڵی کورددا، بووەتە هۆی لێکترازان و پەرتبوون و دروستکردنی کەلێنی زیاتری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا. دواجار حزبی سیاسی لە فەزای ئێمەدا هێندەی شوێن کۆمەڵگە کەوت، هێندە نەیتوانی پێش کۆمەڵگە بکەوێت و یەکڕیزییەکی ڕاستەقینە بەدی بهێنێت. هەرچەندە لێرە و لەوێش هەوڵی هەبوون، بەڵام هەر بەو هۆکارانەی باسم کردن نەیانتوانی سەرکەوتوو بن.

کێشە گەورەکە لەوەدایە، کە لە بەردەوامی کەلێنە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و دروستبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتیی نوێش لە وێنەی ئیسلامی سیاسی، تیرۆر، کاڵبوونەوەی ئینتیمای نیشتمانی و شوناس و زیادبوونی بێ متمانەیی و تا دەگات بە لێکەوتەکانی قەیرانی دارایی و چەقبەستوویی سیاسی، نە حزبی سیاسی نوێی کاریگەر بەمەرجێك بەشێك نەبووبن لە ململانێی ڕابردووی نێوان باڵەکان دروست بوون، نە ئەو حزبانەش، کە دەمێکیشە هەن خۆیان ئەبدەیت کردووەتەوە. من ئەمە بەهۆکاری بەردەوامیی ململانێی ناسرووشتی و وێرانکەری نێوان حزبەکانی دەسەڵات دەبینم. لە ئێستاشەوە بەشێك لە ئاکامەکانی ئەم ململانێیانەمان بینیوە هەر لە بوونی ئەو کەلێنە دەستووری و یاساییانەی لە عێڕاقی بەناو نوێدا لەپای ململانێی نێوان حزبەکان و دابەشبوونی دیسکۆرسی سیاسیاندا دروست بوون، تا دەگات بە لەدەستدانی پانتاییەکی فراوان لە خاکی کوردستان، دواجار ئەو بنکۆڵکردنانەی دادگای فیدڕاڵی بە سیاسەتێکی شۆڤێنییانە و پاڵپشتی ئەجێندایەکی دەرەکی و دەستخەڕۆیی و کینەی ناوەخۆ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەرهەق بە هەرێم دەیانکات، لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم سیاسەت و پرۆسەیەشدا، داهاتووی هەرێم دەکەوێتە بەر مەترسی. پوختەی قسان ئەوەیە کە لە هەموو کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەر و مەترسیدارتر ئەوەیە کە کورد بەو پێیەی نەیتوانیوە پچڕانێکی مێژوویی لەگەڵ مێژووی خۆیدا دروست بکات، لە ڕیزەکانیدا زۆر ماون لەوانەی بەو مەترسییانەی سەر هەرێم دڵخۆش و شاگەشکەن، لە کاتێکدا لێیان ڕوونە و دەشزانن ئەو ئاگرەی بەڕێوەیە، ئەوانیش دەسووتێنێت، کەچی هەر بە تاسەوە ئاواتی بۆ دەخوازن. ئەمەش وەك گرێ و نەخۆشییەکی دەروونی، کەلێنێکی دیکەیە و حزبی کوردی لە جیاتی کاڵکردنەوە و تێپەڕاندنی، کردوویەتی بە گرێ کوێرەیەك مەگەر سوپەرمانێك، دەنا زەحمەتە بە کەس بکرێتەوە.. لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەو دوو بەیتەی تێکستێکی شاعیری ناوداری فەڵەستینی (مەحمود دەرویش) بە ناونیشانی (بیر لەوانیتریش بکەرەوە) بەبیریان بهێنمەوە، کە دەڵێت:

«لە ئامادەکردنی نانی بەیانیتدا، بیر لەوانیتریش بکەرەوە، خواردنی کۆترێکیش لەبیر مەکە. کە شەڕەکانیشت بەرپا دەکەیت، بیر لەوانیتریش بکەرەوە، ئەوانەشت لەبیر بێ، کە بەدوای ئاشتیدا وێڵن»

**حزب لە جیاتی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و کۆتاییهێنان بەو هاودژییە، بوو بە گۆڕەپانێک بۆ تەوزیف و بە سیاسیکردنی دەمارگیریی ناوچەگەریتی و ململانێی خێڵەکی**

**حزبی سیاسی لە فەزای ئێمەدا هێندەی شوێن کۆمەڵگە کەوت، هێندە نەیتوانی پێش کۆمەڵگە بکەوێت و یەکڕیزییەکی ڕاستەقینە بەدی بهێنێت**

**نە حزبی سیاسی نوێی کاریگەر بەمەرجێک بەشێک نەبووبن لە ململانێی ڕابردووی نێوان باڵەکان دروست بوون، نە ئەو حزبانەش، کە دەمێکیشە هەن خۆیان ئەبدەیت کردووەتەوە**

**زۆر ماون لەوانەی بەو مەترسییانەی سەر هەرێم دڵخۆش و شاگەشکەن، لە کاتێکدا لێیان ڕوونە و دەشزانن ئەو ئاگرەی بەڕێوەیە، ئەوانیش دەسووتێنێت**





**فەرهاد محەمەد**

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# سیستمی حزبی کوردستان لە غیابی دەوڵەت دروست بووە و فرەیی حزبییش بە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەت دروست نەبووە

**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان)) بەم جۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

حزبی سیاسی دوو فۆرمی هەیە، یەکەمیان حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی کە ئەمەیان پێویستی و دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە دەیهێنێتە ئاراوە و پێویست دەبێت ئەو حزبە سیاسییە دروست بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو حزبەوە نوێنەرایەتیی ئەو خواستانە بکات، کە خواستی کۆمەڵگەیە و بەرنامەڕێژی بۆ بکات، بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات جێبەجێیان بکات، یان وەك ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا گوشار بکات و حکومەت چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. دووەمیان: حزبی سیاسیی ئایدیۆلۆژیی گشتگیرن کە بە دوو جۆر کاری سیاسیی خۆیان دەکەن، ئەگەر بۆیان گونجا و زەمینە لەبار بوو، ئەوا وەك حزبە شیوعییەکانی سۆڤیەتی پێشان و حزبی کۆمۆنیستی ئێستا (لە وڵاتانی چین و کۆریای باکوور و کوبا) بە گشتگیری حوکمڕانی دەکەن و، ڕێگە بە سەرهەڵدانی فرەیی حزبی نادەن، یان وەك حزبە ئاییینییە توندڕەوەکان (هەموو ئایینەکان) ئەوانیش بە ڕێگەی پرانسیپی ئایینی، خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا فەرز دەکەن و، ئەوەی دژی ئەوان بێت، تەکفیری دەکەن، بەڵام ئەگەر زەمینەیان بۆ نەڕەخسا و تەنیا حزبێکی کەمینە بوون و سیستمی وڵاتەکەش پەرلەمانی و دیموکراتی بوو، دێنە ناو پرۆسەکە و هەوڵ دەدەن بە ڕێگەی هەڵبژاردن پەرە بە هزرە گشتگیرەکەی خۆیان بدەن و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن.

ئەم دوو فۆرمەی حزبی سیاسی کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەم حزبانە هیچ کامیان بۆ ئەوە دروست نەبوون کە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بونیاد بنێن، بەڵکو دەوڵەت (ئەوجا کۆڵۆنیالی بووبێت، یان دیکتاتۆری)، وەك چوارچێوەیەك بە سنووری تایبەتی خۆیەوە بوونی هەبووە و لە ناو هەناوی ئەو دەوڵەتەوە لەدایك بوون، بەڵام حزبە

سیاسیەکانی کوردستان هەموویان لە هەناوی کۆمەڵگەیەکدا دروست بوون کە غیابی دەوڵەت و تەناتەت غیابی دامەزراوەی دەوڵەتیش بووە، کە بەرژەوەندیی ئەم نەتەوەیە بپارێزێت، بۆیە ئێمە کاتێك باسی « ململانێی حزبی سیاسی لە کوردستان» دەکەین، دەبێت باسی فۆرمی سێیەمی حزب بکەین، کە ئەویش «دامەزراندنی حزبی سیاسییە لە غیابی دەوڵەتدا»، هەر بۆیەشە لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی کوردی تا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ١٩٤٦ ئامانجی حزبێکی کوردی و کوردستانی دەوڵەتی کوردستان نەبووە، بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە هەناوی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات لەدایك بوو، هەر بۆیە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارتەکانی دیکەی کوردستان جیاوازە.

سەرهەڵدانی فرەحزبی لە کوردستاندا لە دوای ساڵی ١٩٧٥ لەم بەشەی کوردستان (باشوور) دەستی پێکرد، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەوە ڕاستە کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقیش لە کوردستان بوونی هەبوو، بەڵام ئەم بوونە بە فرەیی حزبی لە کوردستان هەژمار ناکرێت، هەروەها باڵی سیاسیی مەکتەبی سیاسیی پارتیش بوونی هەبوو، بەڵام ئەوانیش لەبەر ئەوەی لە باوەشی دوژمن (ڕژێمەکانی عێراقدا) خۆیان ڕاگەیاند، کە خەڵك بە حزبی کارتۆنی ناوی دەبردن، ئەویش بە فرەحزبیی کوردستانی هەژمار ناکرێت، بۆیە بە واقیعی کرداری فرەحزبی کوردستانی ئەوجا حزبەکان هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسییان هەبووبێت لە دوای ساڵی ١٩٧٥ دروست بوو.

لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەوانەی دەستیان دایێ کە حزبی سیاسی دروست بکەن، گەنجی خوێنگەرمی کەم ئەزموون بوون لە سیاسەتدا، ئەوانەشی بەشێك ئەزموونی سیاسییان هەبوو، هەوڵیاندا حزبی سیاسی دروست بکەن، لەسەر پاشخانی ڕق و کۆنە قینی ساڵانی شەستەکان دایانمەزراند. ڕاستە هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان پێویستی بەوە بوو خەبات و مقاوەمەت و شۆڕش بەردەوام بێت و، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی دوای ماوەیەکی کورت لە ساڵی ١٩٧٧یش حزبی شیوعی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی بەعس هەڵوەشاندەوە و بە ناچاری ڕوویان کردە چیاکانی کوردستان، بەڵام فرەیی حزبی لە خەباتی شاخدا ئەم ئامانجەی نەپێکا و لەبری ئەوەی هەمووان لە بەرەیەکدا کۆبکاتەوە و هێز و تواناکان یەك بخەن بۆ ئەوەی هەلومەرج و ڕەهەند و ئاسۆکانی شۆڕش فراوان بکەن، بە پێچەوانەوە زەمینەی شەڕی شوومی ناوخۆ و یەکتر سڕینەوەیان پیادە دەکرد و ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ ئەم شەڕ و ناکۆکییە توندوتیژانە بەردەوامیی هەبوو.

ئەم واقیعە تاڵەی سیستمی حزبی و فرەحزبی لە کوردستاندا، دەرهاویشتەی ئەو واقیعە شڵەژاوە سیاسییە کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونی هەیە و، لەوانەیە لەناو دەوڵەتێکی دیکەی ئەم جیهانە بوونی نەبێت، بۆیە ئەم واقیعە شڵەژاوە سیاسییە، پێویستی بە چارەسەرێکە کە لە هەناوی ئەو واقیعە تاڵەوە هەڵبقوڵێت کە ئەم میللەتەی بێزار و تووڕە کردووە، بە مانایەکی دیکە کێشەی فرەحزبی و سیستمی فرەحزبی لە وڵاتی ئێمە وەك کێشەی دەوڵەتانی دیکەی دیموکراتی نییە کە باس دەکەن، گرفتمان لەگەڵ حزبی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکان ناتوانن لە پەرلەمان بە دروستی نوێنەرایەتیی خەڵکی ئەم وڵاتە بکەن، هەروەها کێشەی فرەحزبی لە وڵاتی ئێمە ئەوە نییە کە حزبە سیاسییەکان لۆبی دەکەن، بۆ ئەوەی یاسایەك بۆ بەرژەوەندیی کۆمپانیایەك، یان توێژێکی دەستەبژێر تێپەڕێنن، بەپێچەوانەوە کێشەی سیستمی حزبی و فرەیی حزبی لە وڵاتی ئێمە، ئەوەیە، ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردن و ئیرادەی خەڵکی کوردستان قبووڵ بکرێت و ئەو ئیرادەیە بکرێتە بنەمای حوکمڕانی، ئەوا شەڕی ناوخۆ ڕادەگەیەنن و بە زەبری چەك و شەڕ ئەو ئیرادەیە ژێر پێ دەنێن. ئەگەر ترسیان لە هەڵبژاردنی داهاتوو هەبوو و نەیانتوانی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، گەمە بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دەکەن و بە ڕێگەی بڕیارێکی دادگای فیدراڵی کە ئامانجی نەمانی هەرێمی کوردستانە، کۆتای پێکهاتەکان دەسڕێتەوە و پەیوەندی هەزار ساڵەی نێوان کورد و ئەو نەتەوانەی دیکەی کوردستان دەشێوێنێت.

**بە واقیعی کرداری فرەحزبی کوردستانی ئەوجا حزبەکان هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسییان هەبووبێت لە دوای ساڵی ١٩٧٥ دروست بوو**

**ئەم واقیعە تاڵەی سیستمی حزبی و فرەحزبی لە کوردستاندا، دەرهاویشتەی ئەو واقیعە شڵەژاوە سیاسییە کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونی هەیە و، لەوانەیە لەناو دەوڵەتێکی دیکەی ئەم جیهانە بوونی نەبێت**

**ئەم واقیعە شڵەژاوە سیاسییە، پێویستی بە چارەسەرێکە کە لە هەناوی ئەو واقیعە تاڵەوە هەڵبقوڵێت کە ئەم میللەتەی بێزار و تووڕە کردووە**

**کێشەی سیستمی حزبی و فرەیی حزبی لە وڵاتی ئێمە ئەوەیە، ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردن و ئیرادەی خەڵکی کوردستان قبووڵ بکرێت و ئەو ئیرادەیە بکرێتە بنەمای حوکمڕانی، ئەوا شەڕی ناوخۆ ڕادەگەیەنن**



ڕەواج حاجی
ئەندامی دەستەی کارگێڕیی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەرپرسی دۆسیەی عەفرین:

# ئەولەوییەتمان بە خزمەتکردنی منداڵانی ئازیز داوە کە بە هۆی بوومەلەرزەکانەوە باوکیان لەدەست داوە

دوای بوومەلەرزەکانی شوباتی ٢٠٢٣ و کردنەوەی نووسینگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە عەفرین، لە ڕێگەی ئەم نووسینگەیەوە بەردەوام هاوکاریی جۆراوجۆر بە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە گەیەندراوە، هاوکارییەکانیش خۆراکی و ناخۆراکی و تەندروستی و کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری و پیشەیی لەخۆ دەگرێت. ڕەواج حاجی ئەندامی دەستەی کارگێڕیی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بەرپرسی دۆسیەی عەفرین، لەم دیمانەیەی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، زیاتر تیشك دەخاتە سەر خزمەتگوزارییەکانیان لە سنووری عەفرین، بەتایبەتی لە بورای پەروەردەیی و پەرەپێدان بە خولەکانی پیشەیی، بۆ ئەوەی گەنجان ببنە خاوەن کار و توانای دابینکردنی بژێویی خۆیان هەبێت.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** لە دوای کارەساتی بوومەلەرزەکانی ٦ی٢ی ٢٠٢٣ لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی(BCF) وەك یەکەم دەزگای فریاکوزاریی مرۆیی تیمەکانی فریاکەوتن و خزمەتگوزارییەکانی گەیاندە شوێنی کارەساتەکان، لەو ماوەیە تا ئێستا چیتان بۆ زیانبەرکەوتووەکان کردووە؟**

- لە دەستپێکی هەڵمەتی فریاکەوتنی تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە تورکیا و باکووری کوردستاندا، جگە لە دابینکردنی خۆراك، جلوبەرگ، گەرمکەرەوە و خێوەت بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزە، ستافی پسپۆڕی پزیشکی و دەرمانیش بۆ چارەسەری برینداران دابین کرا.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکەمین ڕێکخراوی جیهانی بوو، هاوکاری بە شاری عەفرین گەیاند. جگە لە فریاکەوتن و خزمەتگوزاری بۆ زیانبەرکەوتووانی بوومەلەرزەکان و پێشکەشکردنی خواردەمەنی و ژەمە خۆراکی گەرم، ١٢٠٠ خێوەتیان بەسەر ئەو خێزانانە دابەش کرد کە خانووەکانیان ڕووخابوون و بێ لانە ببوون. تا ئێستاش خزمەتگوزارییەکانمان بەردەوامن و بایەخێکی زۆرمان بە خوولەکانی پیشەیی و پەروەردەیی و خزمەتکردنی خاوەن پێداویستییانی تایبەت و منداڵانی ئازیز (بێباوك) داوە. ئەولەوییەتمان بە منداڵانی ئازیز داوە کە باوکیان بووەتە قوربانیی بوومەلەرزە و ناویان لە پرۆژەی ئازیزان و بێهاوژینان تۆمار دەکەین، بۆ ئەوەی مانگانە هاوکاریی نەختینەیان بەسەردا دابەش بکرێت، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵییە و ناتوانن کار بکەن.

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکەمین ڕێکخراوی جیهانی بوو، هاوکاری بە شاری عەفرین گەیاند**

*** لە ڕۆژئاوای کوردستان جگە لە عەفرین لە چەند ناوچە و دەڤەری دیکە چالاکیتان هەبووە و کۆی هاریکارییەکان لە ڕووی چەندێتی و چەندایەتی چۆن بووە؟**

- دەزگای خێرخوازیی بارزانی، هەر لە ڕۆژی ڕووداوی کارەساتباری بوومەلەرزەکان لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا و سووریا ڕۆژی (٢٠٢٣\٢\٦)، تیمەکانی فریاکەوتنی خۆی خستە ئامادەباشی و بە خێرایی ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکانی کردن.

دوای گەیشتنی تیمەکانی فریاکەوتن و خزمەتگوزاریی دەزگای کارسات و دۆخە ناکاوەکان لە تورکیا(ئافاد)، ئاسانکاری بۆ تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کرد، بۆ ئەوەی بەهانای قوربانییانی بوومەلەرزەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە بچن و لەوێش بتوانن زیاتر هاوکاری بە لێقەوماوان بگەیێنن و لە گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتی و خزمەتکردن

**بایەخێکی زۆرمان بە خوولەکانی پیشەیی و پەروەردەیی و خزمەتکردنی خاوەن پێداویستییانی تایبەت و منداڵانی ئازیز (بێباوک) داوە**



بەردەوام بن. لە ٩٧ ناوچەی جیاوازی عەفرین و ناحیە و گوندەکانیشی خزمەتگوزاری و هاریکارییەکانمان لە چەندین سێکتەر بەردەوام بووە.

*** (سەنتەری بارزانی بۆ ڕۆشنبیری و پەرەپێدان) لە عەفرین کە سەر بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی(BCF)یە، کەی دامەزراوە و لە چ بوارێکدا خزمەت دەکات و تائێستا چالاکییەکانی چی بوون؟**

- پڕۆژەی سەنتەری بارزانی بۆ ڕۆشنبیری و پەرەپێدان بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی (کاریتاسی شاری ئێسن) لە ٢٠٢٣/٧/١ لە عەفرین کرایەوە بە، پرۆژەکە بۆماوەی یەك ساڵ بری ١٤٥٨٠٠$ دابین کراوە تا ئێستا ١٥١منداڵ و ئافرەت و لاو بەشدارییان کردووە لە ١٣ ڕاهێنان، هەروەها ٢١ چالاکیی جۆراوجۆر پێشکەش کراون. لەو سەنتەرە گرینگییەکی زۆر بە کردنەوەی خوولەکان بۆ قوتابیان و منداڵان و ئافرەتان دراوە، لەوانە خوولی بەهێزکردنی وانەکان و زمانی بیانی، خوولەکانی مۆسیقا و وێنەکێشان، خوولی دروومان بۆ خانمان و خوولی پیشەیی بۆ گەنجان وەك چاککردنەوەی مۆبایل، سەرتاشین و بەستنی کارەبا و.. هتد

**گرینگیمان بە خوولەکانی پیشەیی داوە، بۆ ئەوەی گەنجان ببنە خاوەن کار و توانای دابینکردنی بژێویی خۆیان هەبێت**

*** پێشوازیی خەڵك و پەیوەندییەکانتان لە عەفرین ل چ ئاستێکدایە؟ ئایا بەڕێوەبەرانی ئەنجومەن و دامودەزگای حکوومی لە عەفرین تا چاند هاوکارتانن و ئاسانکاریتان بۆ دەکەن؟**

- تا ئێستا هیچ بەربەست و کێشەیەك لە بەردەم کار و چالاکی و پڕۆژەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە عەفرین دروست نەبووە. دامودەزگای فەرمییەکان لە عەفرین نەبوونەتە ڕێگر بەردەم کارەکانمان و پاڵپشتییەکی تەواوی پڕۆژە خزمەتگوزاری و چالاکییەکانمان دەکەن. خەڵکیش بە گشتی زۆر دڵخۆشن و هەمیشە بە گەرمی پێشوازییان لێکردووین.

**لە ٩٧ ناوچەی جیاوازی عەفرین و ناحیە و گوندەکانیشی خزمەتگوزاری و هاریکارییەکانمان لە چەندین سێکتەر بەردەوام بووە**

*** ئایا دەکرێت ئامارێك لە هاریکارییەکانتان بۆ زیانبەرکەوتووانی بوومەلەرزە لە عەفرین بۆ خوێنەرانی گوڵان بخەنە ڕوو؟**

- بەڵێ، بێگومان. ئەوە بەشێك لە کارنامە و ئاماری کار و چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی(BCF)یە لە ماوەی سێ مانگی باری لەناکاو لەسەر چوار سەکتەری خزمەتگوزاری لە ٩٧ ناوچەی جیاواز. لە هاوکاریی خۆراکی ١٣٤٢٩، لە ناخۆراکی ٩٣٤٧ و لە سێکتەری پەناگە ١٦٠٠ خێزان سوودمەند بوون. لە بواری تەندروستییش تەنیا لە ماوەی ٤٥ ڕۆژ تیمی نەخۆشخانەی گەڕۆك خزمەتگوزاریی تەندروستییان پێشکەشی ٨٧٧٦ کەس کرد، کە پێکهاتبوون لە(دەرمان، پشکنین، برینپێچی) هەروەها سێ بارهەڵگر دەرمان و پێداویستیی تەندروستی پێشکەش کراون. پێنج ئامبۆلانس وەك(نۆرینگەی گەڕۆك) کاریان کردووە و ١٥ کارمەندی تەندروستی خزمەتگوزارییان



پێشکەش کردووە. لە عەفرین لە زۆر سێکتەر کار کراون، جگە لەوانەی کە ئاژەمان بۆ کرد. بۆ نموونە ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١٣ بە فەرمی نانەواخانەی عەفرین کرایەوە کە ٣٩٠٠ خێزان بۆ ماوەی دوو مانگ نانیان بەبێ پارە پێ دراوە. تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆژی ١٦ی٣ی٢٠٢٣ هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی ناو شاری عەفرینیان ئەنجامدا. هاوکات ٣٥ نەمامی داریان بە یادی ٣٥ـەمین ساڵوەگەڕی کیمیابارانی هەڵەبجە چاند. ڕۆژی ١٨ی٤ی٢٠٢٣ لە عەفرین، خوانێکی بەربانگیان بۆ ٣٠٠ ژینگەپارێزی شارەکە ڕێکخست. چالاکییەکە بۆ ڕێزگرتن بوو لە کاری ژینگە پارێزەکان و لە کۆتاییش خەڵاتی تایبەتیان پێ درا.

(سەنتەری بارزانی بۆ ڕۆشنبیری و پەرەپێدان) لە عەفرین بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی پەروەردە، ڕۆژی ٢٠٢٤\١\٢٤، چەندین چالاکیی جۆراوجۆری ئەنجام دا، کە پێکهاتبوون لە کردنەوەی پیشانگایەکی وێنەکێشان و کاری دەستی بۆ هونەرمەندانی عەفرین و هەڵپەڕکێی فولکلۆری و دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر دەرچووانی خوولە پیشەییەکان و یەکەمەکانی بەکەلۆریا. لەم ڕێوڕەسمەدا بڕوانامە بە سەر ١٤٠ بەشداربووی خوولەکاندا دابەش کرا. واتە لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوو ١٣ ڕاهێنان لە خوولەکانی کۆمپیۆتەر، دروومان، چاککردنەوەی مۆبایل و فێربوونی زمان و چەند سێکتەری دیکە ئەنجام دراون. هەر لەو ماوەیەشدا قوتابییە یەکەمەکانی بەکالۆریا دیارییان پێشکەش کراوە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاریی ئاژانسی فیدراڵیی ئەڵمانی (THW) و بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان(JCC)، ڕۆژی ٢٣ی١ی٢٠٢٤ هاوکاریی لۆجستی بۆ شارەوانییەکانی عەفرین دابین کرد.

هاوکارییەکان بریتی بوون لە حەفارەیەك و پێداویستییەکانی و هەروەها کەلوپەلی پێداویستیی ڕۆژانەی فەرمانبەران و کرێکارانی خزمەتگوزاری بۆ خزمەتکردنی دەڤەرەکە. ئەم هاوکارییانە گرینگییەکی زۆری هەیە بۆ دانیشتووانی شارەکە و دووبارە بووژانەوەی ژیانیان، بەتایبەتی لە دوای بوومەلەرزەکانی ساڵی ڕابردوو کە تووشی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بوون.

ئەم هاوکارییانەی پێشکەش بە شاری عەفرین و ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری دەکرێت، لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی بارزانی و هاوبەشەکانی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان دابین دەکرێن و هەوڵ دەدرێت زۆرترین کەس لەم هاوکارییانە سوودمەند بن.

**دامودەزگای فەرمییەکان لە عەفرین نەبوونەتە ڕێگر بەردەم کارەکانمان و پاڵپشتییەکی تەواوی پرۆژە خزمەتگوزاری و چالاکییەکانمان دەکەن**

**ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١٣ بە فەرمی نانەواخانەی عەفرین کرایەوە کە ٣٩٠٠ خێزان بۆ ماوەی دوو مانگ نانیان بەبێ پارە پێ دراوە**



# تەون
## هونەر پیشەیەکی ناوازە

**بەر لەوەی کاڵا و بەرهەمی شۆڕشە پیشەسازییەکەی ئەوروپا بگاتە کوردستان، لە وڵاتی ئێمەدا زۆربەی پێداویستەکانی ژیانی خەڵك، هەر لە ناوخۆی کوردستاندا دەهاتە بەرهەم و دروست دەکرا. کوردستانیان کۆمەڵگەیەکی خۆبژێو بوون، هەموو جۆرە خۆراك و کەل و پەل و پێداویستێکی ژیانی خۆیان، هەر لە کوردستاندا بەرهەم دەهێنا.**

**ئا/ تاریق کارێزی**




قسەی ئێمە لێرەدا لە بارەی پیشەی تەونە. تەونکاری زیاتر پیشەیەکی ژنانە بوو، پیاو جۆڵایی دەکرد. ژنانی کوردستان بە دەزگای تەون گەلێك جۆر ڕایەخ و پێخەفیان دروست دەکرد، وەك جاجم، مافوور، لاکێش، شاڵ و شەپك، بەرماڵ، گلیم و هی دیکەش. سەلیقەی مرۆڤی کوردستانی وایە، دنیا ڕەنگاوڕەنگ دەبینێت، ئەمەش لە ژینگەی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ژینگەی کوردستان لە چوار وەرزی ساڵدا دنیایەکی ڕەنگستان ئاسا پیشان دەدات. ئیدی بۆیە مرۆڤی کورد هێندە خولیای دنیای ڕەنگ و جوانییەکەی دەبێت، بە چەشنێك ڕەنگ تێکەڵ بە هەست و نەستی کوردستانیان بووە و دەبێت.


ئەم پەیوەست بوونە هەستەکی و نەستەکییە بە ڕەنگ وای کردووە، کورد و ڕەنگ ببنە دووانەیەکی لە یەکدی دانەبڕاو. ئێوە سەرنج بفەرموون، دەسماڵی ژنان، کڵاوی سەری پیاوان، دەسرازە و بازبەندی منداڵە کۆرپەی ناو لانك، پشتێنی پیاوان و جلی ژنانی کورد، چەندە پڕ ڕەنگ و تێر ڕەنگن. ئەم خولیایەی ڕەنگخوازی بۆ هەموو کایەیەکی ژیانی مرۆڤی کوردستان پەلی هاویشتووە. بۆیە کاتێك ژنانی کورد تەونیان کردووە، بەرهەمەکەیان تابلۆیەکی ڕەنگینی پڕ لە نەخش و نیگار و شێوە بووە.

کفری شاری کولتوور و هونەر، یەکێکە لەو شارە دەگمەنانەی گەرمیان، کە هەردەم خەڵکەکەی بایەخێکی زۆر بە کولتوور و کەلەپوور و میراتی شارستانیی کوردستان دەدەن، شارێکی زیندووی هونەرپەروەر و کولتوورخوازە، ئەمەش لە شەقام و کووچە و کۆڵان و بینای ئەو شارەدا، لە هەموو گۆشە و کەنارێکی شاردا بەدی دەکرێت و ئەرێنی ڕەنگی داوەتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە، کارێکی چاوەڕوان کراوە کە دەستەبژێری کفری بە پشتیوانیی (ڕێکخراوی هاوکاریی ئەڵمانی)، خولێك لە شارەکەدا بۆ هونەر پیشەی تەون بکەنەوە، کە چەندین گەنجی شارەکە بە تایبەت لە کچان، لەو خولەدا بەشدار بوون. هەنگاو هەڵهێنان بەرەو گەشە پێدانی هونەر پیشەیەکی دێرین و ڕەسەنی کوردەواری، کارێکە خزمەت بە









میراتی شارستانی و کەلەپووری میلليی کورد دەکات، لە هەمان کاتدا ڕەگەزێکی گرنگی میراتی شارستانیمان، زیندوو دەکەینەوە، یادی ڕابردووی پێ دەکەینەوە، ئێستاشمانی پێ دەوڵەمەند دەکەین.

زۆرن ئەو هونەرمەند و مامۆستایانەی هونەر، کە بۆ گەشە پێدانی لایەنی هونەر و کولتوور و میراتی شارستانیی شاری کفری چەشنی مۆم دەسووتێن، وەك ستوون و دیرەگ وان بۆ پاڵپشتی کردن و پێگەیاندنی نەوەی نوێ و ئاشنا کردنیان بە هونەری خۆماڵی و هونەری جیهانی. گوڵاڵە حەمید هونەرمەندی شێوەکار و مامۆستای هونەر، یەکێکە لەو چرایانەی هەردەم شاری کفری ڕۆشن دەکەنەوە، لەم خولی تەونەی بە پشتیوانیی ڕێکخراوی هاوکاریی ئەڵمانی کرایەوە، ڕۆڵی کارای هەبوو، بە تابلۆیەکیش هەست و خولیا و خۆشەویستیی خۆی بۆ تەون و بەشدارانی خولەکە دەربڕی. مامۆستا گوڵاڵە سێ سیمبوڵی لە تابلۆکەیدا، (نەخش، تاوس، کچ) بەرجەستە کردووە، هەر یەکەشیان هێز و گوڕ و تینی هێماییان هەیە، نەخش ئاماژە بە هونەرارای پیشەی تەونکارییە، تاوس نیشانەیە بە ڕەنگینی، کچیش پیشەکاری هونەری تەونە.





سۆلین ئیحسان زاخۆیی

گۆڵپارێزی یانەی خەڵاتی پێنجوێن:

# بەشێکی زۆری یانەکان پشتگیریی کچان ناکەن

ئیدارەی سەربەخۆیی زاخۆ یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی دەدات لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو دەڤەرە ڕکابەری سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستانن لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکان، ساڵانە تیپە جۆراوجۆرەکانیان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، یانەی زاخۆ ئەم ساڵ گرنگیی زۆر بە بواری وەرزش دەدەن لە سەر ئاستی کچان، تیپی فوتساڵی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی پێشووی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان (سۆلین ئیحسان) زاخۆییە، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی زاخۆیە، سۆلین لە شاری زاخۆوە ئەمساڵ گرێبەستی لەگەڵ تیپی کچانی خەڵاتی پێنجوێن کردووە بۆ بەرگریکردن لە گۆڵی تیپەکەی پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی، پێشتریش یاریی بۆ یانەکانی زاخۆ و گارە و بدیر و چیا و خەڵاتی پێنجوێن کردووە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- دەست پێکی ژیانی وەرزشیم من یاریزانی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بووم، دواتر خولێکی تۆپی پێ کرایەوە منیش وەکو یاریزان بەشداریم تێدات کرد و بەردەوام بووم لە یاریی تۆپی پێی، تا خۆم گەیاندە ڕیزی یانەکە و ئێستاش بەردەوامم.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە کە زیاتر کێبڕکێیە؟**

- لە دەستپێکدا بۆمن زەحمەت بوو و زۆر بە ترس بوو، بەڵام ئێستا بۆمن هیچ زەحمەت نییە.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێی کچان لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لە ئێستادا پشتگیریی ماددی زۆر کەمە بۆ تیپەکان، بۆیە وەکو پێویست نییە.

***هەست ناکەیت لە شارەکانی کوردستان پێشوازیی باش لەم یارییە نەکراوە ؟**

-بەڵێ، بە شێوەیەکی باش کاری بۆ ئەم یارییە نەکراوە و پێشوازیی باشی لێ ناکرێت.

***ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئاستی یاریی فوتساڵ لە کوردستانی زۆر باش نییە، چونکە بەشێکی زۆری یانەکان پشتیوانی و پشتگیریی کچان ناکەن.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-کردنەوەی فێرگەی زۆر و پشتگیریکردنی دارایی و پشتگیریی خێزانی هۆکارن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرز ببێتەوە و وەرزشکاری زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- من ئێستا نامەوێ هیچ شتێك ئاشکرا بکەم، بەڵام پلانی باشم هەیە بۆ خۆم.

*** لە دوو خولدا یاری دەکەیت، کوردستان و عێراق، کامەی بەهێزترە لە گشت ڕوویەکەوە؟**

- هەردوو خول بەهێزن، بەڵام کێبڕکێی زیاتر لە خولی عێراقیدایە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-گواستنەوەی یاریزانان و کاتی خولەکە گونجاو نییە، چونکە زۆربەی یاریزانانی ئەم یارییە قوتابین، ئەوەش دەبێتە گرفت بۆیان.

***خەونی تۆ وەکو وەرزشکارێکی ئافرەت؟**

- خەونی من بەردەوام بوونە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقی.

***هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی عێراق؟**

-بەڵێ لە چەند یانەیەك گرێبەستم پێشکەش کراوە.

***یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

- خەونی هەموو یاریزانێکە بۆ هەڵبژاردەی عێراقی یاری بکات، بێگومان هەستێکی زۆر خۆشە.

***چۆن بوو گرێبەستت لەگەڵ یانەی خەلاتی پێنجوێن کرد، لە کاتێکدا خۆت لە زاخۆیت، ئەمە قورس نییە؟**

- یاریی تۆپی پێی وایە مرۆڤ ناتوانێت تەنیا بەردەوام بێت و بمێنێتەوە لەگەڵ یانەیەك، یاریزانانی هەر یانەیەکیش باش بێت یاریزان ڕوو لەم یانانە دەکەن، بێگومان بۆمن زۆر زەحمەتە بە تایبەت کچیش لە شارێك بچێتە شارێکی دیکە زەحمەتە، بەڵام هەوڵ دەدەم کام یانە بۆمن باش بێت بچمە ئەو یانەیە.

***بۆچی بۆ یانەی زاخۆ یاری ناکەیت؟**

- یانەی زاخۆ ماڵی منە، بەڵام ئێستا بۆمن زیاتر یانەی خەلاتی پێنجوێن باشترە، بۆیە من ئەو یانەیەم هەڵبژاردووە بەبێ دوو دڵی، بەداخەوە لە یەکەم یاریمدا تووشی پێکان بووم و بۆ ئەم وەرزە نەمتوانی بەردەوام بم.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێ چی بڵێیت؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە ئەم دەرفەتەتان دا بەمن.





# پیسبوونی هەوا و تەندروستیی چاو

چاو ئەندامێکی هەستیار و ناسکە، زیاتر لە بەشەکانی دیکەی لەش بەر ژینگە و کاریگەرییەکانی پیسبوونی هەوا دەکەوێت. ئاوێتە هایدرۆکاربۆنییەکان و ئۆکسیدی نایتریك لە هەوادا کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر تەندروستیی چاو، بۆنموونە ئاوێتە ئۆلیفینەکانی C5 ،C4 olefins هۆکارن بۆ سووتانەوە و نارەحەتیی توندی چاوەکان. هەروەها ئاوێتەی فینۆلیکەکان و سایکلۆهێکسین Cyclohexene، ماددەی کیمایی دیکەن لە هەوای ئالوودەبوودا کە دەبنە هۆی سووتانەوەی چاوەکان. پاشەڕۆ و دووکەڵی ئۆتۆمۆبیلەکان هۆکاری سەرەکین لەپاڵ پیسبوونی هەوادا کە هۆکارە بۆ سووتانەوەی چاوەکان، کە بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بەردەوام دەبێت. پسپۆڕان ڕوونیان کردووەتەوە کە ماددە و ئاوێتە پیسکارەکانی هەوا لە شارە گەورەکاندا ئەمانەن: یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین، دووەم ئۆکسیدی گۆگرد، ئارسنیك، ئەسبێست، بەنزین، قوڕقوشم، کلۆرۆ فلۆرۆکاربۆنەکان، دیۆکسین، لەگەڵ تەنۆلکە وردەکان. کاریگەری و نیشانەکانی پیسبوونی هەوا لەسەر چاوەکاندا بریتین لە: وشکبوونی چاو کە باوترین گرفتی چاوە، کە لە ئەنجامی پیسبوونی هەوادا ڕوو دەدات بە شێوەی سووربوونەوە و سووتانەوەی ڕووی چاو لەگەڵ هەستکردن بە نارەحەتیی توندی چاوەکان، نارەحەتیی چاو، سووتانەوە، سووربوونەوەی چاو، هەستەوەریی هاوکات لەگەڵ خورشت و ئاوسانی چاوەکان، زیاد فرمێسککردن، دەردراو لە چاوەکاندا، هەستکردن بە بوونی تەنی بیانی لە چاودا، زیادبوونی ئەگەری هەوکردن لە چاوەکاندا، گرفت لە بینیندا بەتایبەتی بینینی ڕەنگەکان، زیادبوونی ئەگەری ئاوی سپی Cataract، هەروەها زیادبوونی ئەگەری تووشبوونی چاو بە شێرپەنجە.



# قەڵەوی بە نەخۆشی هەژمار دەکرێت!

قەڵەوی Obesity نەخۆشییەکی ئاڵۆزە، تووشی گەورە و منداڵ دەبێت. کۆمەڵەی پزیشکیی ئەمەریکی AMA ساڵی ٢٠١٣ قەڵەوی بە نەخۆشی دیاریی کرد. قەڵەوی بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی مەترسیدار هەژمار دەکرێت، هەروەها بە گرفتێکی باوی تەندروستیی گشتی دادەنرێت، بە چەندین ڕێگە ئەگەری تووشبوون بە ٢٠٠ حاڵەت و نەخۆشی زیاد دەکات، وەکو: نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، جەڵتەی مێشك، بەرزبوونەوەی چەورییەکانی خوێن، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەوکردنی جومگەکان، لەگەڵ ١٣ جۆری شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی کۆڵۆن و شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا. گرفتە باوەکانی دیکەی پەیوەست بە قەڵەوی: بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، دابەزینی ئاستی کۆلێستیرۆڵی باش HDL و بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلێستیرۆڵی خراپ LDL و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TGs لە خوێندا، ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، گرفتەکانی ئێسك و جومگە، بەتایبەتی داڕووشانی جومگە (سەوەفان O.A)، دروستبوونی بەردی زراو، گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە گرفتەکانی جگەر، بەتایبەتی زیادبووی ڕێژەی چەوری لە جگەردا، هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea، پرخە، هەستکردن بە بۆرژان و بێهێزیی فیزیکی لەکاتی ڕۆژدا، زوو ماندووبوون و هەناسەتەنگی پاش جووڵە و مەشقی وەرزشی، زیاد ئارەقەکردن، کاردانەوە دەروونییە نەرێنییەکانی پەیوەست بە شێوەی لەش و گرفت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها ناجێگیربوونی مەزاج.

# بۆچی لە زستاندا زیاتر دەخەوین؟

ئایا زستان و کەشی سارد هاندەرن بۆ بۆرژان لەکاتی ڕۆژدا تەنانەت پاش خەوێکی دروستی شەو؟ لێکۆڵینەوەکانی نەخۆشخانەی هەنتینگتۆن/ کالیفۆرنیا جەختیان کردوەتەوە کە نزیکەی ٣٠٪ی خەڵك لە وەرزی زستاندا زیاتر لە ئاسایی دەخەون. بە گشتی پێویستیی کەسانی پێگەیشتوو بە خەو لە نێوان ٧-٩ کاتژمێر دایە، جا لە تاریکی، ڕووناکی، کەشی سارد یان لە کەشی گەرمدا، بەڵام هەستکردن بە بۆرژان لە مانگەکانی وەرزی زستاندا حاڵەتێکی باوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی یەك کاتژمێر ڕووناکیی ڕۆژانە یان زوو تاریکبوون. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە نەخۆشخانەی هێدویگ/ بەرلین/ئەلمانیا هاتووە کە گەلێك کەس لە وەرزی زستاندا یەك کاتژمێر زیاتر لە پێوستیی ئاسایی دەخەون، ئاماژە بەمەش کراوە کە هۆکارەکە پەیوەستە بە کەم و زیادیی ڕووناکی بە درێژایی وەرزەکانی ساڵ، هەروەها گۆڕان لە حاڵەتی دەروونی هاوکات لەگەڵ گۆڕانی وەرزدا کە زیاد یان کەم، کاریگەری دەکاتە سەر ژمارەی کاتژمێرەکانی نووستن. لەش کە سیگنال لە تیشکی خۆر وەردەگرێت، کاتژمێری بایۆلۆژی لەش کاری خۆی دەکات و هانی چالاکی دەدات، هەروەها کە تیشکی خۆر دادەبەزێت هانی هەستکردن بە ماندووبوون و پێویستی بە حەسانەوە دەدات و هۆرمۆنی خەو واتە میلاتۆنین -Melato nin زیاد دەبێت و سووڕی خەو و بیداربوونەوە ڕێك دەخات. لە زستاندا زیادبوونی میلاتۆنین لە لەش لە کاتێکی زووتردا دەست پێدەکات و هانی خەو دەدات، ئەمەش میکانیزمێکی زۆر ئاساییە کە وا دەکات کەسێکی تەندروست لە زستاندا پێویستی زیاتری بە خەو هەبێت.



# ئامێرێک بۆ زانینی چالاکییەکانی مێشک



کاتژمێرە ژیرەکان بۆ بواری تەندروستی سوودێکی زۆریان هەیە، بەهۆی ئەوانەوە دەزاندرێ چەندە دەجوڵێینەوە، چەندە وزە دەسووتێنین، پێوانی زەختی خوێن و لێدانی دڵ دەکەن، لە زۆر بواری وەرزشیشدا ڕاهێنەر و یاریمەتیدەرن. کاتژمێرە زیرەکەکان هیچیان ئەرکی پەیوەنددار بە چالاکی مێشك ئەنجام نادەن. ئامێرۆکەیەکی بچووکی ٥ گرامی کە چی وا لە دوگمەیەك گەورەتر نییە، دەتوانێت شەپۆلی چالاکییەکانی مێشك بپێوێت، وا دەکات خەوێکی قووڵت هەبێت، نیگەرانی و دڵەڕاوکێت کەم بێتەوە.
ئامیرۆکەی UMind mirror لەسەر ناوچەوانی دادەنرێت و هەموو ئەو داتایانەی تایبەتن بە چالاکی مێشك لەخۆیدا تۆمار دەکا و بۆ مۆبایل بەڕێی دەکات و لەوێش بەهۆی ئاپێکی تایبەتەوە زانیارییەکان وەردەگرێت. ئامێرەکە بۆ ئەوانەی چاودێریی نەخۆشیش دەکەن زۆر سوودی هەیە و دەزانن تەندروستیی نەخۆشەکەیان چۆنە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت جیاوازی نێوان chatgpt3.5 و هەروەها chat-gpt.4 لە چیدایە؟**

خوێنەری بەڕێز هەردوو ڤێرژنەکە سەر بە کۆمپانیای openAiنە و یەکەم ژیریی دەستکردبوون لە بواری بەرهەمهێنانی دەق و واتاوە، وەك نووسینی وتار و وەڵامدانەوەی پرسیار و هاوکاریکردن لە توێژینەوە و نووسینی چیرۆك و شیعر و..تاد. chat-gpt.3.5 ڤێرژنێکی خۆڕاییە و هەتا ساڵی ٢٠٢١ زانیاری تێدایە، بەڵام هی chatgpt4 لەوە زۆر زیاترە و دەوڵەمەندترە. ڤێرژنی ٣,٥ توانای نووسینی هەشت هەزار وشەی هەیە واتە ٥ لاپەڕە، ڤێرژنی ٤ توانای نووسینی ٦٤ هەزار وشە واتە ٥٠ لاپەڕە. ڤێرژنی ٤ توانای شیکردنەوەی وێنەیەك، دەرهێنانی دەق لە ناو وێنەیدا هەیە. وەڵامەکانیشی زۆر بێ هەڵەترن و لۆژیکیترن..

# پرۆگرامێک بۆ دابەزاندنی نەخشەی جوگرافیایی

نەخشەی جوگرافیایی چ بۆ وەرگرتنی زانیاری بێ و چ بۆ ئاگاداربوون لە شوێنی جوگرافیاکە بێت گرنگی خۆی هەیە. پرۆگرامەکانی وەك گوگڵ ماپ و سایجیك و هاوشێوەکانی گرنگی زۆریان هەیە بەتایبەت لەکاتی ئۆنلاین بووندا.

پرۆگرامی Universal Maps Downloader پرۆگرامێکە بۆ دابەزاندنی نەخشەی جوگرافیایی لە ماڵپەڕەکانی وەکو: OpenStreetMap، Bing Maps، Google Maps. پرۆگرامەکە وا دەکات لەکاتی نەبوونی ئینتەرنێتیش بتواندرێ بە باشی سوود لەو ماڵپەڕانە وەربگیردرێ. بەکارهێنەر دەتوانێت ناوچەیەکی دیاریکراو لە نەخشەکە دەستنیشان بکات و پاشان ئەو بەشە دابەزێنێت. هەروەها دەتوانێت وێنەی تایبەت بەو ناوچەیە دابەزێنێت. بە زۆری ئەو کەسانەی کە شارەزای بواری جوگرافیان و یا لەوبارەوە توێژینەوە دەکەن دەتوانن سوودێکی باش لە پرۆگرامەکە وەربگرن.





# درۆنێک بۆ هەموو ئەرکێک

سەردەمی درۆنەکانە، هەرچەندە بە بیستنی وشەی درۆن بۆ ئێمەی کورد، بیر لە کوشتن و تەقاندنەوە و بۆردمان دەکەینەوە! بەڵام درۆن ئامێرێکی زۆر بە سوودە بۆ بوارەکانی دیکە بەتایبەت بواری فیلم هەڵگرتنەوە و سینەما و جوگرافیا ناسی و بەدەستهێنانی زانیاری و..تاد. درۆنی EVO MAX 4T تەکنەلۆژیای نوێیدا بەکار هاتووە، فڕینی سێ ڕەهەندی هەیە و لە مەترسییە سروشتییەکان وەك بای بەهێز و کەش ناهەموار خۆی دەپارێزێت. بۆ لوتکەی بەرزی چیاکان دەفڕێت و تەنانەت بۆ ئەو شوێنانەی مرۆڤ ناتوانێ بۆیان بچێت. بە تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاو تێکناچێت.

کامێرایەکی لەسەرە بە کوالیتی 8K فیلم هەڵدەگرێتەوە. بۆ چاوەدێری، پاراستنی ئاسایشی گشتی، هەڵگرتنەوەی نەخشە، کاری سینەمایی زۆر بە سوودە. هەر لە دوورەوە و خۆکار کەسە جووڵاوەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە دەناسێت و دەتوانی دوایان بکەوێت، بۆ دۆزینەوەی گومانلێکراوان گرنگی تایبەتی هەیە. مەودای کارکردنی ٤٢ خولەکە، هەتا ٢٣٠٠٠ پێ بەرز دەبێتەوە، مەودای بەڕێکردنی وێنە ١٢ مایلە. لەگەڵ چەندین درۆنی هاوشێوەی خۆی لە ئاسماندا تۆڕێکی هاوبەش پێکدێنن و زانیارییەکان بۆ یەك دەگوازنەوە. دیارە ئەگەر لە تۆڕێکدا بن، مەودایەکی یەکجار بەربەرینی جوگرافی دەخەنە ژێر چاوەدێری. بە خێرایی ٢٠ میگابایت لە چرکەیەکدا فیلم و وێنەکان بۆ مۆبایل یا کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.



## ماڵپەڕێکی گرنگ بەتایبەت بۆ خانمان

جار هەیە بەبێ ئەوەی کەسێك بیەوێ وێنەیەکی بڵاو ببێتەوە، بەتایبەتی خانمان لەلایەن چەند کەسێکی نەفس نزمەوە وێنەکانی بڵاودەکرێنەوە، جاریش هەیە دەستکاریش دەکرێن. لە کاتێکی وادا ئەگەر کەسێك وێنەی بڵاوکرایەوە، بەتایبەتی وێنەی نەشیاو! پێویستە سەردانی ماڵپەڕی https://stopncii.org/ بکات و سکاڵانامەی خۆی بنووسێت، لە ماوەی ٧٢ کاتژمێردا واتە سێ ڕۆژدا ماڵپەڕەکە بە پاڵپشتیی ژیریی دەستکرد هەرچی وێنەی ئەو کەسە هەیە بەتایبەتی ئەو وێنەیەی دەستنیشانی کردووە لە گشت ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەسڕێتەوە. نەتەنیا وێنە بەڵکو ڤیدیۆکانیش دەسڕێتەوە.



# تەنکترین شاشە تا ئێستا بەرهەم هاتبێ

لە جیهانی تەکنەلۆژیادا ڕێژەی پێوانەیی هەتا سەر نییە و جار هەیە مەوداکەی لە مانگێك تێپەڕ ناکات، کاتێك دەڵێی تەنکترین شاشە لە جیهاندا! ڕەنگە دوای ماوەیەکی کەم شاشەیەکی لەویش تەنکتر بەرهەم بێت. ئێستا تەنکترین مۆنیتۆر جۆری espresso displayیە کە ڕووبەرەکەی ١٥ ئینجە و بارستایی و تەنکیەکەی نیو سانتە، واتە پێنج ملیم.

شاشەی ناوبراو بۆ ویندوز، ماك و تەنانەت بۆ مۆبایلیش دەبێت. هەڵگرتنی بۆ گەشت و سەفەر زۆر ئاسانە. شاشەکە لەمسیە و قەڵەمێکی لەمسی لەگەڵدایە بۆ ئەوەی کارو ئەرکەکانی پێ ڕاپەڕێنی. شاشەکە لەکاتی کارکردندا ڕاستەوخۆ وزە لە کارەبا وەردەگرێ و ئەوەش وا دەکات لاپتۆپەکە شەحنی دانەبەزێت. کوالیتی نیشاندانەکەی بە هێزە و دەکرێت هەم وەك شاشەیەکی گرافیکی و هەم شاشەیەکی گەیم سەیر بکرێت، کارتی گرافیکی لەپاڵ خۆیدایە و ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بۆ هەموو جۆرە لاپتۆپێك دەگونجێت.





## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا سێ کەس هەن، پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بە دەست هێناوە، ئەوەی پلەی سێیەم هێندە گەشبینە، هەڵساوە لە خوارەوە نووسیوویەتی ١+٢ ئینجا دەکاتە ٣ واتە ئاستی یەك و دوو بە هەردووکیان ئینجا دەگاتە ئاستی سێیەم کە خۆمم.

## پاتری ٥٠ ساڵ

کۆمپانیایەکی چینی پاترییەکی نوێی نمایش کرد کە بە وتەی خۆی، توانای بەرهەمهێنانی کارەبای هەیە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ، بەبێ ئەوەی پێویستی بە گۆڕین و بارگاویکردنەوە هەبێت، کۆمپانیای بیتاڤۆڵتی تەکنەلۆجی کە بنکەکەی لە پەکینە، ڕایگەیاندووە کە پاتریی ئەتۆمییەکەی یەکەم پاترییە لە جیهاندا و ٦٣ ئایزۆتۆپی ئەتۆمی دەخاتە ناو یەکەیەکی بچووکتر لە دراوێکەوە، کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەش کردووە، پاتریی نەوەی داهاتوو چووەتە قۆناغی تاقیکردنەوەی بێتا و، لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ بەکارهێنانە بازرگانییەکانی وەك مۆبایل و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەرهەم دەهێنرێت.



## دیمەنە سەیرەکان

**کێبڵی زانیاری**

ئەو شتەی ئەم پیاوە هەڵیگرتووە سۆندەی ئاگرکوژێنەوە نییە، یان کێبڵی کارەبایی نییە، بەڵکو کێبڵێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری لە نێوان ئامێرەکاندا، کە لە ساڵی ١٩٦٠ بەکار هێنراوە، هەمان ئەو کارەیە کە کێبڵی (مایکرۆ یو ئێس بی) ئەمڕۆ بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر ئەنجامی دەدات.

## یاسا



**ئـایا داوای دوای کاتی سکاڵا (تقادم) چیە ؟**

تقادم بریتییە لە تێپەڕبوونی کات بەسەر ڕوودانی تاوانێکدا و لە دوای ئەوە، کەسی زەرەرمەند ناتوانێت داوا تۆمار بکات لە بەردەم دادگا، پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان دوو جۆر داوادا، لە داوای مەدەنیدا ماددەی تقادم هەیە کە بۆ هەر جۆرە داوایەك کاتێکی دیاری کراو دانراوە، جیاوازی دەکەین لە نێوان دوو جۆر کەسدا کە (کبار و حدث) واتە گەورە و نەوجەوان، بۆ کەسی گەورە کە ١٨ ساڵی تەواو کردبێت لە ڕووی یاساییەوە، ئێمە مودەی تقادمان نییە و کەسی زەرەرمەند هەر کات بیەوێت دەتوانێ داوا بەرز بکاتەوە، جگە لەو تاوانانەی مافی تایبەتن کە ماوەی سکاڵاکردن سێ مانگە، بەڵام بۆ کەسی نەوجەوان مودەی تقادمان هەیە کە (٥ ساڵە) بۆ تاوانێك لە جۆری جنح بێت و ماوەی (١٠ساڵ) بۆ تاوانێك لە جۆری جنائی بێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە لایەنی پیشەییەوە هەوڵ مەدە چەند کارێك پێکەوە بکەیت تەنیا بۆئەوەی سەرنجی کەسانی چواردەورت ڕابکێشت، هەموان دەزانن تۆ لە کارەکانتدا جدديت، هەربۆیە ئەو فشارە زۆرە مەخەرە سەر شانت، لە لایەنی سۆزدارییەوە دوور بکەوەرەوە لەوەی بەڵێنی ناڕاست بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەو پرۆژانەت لەبیرمەکە کە ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر دەکەیت، هەروەها پەلە مەکە لەوەی بەزوویی بیانگەیەنیتە ئەنجام، کاتەکانت ڕێك بخە و بە باشی بیر بکەرەوە و کات بە خێزانەکەت ببەخشە، با ئەویش ویست و لێهاتویی خۆی دەر بخات.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە کاتە زیادەکانتدا خۆت بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ بکە، هەمیشە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری نوێ بدە، پاڵپشتی کەسانی دیکە لەبیرمەکە، ڕەنگە هاوڕێیەکت ببینیت کە ماوەیەکی زۆر لێی دووریت و نەتبینیوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پێکەنین و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت فشاری دەروونیت لەسەر کەم دەکاتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە لە خۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە و کۆتایی بە ناکۆکییەکانتان دێت، هەوڵ بدە بە ئاراستەیەکی ئەرێنی لەو شتانە بڕوانیت کە لە ژیانتدا ڕوو دەدات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دەرفەتی زۆر باش دێتە بەردەمت و دەتوانیت ئەو پرۆژانە تەواو بکەیت کە ماوەیەکی زۆرە دەتەوێت بە ئەنجامیان بگەیەنیت، دوور بکەوەرەوە لەو کەسانەی زیان بە پیشەکەت دەگەیەنن، هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی خۆت تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکەیت لە لایەنی سۆزدارییەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە داهاتوویەکی گەشت دەبێت، وریای بڕیارەکانت بە و بە ژیرانە بیر بکەرەوە، لە ڕووی پیشەییەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو نەتتوانی ئەرکەکانت جێبەجێ بکەیت، ئێستا دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی بگەیت بەو شتانەی دەتەوێت.

بۆ زانیاریت

# کۆنترۆڵ کردنی زیرەکیی دەستکرد AI



پسپۆڕی سەلامەتیی زیرەکیی دەستکرد دکتۆر ڕۆمان یامپۆلسکی (Dr. RomanV.Yampolsk) باس لە کێشەیەکی گرنگی زیرەکیی دەستکرد دەکات کە ئەگەری هەیە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات. وە ئاماژە بە نەبوونی بەڵگەیەکی بەهێز دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر مەترسیی بەرەوپێشچوون، بەبێ دەستەبەری میکانیزمی سەلامەتی، یاپۆلسکی پێداچوونەوەیەکی گشتگیری لە ئەدەبیاتی زانستی Scientific literature زیرەکیی دەستکردا کردووە، جەخت لە ئاڵۆزی و نەزانراوەکان دەکاتەوە لە کردارەکانی زیرەکیی دەستکردا و، جەخت دەکاتەوە لەسەر سەختیی پێشبینیکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی سیستەمە زیرەکەکان.

فیلم

## بەرزبوونەوە - Lift




فیلمێکی کۆمێدی و ئەکشنە، باس لە دزێکی زیرەك دەکات، کە لە لایەن کچە خۆشەویستەکەیەوە فریو دەدرێت، لە هەمان کاتیشدا FBI دەیەوێ ئەرکێکی قورسی پێ بسپێرێت لە گەشتێك بە فڕۆکە لە شاری لەندەن بۆ شاری زوریخ لە وڵاتی سویسرا، فیلمەکە لە دەرهێنانی ئێف گاری گرای، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٤) خولەکە، بودجەکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلارە، لە نووسینی بێرنهارد جاسپەر، لە نواندنی: کیڤن هارت، ئۆرسولا کۆربێرۆ، گوگو مباتا، کیم یون، سام وۆرینگتۆن، بیلی ماگنووسین.



## پەند و وتە

مارگرێت هیلدا تاتچەر، برۆنسیس تاتچەر، ناوداری بەریتانی و سیاسەتوان، لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری گرانتام لە بەریتانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سیاسەت و کردار دەڵێ: «لە سیاسەتدا، کاتێك پێویستت بە قسە و گوتەیە، لە پیاوان بپرسە، هەروەها کاتێك پێویستت بە کردارە ئەو کاتە پەنا بەرە بەر ئافرەتان».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا سەری ئافرەتێك لە ناو مێزێکدا دیارە، جەستەی ونە، هەوڵ بدە بزانە فێڵکاریی ونکردنی جەستەی ئافرەتەکە و دەرکەوتنی سەری بزانیت کە چۆن کراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

توانایەکی زۆرباشت هەیە بۆ ئەوەی پلانەکانت دابنێیت و پرۆژەکانت سەربگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەستانێکی زۆرت لەسەرە و هەست بە نائارامی دەکەیت، نیگەران مەبە، ئەم دۆخەی ئێستا سەخت نییە، دەتوانیت بە زوویی هەمو شتێك بە ئاراستەیەکی ئەرێنی بگۆڕیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گوێ بە وشە نەرێنییەکانی کەسانی دیکە مەدە و خۆت سەرقاڵ مەکە بە کاری کەسانی دیکەوە، سەرنجت لەسەر ئەرکەکانی خۆت بێت، هەستەکانت کۆنترۆڵ بکە، کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی دەمەقاڵێ لەگەڵ خێزانەکەت بکەیت و ناکۆکییەکان قووڵ بکەیتەوە، لە ئەزموونی کەسانی دیکەوە سوود وەربگرە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

سەردانی شوێنێك دەکەیت کە دەمێکە ئارەزووی ئەوە دەکەیت ببیبنیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەندێك گرفت ڕوو دەدات، ئامۆژگاری دەکرێیت خۆڕاگر بیت و پارێزگاری لە ئارامیت بکەیت، کار لەسەر پرۆژە گرنگەکان بکە پێش ئەوەی کاتەکەی درەنگ بێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ژیانی سۆزدارییت مەخەرە مەترسییەوە بۆ چەند بڕیارێك لە شوێنی کارەکەت، باشترە بە ژیرانە بیر بکەیتەوە، پێویستە لە ئێستادا لەگەڵ خێزانەکەت بمێنیتەوە و پاڵپشتییان بکەیت، لە لایەنی تەندروستییەوە هەست بە بەهێزی دەکەیت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ئێستادا دەرفەتی ڕگرتنتی پشوو نییە، بەهۆی ئەوەی فشارێکی زۆرت لەسەرە لەلایەنی پیشەییەوە، لە ژیانی تایبەتیتدا لە کەسێکی نزیکت تووڕە و نیگەرانیت، لەبری ئەوەی وشەکان لە دڵی خۆتدا بهێڵیتەوە هەوڵبدە لەگەڵی بدوێ و ڕاشکاو بە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

متمانەت بە خۆت و تواناکانت هەبێت، ڕێگە مەدە کەسانی دیکە بترۆخێنن و هەوڵەکانیان بۆ شکستهێنانی تۆ سەربگرێت، کۆمەڵێك لە هاوڕێکانت سەردانت دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، تەندروستیت جێگیرە لە ئێستادا.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
February 26, 2024 Issue,No.1403




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / رێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری